# کەشکۆڵە شیعرێکی کوردیی "گۆرانی"

کۆکردنەوەی

## شێخ عەبدولموئمینی مەردۆخی

(١٧٣٩ ــ ١٧٩٧)

ساغکردنەوە و سەرەتاو پەراوێزنووسینی

**ئەنوەری سوڵتانی**

چاپی سێهەم، ٢٠١٧

شێخ عەبدولموئمین مەردۆخی (کۆکردنەوە)
"کەشکۆڵە شیعرێکی کوردیی گۆرانی"
ساغکردنەوەو سەرەتاو پەراوێزنووسینی ئەنوەری سوڵتانی
چاپی یەکەم، ١٩٩٨، تڕەستی سۆن بۆ کوردستان، لەندەن
چاپی دووهەم، ٢٠١٠، بنکەی ژین، سلێمانی
چاپی سێهەم، ٢٠١٧، ماڵپەڕی ڕۆژهەڵات- بۆکان، ئاڵمانیا

وا، ئاوڕی نویژیکی پیرۆزم دایەوە

نویژی، کە بانگی لە منارەی سەوزی منداڵیمدا دراوە و

ئیستە، دوای پەنجا ساڵ،

لە میحرابی ئیقامەیدا دەوەستم.

یەکەم شیعری "هەورامی"

دایکم ـــ ئامینەی محەمەدیان

فێری کردم:

"قەتارێ ئاما، گەوهەر بارشەن

خورشید خاوەر، سەرقەتارشەن"

منیش، بەرهەمی دە ساڵ ڕەنجم

لە نوێژگەی خۆشەویستیدا

پێشکەش بە ڕووگەی ڕازاوەی

مامۆستاکەم دەکەم،

قەبووڵ بێت!

ئەنوەر

له چاپکردنی ئەم کەشکۆڵەدا، ئەرکی من ساغکردنەوەی شیعرەکان، ڕوونکردنەوەی هەندێ لایەنی زمانەوانی و پێکهێنانی ژیننامەی شاعیرەکان بووە، نەک لێکدانەوەی شیعر و وەرگێڕانیان بۆ سەر شێوە زمانی کرمانجی خواروو ـــ واتە سووک کردنی باری سەرشانی خوێنەر!

من بە توندیی دژ بەو بۆچوونە دەوەستم کە شیعری کرمانجی ژووروو یا هەورامی وەربگەڕێتە سەر شێوە زاری کرمانجی خواروو. بۆ چوونێکی وەها، یەکپارچەیی گەل و یەکێتی زمانی نەتەوایەتییمان دەخاتە پرسیاری جیددییەوە. با ڕووناکبیری بەرپرسی کورد خۆی لەگەڵ زاراوەکانی زمانی کوردیدا ڕابێنآ ء بیرۆکەی (زمانی یەکگرتووی کوردی)، مەفهوومێکی بەرتەسکی ناوچەگەرانە وەرنەگرێت.

## سپاسنامە

کاری ئامادەکردنی ئەم کتێبە، ماوەیەکی زۆری خایاند، لەو ماوەیەدا، یارمەتیم لە گەلێک مامۆستاو شارەزاو دۆست و برادەر وەرگرت. بە ئەرکی سەر شانی دەزانم سپاسی هەموو ئەو زاتانە بکەم وا بە ناردنی کتێب ، وتار، ناساندنی سەرچاوە، ڕێنموونی، ساغکردنەوە و تایپ و چاپ، ئەرکیان لە کارەکەی من کەمتر نەبوو.

مامۆستا محەمەدی مەلا عەبدولکەریم، بۆ ڕێنموونی و ناردنی نوسخەی (ع)و نووسینی پێشەکی، کاک محەمەد عەلی سوڵتانی، بۆ ناردنی نوسخەی (س)، د. ئەمیری حەسەن پوور، بۆ نووسینی سەرەتا، مامۆستا کەماڵ مەحموود فەرەج و کاک ئەسعەدی سراج الدینی و کاک جاسم هەورامی بۆ پێدا چوونەوەی سەرەتاو دەقی شیعرەکان، کاکم ــ عومەری سوڵتانی (وەفا) بۆ گەلێک یارمەتیی ئەدەبی، کاک ڕەسووڵی قادری بۆ گەلێک یارمەتی ئەدەبی، خێزانم ــ نەسرین برنا، بۆ یارمەتی زۆر و ساغکردنەوەی دەقەکان، خاتوو شێری لەیزەرو ئەندامانی بەڕێوەبەرایەتی "ترەستی سۆن بۆ کوردستان" بۆ ئامادە کردنی بەشی ئینگلیزی و چاپی کتێبەکە، د. م. عیسا وەلی و بەشی تورک و ئێرانی لە کتێبخانەی بریتانیا، بۆ نووسینی سەرەتاو ئیجازەی چاپی دەستنووسەکە وچاوپۆشیکردنیان لە مافی کۆپی ڕایتس، کتێبخانەی "بودلیان" (ئۆکسفۆرد) بۆ ئیجازەی چاپی وێنە ڕەنگییەکانی شەرەفنامە، کتێبخانەی ئەنجومەنی ئاسیایی پادشایی، چاپەمەنی زانستگەی ئۆکسفۆردو گۆڤاری مەدرەسەی توێژینەوەی ڕۆژهەڵاتی و ئەفریقیەکانی زانستگەی لەندەن بۆ ئیجازەی چاپی پاشکۆی ١و ٢ و ٣، دوکتور د. ن. مەکەنزی بۆ ئیجازەی میهرەبانانەی لەمەڕ چاپی وتارەکەی خۆی (پاشکۆی سێیەم)، د. نەبەزو کاک توانا کەمال مەحموود، خوالێخۆشبوو خاتوو سوبحیە نادرو کاک مستەفا کەریم بۆ تایپی کتێبەکە، کاک سالار فەخری، کاک سامان جاف، خاتوو میراندا واتسۆن، کاک مەجید حەقی و کاک عەتا موفتی بۆ دیزاینی کتێبەکە، مەڵبەندی ڕۆشنبیریی کوردو بنکەی ڕاگەیاندنی کوردی لە لەندەن بۆ "سکەن"ی لاپەڕەکان و گەلێک یارمەتی دیکە.

بەڕێزان:مامۆستا محەمەد عەلی قەرەداغی، مامۆستا محەمەد ڕەسول هاوار، مامۆستا عوسمان هەورامی، هونەرمەند ناسری قازی زادە، کاک هەژار، کاک حەسەنی قازی، خوالێخۆشبوو د. عابد سراج الدینی، کاک ئەنوەر قادر محەمەد، کاک فەرهاد پیربال، کاک محەمەد حەمەباقی، کاک حەکیم مەلا ساڵح، کاک سەربەست کەرکووکی، کاک ئەحمەدی شەریفی، کاک ئەحمەد نەژاد، کاک ستار هەڵەبجەیی، کاک ئەمیری شاهسواری بۆ ناردنی کتێب و وتار، ناساندنی سەرچاوەو گەلێک یارمەتی تر، سەرنووسەرانی بەڕێزی گۆڤارو ڕۆژنامە کوردییەکان: مامۆستای کورد، گزینگ، یەکگرتن، پەیڤ، پەیام، مەڵبەند، هەنگاوو ژینی نوێ، بۆ چاپی ڕاگەیاندن و هەواڵ لەسەر کەشکۆڵەکە، هەروەها گەلێک ڕۆحی گەورەی تر، کە بەداخەوە ناویانم لەبیر نەماوە.

هەموو ئەرکێکی ئامادەکاری و بڵاوکردنەوەی چاپی سێهەمیش لە ئەستۆی برای بەڕێزم کاک نادر فەتحی- سەرنووسەری ماڵپەڕی ڕۆژهەڵات- بۆکان بووە. سپاسی زۆری دڵسۆزییەکەی دەکەم.

هەموولایەک لە خزمەتکردنی ئەدەبی کوردیدا سەرکەوتوو بن.

ئەنوەری سوڵتانی

**ڕوونکردنەوەیەک سەبارەت بەم چاپەی بەردەست**

ئەم دەقەی ئێستا، دوای چاپی یەکەم و دووهەمی کتێبەکە ئامادە کراوە کە ترەستی سۆن بۆ کوردستان و پاشانیش بنکەی ژین لە ساڵانی ١٩٩٨ و ٢٠١٠ دا لە لەندەن و سلێمانی بڵاویان کردەوە. زیادکراوەکانی بنکەی ژین و ڕێزدار محەممەد ڕەشید ئەمینی پاوەیی لەم چاپەی ئێستادا بە تەواوەتی پارێزراون و دەستیان لێ نەدراوە. لە عەینی کاتدا ئەو ناتەواوییانەی چاپەکە، بۆ نموونە، لابردنی شەش لاپەڕە پەراوێزەکانی سەرەتا، هەروەها گۆڕینی خاڵبەندییەکانی چاپی یەکەم، لێرەدا ساغ کراونەتەوە و سەرلەنوێ دراونەتەوە دەم دەقەکە.

# پێرست

پیشەکی: مامۆستا محەمەدی مەلا کەریم
سەرەتا:  ئەنوەر سوڵتانی
- هەندی پیناس بۆ شیعرەکان
- بیسارانی یا مەحزوونی؟
- شاعیران، ژیان و بەرهەمیان
١. ئاغە کۆر
٢. شیخ ئەحمەدی تەختی
٣. میرزا ئیبراهیم
٤. ئەلیاس بەگ
٥. ئوەیس بەگ
٦. پەشیو
٧. شیخ جەمالەددینی یەکەمی مەردۆخی
٨. مەلا حافق فەرهاد
٩. شیخ حەسەنی دەرەهەردی
١٠. خانای قوبادی
١١. لالۆ خوسرەو
١٢. دەدردین
١٣. ڕەزا بەگ
١٤. مەولانا زەینەلعابدین

١٥. شاكه

١٦. شيخ شەمسەددين دەرەهەردى

١٧. مەلا تاهير ئەورامى (ئەورامانى)

١٨. عەبدى

١٩. عومەر نەججاڕى

٢٠. سۆفى عەلى كێونانى

٢١. شيخ عەبدولموئمينى دووەمى مەردۆخى

٢٢ (حاجى عەلى محەمەد بەگى تيلەكۆ

٢٣. مەولانا فەڕڕوخ پاڵنگانى

٢٤ (مەلا فەزڵوڵا

٢٥. مەولانا قاسم

٢٦ و ٢٧. نەناسراو (لااعلم )

٢٨. شيخ لوتفوڵلا

٢٩. مەحزوونى "بيسارانى"

٣٠. محەمەدئەمين بەگى ئەورامى

٣١. محەمەد قولى سولەيمان

٣٢. شيخ مستەفاى تەختى

٣٣. ئوستاد ميكائيل

٣٤. نازر بستى

٣٥ و ٣٦. ياسكە و يۆسف ياسكە

٣٧. مەلا يۆسف، براى مەلا حەبيبى گلان

٣٨. مەلا یۆسف ڕۆیسە/ دۆیسە

٣٩. شیخ یەعقووب جان

دەقی شیعرەکان

دەقی شیعرەکان بە ڕینووسی نویی کوردی

وینەی  ئۆریجینالّی لاپەڕەکانی دەستنووسەکە

سێ پاشکۆ:

- "کەشکۆڵیکی بچووکی شیعری گۆرانی"،  ئی. بی. سۆن

- بەشیك لە وتاری  "گۆران ": ڤ . مینۆرسکی

- "هەندی شیعری لیریکی گۆرانی"،  د. ن. مەکەنزی

بەشی ئینگلیزی:

پێشەکی

تقریظ، کتێبخانەی بریتانیا

سەرەتا، دوکتۆر ئەمیر حەسەنپوور

## لەپێناوی ساغکردنەوە و تێگەیشتنی

## شیعری کوردی بە دیالێکتی "گۆرانی"دا

محەمەدی مەلا کەریم

بایەخی دیالێکتی گۆرانی لە زمانی کوردیدا، لە ئاستی بایەخی هیچ دیالێکتیکی تری ئەم زمانەدا نییەو لە هیی گشتیان زیاترە. ڕاستە هەر کام لە دیالێکتە سەرەکییەکانی زمانی کوردی ڕوویەکی هەیە بایەخێکی تایبەتیی ئەداتێ، بەڵام کە بەراوردی ئەم ڕووانەو ئەم بایەخانە ئەکەین بۆمان دەرئەکەوێ هیی دیالێکتی گۆرانی لە هیی ئەوانیتر گەلێ زیاترە. ئەوەندە هەیە، بەداخەوە، لە ئەنجامی ئەو بارودۆخەی تێکڕای نەتەوەی کوردی تیا ئەژی و ئەو وەزعەی بۆ هەرکام لە دیالێکتەکانی زمانەکەی هەڵکەوتووە، دیالێکتی گۆرانی لە هەر کام لەم دیالێکتانە کەمتر بایەخی دراوتێ، بەڵکوو ئەشتوانین بڵێین هەر هیچ نەبێ لەناو خۆمانا هیچێکی وای بۆ نەکراوە، با وجووی ئەوەی چەند سەدە زمانی ئەدەبیی دیوانیی میرنشینیی ئەردەڵان بووە، وەک زمانێکی ئەدەبی، بەشێکی زۆری کوردستانی گرتووەتەوە. با، لەپێشا، بەراوردێکی بایەخی دیالێکتە سەرەکییەکانی زمانەکەمان بکەین، بزانین هیی هەر کام لە چ ڕوویەکەوەیە:

دیالێکتی گۆرانی

- دیالێکتی گۆرانی هاوسنوورییەکی بەربڵاوی لەگەڵ ناوچەی گەلێ لە دیالێکتەکانی زمانە ئێرانی یەکان هەیە کە ئەمەیش بۆ ساغکردنەوەی ڕەگ وڕیشەی ئەم دیالێکتەو پێوەندی لەگەڵ ئەو دیالێکتانەی تر زۆر پڕ بایەخە.

- کۆنترین شیعری کوردی کە بۆ پتر لە هەزارو دووسەد ساڵ ئەگەڕێتەوە، بە دیالێکتی گۆرانییە (شیعری باڵووڵی ماهی).

- دەوڵەمەندترین ئەدەبی لە ناو تێکڕای دیالێکتە کوردییەکاندا هەیە (شیعری یارسان= ئەهلی حەق و شاعیرانی تری ئەم چوار ــ پێنج سەدەیەی دوایی).

- بەرهەمی ئایینێکی لە هیی هەر گەلێکی تری دراوسێ زیاتر هیی کورد ــ کە ئاینی یارسانە، بە دیالێکتی گۆرانییە (شیعرە ئایینی یەکانی یارسان).

دیالێکتی کرمانجیی سەروو:

- نوێژی کوردانی ئێزیدی کە بەشێکن لە کورد بە یەکێ لە وردە دیالێکتەکانی کرمانجیی سەرووە.

- کتێبی ئایینیی ئێزیدییان کە "جیلوە"و "مەسحەفی ڕەش"ن، بە یەکێ لە وردە دیالێکتەکانی کرمانجیی سەروون.

- کۆمەڵی بەرهەمی تری ئایینی ئێزیدی بە شیعر، بە وردە دیالێکتی ئەم دیالێکتە هەن.

- بەرهەمی شیعری کوردیی لەسەر ڕێ وڕەسمی شیعری عەرەبی، بەر لە هەر دیالێکتیکی کوردی، لە دیالێکتی کرمانجیی سەرووددا داهاتووە، وەک شیعری "فەقێ تەیران" و "مەلا جەزیری" و "ئەحمەدی خانی"و "مەلا باتەیی"و هیی گەلێکی تر.

دیالێکتی کرمانجیی خواروو:

- بەرهەمی شیعری بەم دیالێکتە لە چاو دیالێکتەکانی ترا نوێیە، بەڵام لە هەر کامێکی تریان زیاتر گەشەی کردووە و پێگەیشتووە.

- بە هۆی ئەو بارووودۆخە سیاسییەوە کە بۆ ناوچەی بە کرمانجیی خواروو ــ دووی کوردستان هەڵکەوتووە، ئەم دیالێکتە لە هەر دیالێکتیکی تری کوردی زیاتر پەرەی سەندووە و گەشەی کردووە و خزمەتی کراوە و کتێب و گۆڤار و ڕۆژنامەی پێ بڵاو کراوەتەوە و لێی کۆڵراوەتەوە و گراماتیکا و فەرهەنگی بۆ نووسراوە.

دیالێکتی لوڕی:

-هاوسنووری گەلێ لە دیالێکتەکانی زمانە ئێرانی یەکانە.

- لەو ڕۆژەوە شیعەیەتی بووە بە مەزەبی بەشی زۆری خەڵکی ئێران، بە هۆی نزیکبوونەوەی ئایینیی کوردە لوڕەکانەوە لە فارسەکان، هەستی کوردایەتییان زۆر کەم بووەتەوە و ئیتر نە تێکڕا خۆیان بە کورد زانیوە و نە بەشی زۆری ئەوانیش وا لێیان کۆڵیونەتەوە وەک کورد مامەڵەیان لەگەڵ کردوون. بۆیە تا ئەم ساڵانەی دوایی پاڵ پێوەنەرێکیان بۆ بایەخدان بە دیالێکتەکەیان و ژیاندنەوەی بەرهەمی شیعری نووسراو و سەرزارەکییان نەبوە.

*   *   *

من تەنها وەک خوێندەوارێکی کوردی ناپسپۆڕ، کە نیمچە شارەزاییەکم لە مەسەلەکە هەیە بە هەڵسەنگاندنێکی سەر پێی کە بۆ کورتە وتارێکی وەک ئەم وتارە دەس بداو لە کەسێکی وەک من بووەشێتەوە کە بایەخی پتری دیالێکتی گۆرانیم لەچاو دیالێکتەکانی تری زمانی کوردی، بە بۆچوونی خۆم، لە چەند خاڵێکا، دەربڕیو ئێستا دێمە سەر بابەتی نووسینەکەم کە پیشاندانی چەند پێشنیایەکە بۆ ڕەخساندنی شارەزابوونێکی باشی خوێندەواری کورد لە دیالێکتی گۆرانی و ساغکردنەوەو لێکدانەوەی شیعری گۆرانی و ڕزگارکردنی ئەم کەلەپوورە زۆرو زەبەند و بەرفراوان و بەتام و چێژە، لە مانەوەی بێ سوود لێ وەرگیران لە دووتوێی بەیاز و کەشکۆڵە کۆن و لەسەر پارچە قاقەزی ڕزیوو پەڕپووت و زەرد هەڵگەڕاو لە ناو کتێبی ئەم وئەو و لە ژێر باری تۆز و خۆڵی کەڵەکەکردووی گەردوون و لەژێر پێی مشک و مۆرانەدا، پاش ئەوەی بە درێژایی سەدەها ساڵ چەندی لێ فەوتاوە وەک بە ناوی ئەو شاعیرانەو ئەو بەرهەمانەدا بۆمان دەرئەکەوێ کە نە پاشماوەی شاعیرەکان دیارە و نە لە هیچ کوێیەکەوە سۆراخێکی ئەو بەرهەمانە مان بۆ ئەکرێ. لەم ڕۆژەدا کە هەموو گەلێ چیی لە توانا بێ بۆ زیندوو کردنەوەی بچووکترین نیشانەیەکی شارستانیەتی خۆی ئەیکا، ئێمەیش شوورەیی یە بۆمان چیمان لێ بووەشێتەوە بۆ ژیاندنەوەی پاشماوەی پشتگوێ خراوی ئەدەبمان، نەیکەین، تا دەوری خۆی لە زاخاو دانەوەی دڵ و مێشکی خوێندەوارانی کوردا ببینێ و بێتە مەیدانی خۆنواندنەوە و چەند تائێستا توانی شانازیکردنمان بە کەسانێکی وەک بێسارانی و خانای قوبادی و مەولەویی تاوەگۆزییەوە، بۆ ڕەخساوە، ئەوەندەیشمان بۆ شاعیرانی تری دیالێکتی گۆرانی و هەموو دیالێکتەکانی تری زمانە ئازیزەکەمان بۆ بڕەخسێ.

من کە ئێستا ئەم چەند لاپەڕەیە لەسەر پێشنیای دۆستی ئازیزم کاک ئەنوەری سوڵتانی ئەنووسم تا لەپاڵ بەرهەمی ڕەنجی چەند ساڵەیا بە ساغکردنەوەی کەشکۆڵێکی گۆرانییەوە لەگەڵ چەند پێشبەندو پاشبەندی تری کۆمەڵەی ڕۆشنبیری کوردا بڵاوی بکاتەوە، تا ئەم ساتەیش کارەکەی ئەوم بەرچاو نەکەوتووە. ڕاستە ئەو چابوکانەو چالاکانە فۆتۆیەکی ئەو کارەی خۆی بۆ ناردووم چاوێکی پیا بگێڕم و باری سەرنجی خۆمی، ئەگەر بووم، بۆ دەربڕم، بەڵام بە هۆی ئەو بارودۆخەوە کە ئەمڕۆ ئێمەی تیا ئەژین، هێشتا ئەو نێرراوەی ئەوم پێ نەگەیشتووە، لەوەیش دڵنیام کە هەر هیچ نەبێ تا ئەم چەند لاپەڕەی بۆ ئەنووسم و بۆ ئەنێرم دەرفەتی ئەوەم بۆ نالوێ ببینم و بزانم چیی کردووە و چۆنی کردووە. ئەوەندە هەیە لە ڕێگای ئەو ئاگادارییەوە کە چوار ــ پێنج ساڵە بە هۆی نامەو نامەکارییەوە لەنێوان من و کاک ئەنوەردا هەیە بە هۆی دوو ــ سێ وتارەوە کە لە دەوروبەری کارەکەیا لە گۆڤارە کوردییەکانی هەندەرانا بڵاو کراونەتەوەو لە سەفەری ساڵی ڕابوردووما

به هیوای تیمار بۆ ئەڵمانیا دەستم پیایانا ڕاگەیشت و خوێندمنەوە، ئەزانم لای کەمی لە ڕووی ساغکردنەوەی تێکست و بەراوردی نوسخەو ڕاست خوێندنەوەی وشەی شیعرەکانی کەشکۆڵەکە، لەگەڵ ئەوەیش کە خۆی خەڵکی ناوچەیەکی کوردەواری نییە بە دیالێکتی گۆرانی بدوێن، کارێکی فرە و فرەگەورەی کردووە. خۆ ئەگەر بە کەڵک وەرگرتن لەو هەموو کوردە ڕۆشنبیرانەیش بووە بە وڵاتانی ئورووپادا ئاوارەو پەرەوازە بوون، توانییێتی فەرهەنگێکی ڕەسا بۆ وشەکانی کەشکۆڵەکە ساز بکاو پوختەیەکی واتای شیعرەکان لێک بداتەوە، ئەوە کارێکی کردووە سەردەستەی هەر کارێ بێ لەم مەیدانەدا بکرێ، هەرچەند ئەزانم ئەوەی هەر بۆ نەکراوە کە بۆنەی وتنی زۆرتری پارچە شیعرەکان بدۆزێتەوە، چونکە ئەوە بەندە لەسەر وەدەسهێنانی نوسخەیەکی بڕواپێکراو ــ ئەگەر ببێ ــ کە ئەو بۆنانەی تیا نووسرابێ، ئەوەیش بۆ هیچ شاعیرێکی کۆن و نوێی کورد بە باشی هەڵنەکەوتووە.

*   *   *

من ڕای خۆمم لە بارەی دیالێکتی گۆرانییەوە بەم جۆرە دارشت کە بایەخی ئەم دیالێکتە لە زمانی کوردیدا لە ئاستی بایەخی هیچ دیالێکتێکی تری ئەم زمانەدا نییە و لە هیی گشتیان زیاترە. بەڵگەیشم بۆ ئەم ڕایەی خۆم، بە خەیاڵی خۆم هێنایەوە، جا ئەگەر خوێندەوارانی ئازیز و ئەوانەی خۆیان بە سەنگوسووک کردنی دیالێکتەکانی زمانی کوردییەوە خەریک کردووە ئەم بۆچوونەم لێ بسەلمێنن، دیارە ئەوانیش، وەک من، بکەونە پەیجۆری ئەو چارە سەرانەی ئەبێ بۆ هەق دانەوە دەستی ئەم دیالێکتەو یارمەتیدانی، کە جێگای شایانی خۆی لە ناو دیالێکتەکانی زمانی کوردیدا بگرێ ــ جێبەجێ بکرێن.

ئێمەی کورد، ئەمڕۆ دوو ئەرکی کولتووریی گەورە لە پێش چاوی خۆمانا بەزەقی ئەبینین. ئەرکێکیان هەموو زمانی کوردی، بە هەمووديالێکتەکانیەوە، ئەگرێتەوەو، ئەرکێکیشیان تایبەتە بە دیالێکتی گۆرانییەوە. ئەو ئەرکەیان کە هەموو زمانی کوردی ئەگرێتەوە، ئەرکی ئامادە کردنی فەرهەنگێکی گەورەی کوردی ــ کوردییە کە چی لە وشە بەرکارو لە کارکەوتووەکانی گشت دیالێکتەکانی زمانی کوردی دەسگیر ببێ، هەمووی بگرێتەوە. ئەم وتارەی من بۆ دووان لەم مەبەستە نەنووسراوە. لە بەر ئەوە لێرەدا هەر ئەوەندە ئەڵێم، وەک یەک دوو جاری تریش، با بەناوی ڕاستەوخۆی خۆیشمەوە نەبووبێ، ڕوونم کردووەتەوە، هێنانەدیی ئەم ئەرکە، بەر لە هەرچی، پێویستی بە ئامادە کردنی کۆمەڵێ فەرهەنگی گەورەو مامناوەندی و بچووکی هەموو دیالێکت و وردە دیالێکتەکانی زمانی کوردییە

بەجیاجیا کە پاشان لە ئەنجامی بەراوردکردن و لێکدانی هەموویاندا فەرهەنگێکی گەورەی سەرانسەریی هەموو دیالێکتە کوردی یەکان ئامادە بکرێ.

ئەرکەکەی تریشیان ئەرکی ساغکردنەوەی کەلەپووری شیعری و ئایینیی بە دیالێکتی گۆرانی یە کە ئەدەبی ئایینیی یارسان، کە هەمووی هەر شیعرە، بەشێکی زۆری ئەو کەلەپوورە ئەگرێتەوە. هێنانەدیی ئەم ئەرکە، لە بەر ئەو پایەو پلە گەورەیەی ئەم کەلەپوورە لە چوارچێوەی دیالێکتی گۆرانیدا هەیەتی و لەبەر ئەو شوێنەی، وەک وتمان، دیالێکتی گۆرانی لە چوارچێوەی زمانی کوردیدا داگیری کردووە، مەنزڵێکی درێژخایەن بەرێگای جێ بە جێکردنی ئەرکی یەکەمەوە ئەبرێتەوە. بۆ هێنانەدیی ئەم ئەرکەی دووەم ئامادەکردنی فەرهەنگێکی گۆرانی- کرمانجیی خواروو یان گۆرانی- فارسی، کە لام وایە ئەمەیان بۆ ڕۆژی ئەمڕۆ ئاسانترو کەردەنیتر و سوودبەخشترە، پێویستییەکی ئەو تۆیە وا ئەزانم دواخستن هەڵناگرێ. ئامادەکردنی فەرهەنگێکی وا خزمەتێکی لەبەرچاوە بە زمانی کوردی چونکە دیالێکتی گۆرانی هەزاران وشەی کۆنی وای هەیە هێشتا لە تێکستە ئەدەبی و ئایینیەکانی یارسانا پارێزراون و وەک ئەو دیالێکتە کوردیانەی تر نییە کە پاشماوەیەکی ئەدەبیی زۆر کۆنیان نییە وشەی وایان بۆ تێدا هەڵگیرابن، لەلایەکی تریشەوە ڕاستەڕێی ڕەخساندنی توانی ساغکردنەوەی ئەو گشتە کەلەپوورە ئەدەبی- ئاینییەیە ڕێبازی یارسان بۆی بەجێ هێشتووین و هێشتا بەشی هەرەزۆری هەر بە دەس لێنەدراوی ماوەتەوە. بێگومان ئەرکی ئامادە کردنی فەرهەنگێکی وا ئەرکێ نییە بە کەسێک و دوان جێبەجێ بکرێ. ئەرکێکە تەرخان کردنی پارەیەکی مۆڵ و کادرێکی زۆر و کارامەی ئەوێ. بە حوکمی ئەوەیش کە ناوچەی گۆراننشین، بە هەموو لقەکانی دیالێکتی گۆرانییەوە، بەشی هەرە زۆری ئەکەوێتە کوردستانی ئێرانەوە، ئەبێ ئەم کارە لەوێوە دەست پێ بکا .

من ئاگادار نیم ئێستا لە هیچ لایەکی کوردستانی ئێرانا زانکۆیەک، یا هیچ نەبێ کۆلێژێکی ئەدەبییات هەیە یا نییە. ئەگەر نەبێ ئەوە بارەکە بارەها گرانتر ئەبێ و پێویست ئەکا هەموو ئەوانەی لەوێ بە تەنگ زمان و فەرهەنگ و کولتووری کوردەوەن دەس بخەنە ناو دەسی یەک و تێبکۆشن کۆلێژێکی ئەدەبییات لە شوێنێکی لەباری وەک کرماشان بکرێتەوە. جێ بە جێ کردنی ئەرکێکی وا زۆر گران و زەحمەت نایەتە پێش چاوم. جا ئەگەر کۆلێژێکی وا کرایەوە ئەبێ کورسی یەکیشی بۆ (لێکۆڵینەوەی دیالێکتی گۆرانی) تیا دامەزرێنرێ. ئەگەر شتێکی وا کرا، ئەرکێکی سەرەکیی سەرشانی ئەو کورسییە تەرخانکردنی کادری کارامە و پێویست ئەبێ بۆ ئامادەکردنی فەرهەنگی گۆرانی ـ کرمانجیی خواروو یا گۆرانی ـــ فارسی کە پێشتر لێی دوام و ئەبێ ئەو فەرهەنگە هەموو ئەو وردە

دیالێکتانە بگرێتەوە کە بەر گۆرانی و هەورامی و زەنگەنەیی و شەبەکی و تاڕادەیەک زازایی ئەکەون کە هەموویان لە بنەماڵەی دیالێکتی گۆرانین. نووسین و بڵاوکردنەوەی فەرهەنگێکی وا بەردی بنەمای ساغکردنەوەی هەموو ئەو کەلەپوورە کوردییەیە بە دیالێکتی گۆرانی -بە هەر کام لە وردە لقەکانیەوە- نووسراون. کە کورسیی ناوبراو بووو توانیی ئەو فەرهەنگەی وتمان ئامادە بکا، هەقی ئەوەمان ئەبێ دڵی خۆمان خۆش بکەین کە ئەتوانین لە مەیدانی لێکۆڵینەوەی دیالێکتی گۆرانیدا گەلێ کاری تریش بکەین. جا بۆ ئەوە من ئەم پێشنیامانەم ئەخەمە پێش چاو بە هیوای ئەوەی ڕۆژێ لە ڕۆژان کە کورسیی ناوبراو هاتەدیی، بیر لە جێبەجێکردنیان بکاتەوە:

١ - دانانی بەرنامەیەک بۆ کۆکردنەوە و وێنەگرتنەوەی کەشکۆڵ و بەیاز و پارچە دەستنووسی کوردیی کۆن و لەپێش هەمووەوە هیی دیالێکتی گۆرانی و ئایینی یارسان لای هەر کەس و لە هەر دەزگایەکی ئەکادێمی و ڕۆشنبیریی هەر وڵاتێکدا هەبێ. ئێستا کتێبخانە تایبەتەکانی دەسنووس لە ئێران و عیراق و تورکیا و شام و میسرو گەلێ وڵاتی تری ئیسلام و گەلێ لە شارانی ئەورووپا گەلێ دەسنووسی کۆنی شیعری کوردی یان تیایە کە تەنانەت زۆریشیان لە بەر ناشارەزاییی کادرەکانی ئەو شوێنانە، بە فارسی یا تورکی دراونەتە قەڵەم. هەروا هێشتا لە کوردستان خۆیا لە کتێبخانەکانی ئەم و ئەو و لەناو پاشماوەی هەندێ بنەماڵەی مەلا و ئاغا و خوێندەواران و تەنانەت لای کەسانی تریش ئەم جۆرە دەسنووسانە دەسگیر ئەبن. ئەگەر ئەو کۆلێژی ئەدەبیات و کورسیی لێکدانەوەی دیالێکتی گۆرانییەی پێشنیامان کردن دامەزرن، ئەوانیش و بەڵکوو بەشە کوردی یەکانی ئێستای کۆلێژی پەروەرشی زانکۆی بەغدا و ئادابی زانکۆی سەلاحەدینی هەولێر و زانکۆی سولەیمانی و دهۆکیش، ئەتوانن ــبە مەرجێ وەک کۆلێژی وڵاتانی خواپێداویان لێ بێ و وەک ئێستا هەر ناوی زل و دێی وێران نەبن- بەرنامە بۆ خۆیان دانێن بۆ کڕین و کۆکردنەوەی ئەو دەسنووسانەی لەوانە بێ بکڕرێن و بۆ وێنە لەڕوو گرتنەوەی ئەوەی بووە بە موڵکی دەوڵەتان و نافرۆشرێ .

٢ - هەر لایەنێ لەم لایەنانە دەسنووسێکی لەم بابەتەی دس کەوت، ئەبێ لایەنەکانی لە جۆری خۆی لێ ئاگادار کاو وێنەی بۆ لێ بگرێتەوە، بۆ ئەوەی وێنەی ئەم دەسنووسانە لە هەموو لایێ لە بەر دەستی لێکۆڵەرەوە و توێژەرەوەی کوردی ئەو وڵاتانا بێ و یەکتری لە هەر دەسکەوتێکی خۆیان لەم مەیدانەدا ئاگادار بکەن بۆ ئەوەی وردە وردە توانی ئەوە بڕەخسێ بکەوینە بڵاوکردنەوەی کەلەپووری هێشتا بڵاونەکراوەی شیعری کوردی.

٣ - گەڕان بە دوای ناسینەوەی شاعیرانی بە دیالێکتی گۆرانی ــ دوودا تا بتوانین شیعرەکانیان بە ڕاستی ساغ بکەینەوە. ئەمەیش لە ڕێگای ئەوەوە کە بە لێکۆڵینەوە و خستنە سەر شریتی دەنگی خەڵکی ڕەسەنی ناوچەی هەر کام لەو شاعیرانە، بزانین وشە چۆن گۆ ئەکەن، هەر چەند لەوانەیشە بە هۆی تێپەڕبوونی ساڵەهاوە لەسەردەمی ئەو شاعیرانەوە تا ئەمڕۆ هەندێ گۆڕان و لە چۆنیەتیی گۆکردنی هەندێ وشەدا لە ناو ئەو خەڵکانەدا پەیدا بووبێ، تا لە ئەنجامی ئەمەوە بتوانین شیعرەکانیان لەڕووی چۆنیەتیی گۆکردنی وشەکانیانەوە بەڕاستی بخوێنینەوە و بە شێوە نووسینی ئەمڕۆی کوردی بەڕاستیان بنووسینەوە. بۆ نموونە ئاخۆ لە حاڵی ئیزافەی وشەیەکدا (ی)ی ئیزافە لەدوایەوە دائەنێن یا تەنها ژێرەیەکی ژێر لێو (کسره مختلسه)ێک گۆ ئەکەن. لە دەسنووسەکانی تا سی چل ساڵی لەمەوپێشی شیعری دیالێکتی گۆرانی، بەڵکوو هیی هەموو شیعری کوردیدا، کە بە شێوە نووسینی فارسیی کۆن نووسراونەتەوە، لە کەم شوێنی حالی ئیزافەدا (ی)ی ئێزافە نووسراوە. جا ئاخۆ ئەم (ی)ی ئیزافەیە نەنووسراوە بەڵام گۆکراوە و ئەکرێ، یا وەک نەنووسراوە، گۆیش نەکراوەو ناکرێ. ئێمە ئێستا لە ڕێگای ورد بوونەوە لە سەنگی بەیتە شیعرەکانەوە کە شوێنی ئەم جۆرە (ی)یەیان تیایە و نەنووسراون، ئەتوانین هەندێ شوێنیان ساغ کەینەوە و دڵنیا ببین ئەم جۆرە (ی)یەیان تیا گۆ ناکرێ چونکە ئەگەر گۆ بکرێ بەیتەکە لەنگ ئەبێ. بەڵام حاڵی وایش زۆرە کە (ی) کە نەنووسراوە کەچی ئەگەر گۆیش بکرێ و بیشنووسرێ بەیتەکە لەنگ نابێ. بۆ حاڵی وا پێویستمان بە گەڕانەوە بۆ سەر وردە دیالێکتی خەڵکی ناوچەی ژیانی شاعیری خۆی هەیە تا بزانین لەو وردە دیالێکتەدا، ئەو (ی)یە گۆ ئەکرێ یا ناکرێ تا ئێمەیش ئێستا لە خوێندنەوەو نووسینەوەدا پێڕەوی لەوانە بکەین و شیعری شاعیرەکە بەوجۆرە بنووسینەوە و بخوێنینەوە کە ئەو خۆی وتوویەتی و خوێندویەتیەوە .

هەروەها لە هەندێ وردە دیالێکتی گۆرانیدا بۆ حاڵی ئیسبات ــ بۆ نموونە ــ ئەوترێ (کرو = کەروو) و بۆ حاڵی نەفی ئەوترێ (مکرو= مەکەروو). لە هەندێ دیالێکتی تریشدا بۆ حاڵی ئیسبات ئەوترێ "مکرو = مکەروو"و بۆ حاڵی نەفی ئەوترێ (مکرو = مەکەروو). وردە دیالێکتی تری وایش هەیە بۆ حاڵی ئیسبات تیا ئەوترێ (مکرو = مەکەروو)و بۆ حاڵی نەفی تیا ئەوترێ (نمکرو = نمەکەروو). جا ئەگەر لە پارچە شیعرێکا ئیسباتیش و نەفییش بۆ یەکێ لەم سێ جۆرە پێکەوە هەبوو، جوێکردنەوەی نەفی و ئیسبات ئاسان ئەبێ. هەروەها شوێنی وایش هەیە مەعنای ڕستەی نەفی و ئیسباتمان بۆ تیا دەسنیشان ئەکا. بەڵام ئەگەر تەنها حاڵەتێ لە دوو حاڵەتەکە هەبوو و لەوانەبوو سەرمان لێ بشێوێنێ، بۆ نموونە هەر وشەی (مکرو) هەبوو، بۆ زانینی ئەوە ئاخۆ "مەکەروو"ی نەفیی (کەروو)ە

یا (مکەروو)ی ئیسباتی (مەکەروو یا نمەکەروو)، ئەبێ بە مەعنای شوێنەکەدا ساغی کەینەوە. لە هەموو شوێنێکیشا تەنها (شوێن) مەعنامان نادا بە دەستەوە و ئەوەمان بۆ ساغ ناکاتەوە کە وشەکە نەفیە یان ئیسباتەو، کێومالّمان بە شیعرەکانی تری ئەو شاعیرەدا پێویست ئەبێ تا بزانین (نمەکەروو)یەکمان دەسگیر ئەبێ تەکلیفی ئەم (مکرو)یەی پێ ساغ بکەینەوە و بەهۆیەوە بزانین ئیسباتە و (مکەروو یان مەکەروو)ە. زۆرجاریش یا هەر یەک پارچە شیعری ئەم شاعیرەمان لە بەردەستا ئەبێ، یا لە پارچەکانی تریا - ئەگەر هەیبوو- بە مرازەکەی خۆمان ناگەین. بۆیە ئەگەر زانیمان شاعیرەکە کێیە و خەڵکی کوێیە و، خەڵکی ئەو ناوچەی نشیمەنی ئەوە چۆن وشەی ئیسبات و نەفی لێک جوێ ئەکەنەوە، ئەوا هەر لە بنەڕەتەوە ئەم گیروگرفتەمان نایەتەڕێ و، بە دیتنی وشەکە ڕاستوڕەوان ئەزانین (مەکەروو)ی نەفیەو ئیسباتەکەی (کەروو)ە یان (مکەروو) یان (مەکەروو)ی ئیسباتە و نەفیەکەی (نمەکەروو)یە. ئەمەی هێنامانەوە بە نموونە تەنها وشەیەک بوو، وشەی ئالّۆزی تری وا گەلێ زۆرە کە شێوە نووسینی فارسی ئامێزی کۆن تیا دستەوەستان ماوە و ناتوانێ ڕاستیمان پیشان بدا چۆنی بێ هەڵەو بێ گرێوگۆڵ بخوێنینەوە.

٤ - دانانی دەرزێکی شێوەنووسینی کۆن و نووسینی شکستە و شتی وا. هەرچی شیعری کوردیی بە دیالێکتی گۆرانی هەیە، بەڵکوو هەرچی شیعری کوردی هەیە کە هێشتا هەر دەستنووس بێ و بڵاو نەکرابێتەوە یا ئامادە نەکرابێ بۆ بڵاوکردنەوە، هەموو بە شێوەنووسینی فارسیی ئامێزی کۆن نووسراوەتەوە و زۆر کەمی لە هەندێ شوێنیدا وردە دەسکارییەکی شێوە نووسینەکەی کراوە. زۆریشی بە شێوەی شکستە نووسراوەتەوە کە خوێندەواری کوردی ئێستا، مەگەر لە کوردستانی ئێران، ئەویش زۆر کەم، ئەگینا بەڕاستی بۆی ناخوێنرێتەوە. لە بەر ئەوە ساغکردنەوەی تێکڕای دەسخەتی کوردیی کۆن کە بەشی هەرەزۆری شیعرە، ئەرکێکی گەورەیە و تەنها بۆ ئەو کەسانە جێبەجێ ئەکرێ کە شارەزاییەکی باشیان لە شێوە نووسینی فارسیی کۆن و بە تایبەتی خەتی شکستەدا ببێ. لە بەر ئەوە دانانی دەرزێکی فێربوونی نووسین و خوێندنەوەی ئەم شێوە نووسینە کارێکی پێویست و مەرجێکی ڕەخساندنی دەرفەتی ساغکردنەوەی پاشماوەی شیعری دەسنووسیی کوردیی کۆنە.

٥ - دیالێکتی گۆرانی لە بەر ئەوەی ماوەیەکی دوورودرێژە بەرهەمی ئایینی و ئەدەبیی پێ ئەنووسرێ و باری کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیریی بە دیالێکتی گۆرانی-دووانیش هەرگیز ئەوەندە پێشکەوتوو نەبووە بیر لە نووسینی فەرهەنگ و لێکدانەوەی کەلەپووری ئایینی و ئەدەبیی خۆیان بکەنەوە، بە تێپەڕینی زەمان،

وشەگەلێکی فرەیان لە بە کارهێنانی ڕۆژانە کەوتوون و وایان لێ هاتووە کە ئێستا بەشی زۆری خەڵکەکە واتایان نازانن. جا لە بەر ئەوەی زۆر لەم وشەگەلە لە چوارچێوەی شیعری گۆرانیدا ماونەتەوە، ئێستا ئێمە بە هۆی ئەم وشە واتا نەزانراوانەوە لە ئاستی ساغکردنەوەی زۆر لەم شیعرانەدا دەستەوەستان ماوین. بۆیە، نووسینی فەرهەنگێ بۆ ئەو جۆرە وشانە ئەرکێکی پێویستی ئەمڕۆی سەرشانمانەو، ئەبێ لەگەڵ هەر وشەیەکدا ئەو تاقە بەیتە یا ئەو بەیتانەیش بلاو بکرێنەوە کە ئەو وشانەیان تێدا هاتووەو، داوا لە شارەزایان بکرێ کە هەر ئاگادارییەکی بە بەڵگەوەیان لە بارەی واتای ئەو وشانەوە هەبێ، بەو لایەنەی ڕاگەیەنن کە فەرهەنگەکەی بڵاو کردووەتەوە، و ئەگەر کرا خەڵاتێکی باشیش بۆ یارمەتیدەرانی ئەم مەیدانە تەرخان بکرێ.

٦ - دانانی فەرهەنگێ بۆ ئیستیلاحە ئایینییەکانی یارسان، لەگەڵ لێکدانەوەیەکی تێروتەسەلی ئەو ئیستیلاحانە، چونکە فەرهەنگێکی وا ڕۆڵێکی گەورە لە ساغکردنەوەی کەلەپووری ئەدەبی ــ ئایینیی یارسانا ئەبینێ. ئەیشبێ سەرمایەی یەکەم کە لەم مەیدانە دا بخرێتە کار زانایانی ئایینی یارسان خۆیان واتا پیرو مەلاکانیان بێ چونکە لە هەر کەس باشتری لێ ئەزانن.

٧ - هەر لەم بارەوە بڵاوکردنەوەی کەرەستەیەکی باش دەربارەی زانستی سۆفیەتی و ڕێبازەکانی سۆفی و دەروێشی و فەرهەنگێکی دەوڵەمەندی ئیستیلاحەکانی ئەهلی تەسەوف، دەورێکی باش لە لێکدانەوەی واتای شیعری کۆنی کوردی تێکڕاو شیعری بە دیالێکتی گۆرانی بە تایبەتیدا ــ ئەبێ، چونکە زۆر لەو شیعرانە شیعری سۆفیەتین و پڕن لە هێمای سەر بەم بابەتە.

٨ - لە بەر ئەوەیش کە شیعری کۆنی کوردی تێکڕاو هیی دیالێکتی گۆرانی بە تایبەتی کە داستانی زۆری کۆنی کوردی و لە فارسی یەوە وەرگێڕراوی تیا کراوە بە شیعر، پڕە لە بابەتی ئەفسانەی کۆن، پێویستی یەکی زۆرمان بە فەرهەنگێکی ئەفسانەی کۆنی کوردی و فارسی و ئیسلامی هەیە کە پوختەی هەر کام لەو ئەفسانانەی لەچەند دێڕێکا تیا باس بکرێ. ئەمە یارمەتییەکی زۆرمان ئەدا بۆ ساغکردنەوەی ئەو شیعرانەی لەم بابەتەدا نووسراون یا هێمایەکیان بۆ یەکێ لەم ئەفسانانە تیایە.

٩ - هەرچەند من لەو باوەڕەدام ساغکردنەوەی شوێنە ئاڵۆزەکانی بابەتە مێژوویی و ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتیەکانی ژیانی کوردەوای ئەبێ بەر لە هەر کەس بە ڕەنجی شانی زانایانی کورد خۆیان و بە کەڵک وەرگرتن لە کەلەپووری خۆمان جێ بە جێ بکرێ، نایشکرێ ڕۆڵی ڕۆژهەڵاتناسانی ئەورووپایی و بێگانەی تریش

له مەیدانی کوردۆلۆگیدا تێکڕاو بە تایبەتی لە بارەی یارسان و دیالێکتی گۆرانی یەوە بە هیچ کلۆجێ پشتگوێ بخرێ. لە بەر ئەوە بوونی بەرنامەیەکی بەربلاو بۆ کۆکردنەوە و وەرگێڕانە سەرکوردیی بەرهەمی ئەو کوردۆلۆگانە کارێکی زۆر سوود بەخش ئەبێ و یارمەتییەکی زۆرمان لە مەیدانی زمانەوانی و فەرهەنگ نووسینی کوردی و بە تایبەتی لە بارەی یارسان و دیالێکتی گۆرانییشەوە ئەدا.

١٠ - دوا پێشنیایش لەم مەیدانەدا دانانی سنووقێکی چاکە خوازییە بۆ یارمەتیدانی کڕینەوەی دەسنووسی کۆنی کوردی و دەکۆمێنتەکانی یارسان و ئێزیدی و هەر دەکۆمێنتێکی تری کوردی و هەر کەرەستەیەکی ڕۆشنبیری کە پێوەندی بە زمان و مێژوو وباری کۆمەڵایەتیی کورد و کوردستانەوە هەبێ و وێنەگرتنەوەیان و خستنە بەردەستی توێژەرەوانی کورد- یان.

* * *

ڕەنگ بێ ئامادەکردنی ئەم وتارە خاڵی نەبێ لە گەلێ ناتەواوی و کەموکورتیی زانستی و بەرنامەیی. عوزرم بۆ پاساودانی هەر ناتەواوی و کەموکورتییەکی لەم چەشنە ئەوەیە مەسەلەکە هەر ئەوەندەی لێ ئەزانم و لایشم وایە کەم لە هیچ هەر باشترە و ئەم چارەسەرانەیش کە لێرەدا پێشنیام کردوون، بەرهەمی زەحمەتکێشان و ئازارچەشتنمن بە گەلێ کاری ساغکردنەوەی شیعری دیالێکتی گۆرانییەوە، وەک دیوانی مەولەوی و خوسرەوو شیرینی خانای قوبادی و کەشکۆڵی مەحموود پاشای جاف و کۆمەڵێ پارچە شیعری پرژو بڵاوی تر. هەرچەند ئەزانم هێنانەدیی ئەم پێشنیایانەم کارێکی ئاسان نییە بۆ کولتوورێکی بآکەس و بآچاودێریکەری وەک کولتووری کورد، بەڵام لەوە دڵنیام کە ئەگەر ڕۆژێ هەڵکەوت لایەنێ بوو لایێ بە لای ئەم کولتوورەدا بکاتەوە، ئەم پێشنیایانەی من دەسەچیڵەیەک ئەبن بەدەستیەوە بەرپێی تاریکی بۆ ڕوون بکەنەوە. بۆیە ئومێدەوارم خوانایانی ئازیز، ئەگەر چەردەیەکی کەمیش بووە، سوود لەم چەند لاپەڕە نووسینە ببینن، هەر ناتەواوی یەکیان تیا دی بۆمی ڕاست بکەنەوەو، بەوە کارێک بکەن ئەم پێشنیایانە لە تەقەلای پیرۆزی ڕێ خۆشکردنا بۆ ساغکردنەوە و تێگەیشتنی شیعری دیالێکتی گۆرانی دەورێکیان ببێ.

بەغدا، ٤/ ٨/ ١٩٩٦

## سەرەتا

ئەنوەر سوڵتانی

ئەم کەشکۆڵە شیعرەی ئێستا دەکەوێتە بەردەستی خوێنەری کورد، بەشێکە لە "بەیاز"ێکی کۆن کە کتێبخانەی بریتانیا ـــ بەشی هیند و ڕۆژهەڵات[1] پاراستوویە و ژمارەی MS. Or. ٦٤٤٤ی پێ داوە. سەرجەمی بەیازەکە، ١٦٨ لاپەڕە (٨٤ پەڕە)یە و بریتیە لە تەجویدی قورئان، هەندێ دۆعا و پاڕانەوە بە زمانی عەرەبی، چەند شیعرێکی فارسی بۆ ستایشی خوا و پێغەمبەر و "خولەفای ڕاشدین"و، بەشی شیعرە کوردییەکان. ئەم بەشەی دوایی، زیاد لە نیوەی قەبارەی بەیازەکە دەگرێتە بەر (٤٦ پەڕەِ لەسەرجەمی ٨٤ پەڕە = ٩٢ لاپەڕە لە ١٦٨ لاپەڕە).

---

[1] The British Library, Oriental and India Office Collection.

نووسەر و کۆکەرەوەی شیعرەکان، شێخ عەبدولموئمینی دووهەمی مەردۆخی کوڕی شێخ جەمالەددینی یەکەم، بەیازەکەی لە ساڵانی نێوان ١١٩٦و ١١٩٨ی مانگی بەرانبەری ٢/ ١٧٨١ و ٤/ ١٧٨٣ی زاینیدا نووسیوەتەوە. دەستنووسەکە، "میرزا سەعید" ناوێک لە مانگی ئۆکتۆبەری ساڵی ١٩٠٢دا، بە (مووزەخانەی بریتانیا)ی فرۆشتووە.[٢] (لەو سەردەمانەدا، هێشتا کتێبخانەی بریتانیا پێک نەهاتبوو و بەشی کتێبەکانیش هەربە ناوی مووزەخانەی بریتانیاوە دەناسرا.

ماوەیەک دوای ئەوەی دەستنووسەکە گەیشتووەتە لەندەن، بەشی شیعرە کوردییەکان سەرنجی کوردناسانی بەرە و خۆی ڕاکێشاوە و کەسانی وەک "مێجەر سۆن"[٣] ، "مینۆرسکی"[٤] و "مەکەنزی"[٥]، (بە تەرتیب، لە ساڵانی ١٩٢١، ١٩٤٣و ١٩٦٥دا)، وتاریان لەسەر نووسیوە.

لە هەموو ئەو ماوەیەدا، جگە لە چەند تاقەکەس، کورد خۆی بە هەواڵی کەشکۆڵەکەی نەزانیوە و هەوڵێکی بۆ بڵاوکردنەوەی دەقی شیعرەکان نەداوە. من لە ساڵی ١٩٨٦ بە دواوە، خەریکی خوێندنەوە و ساغکردنەوەی شیعرەکان و ئامادەکردنی دەستنووسەکە بووم بۆ چاپ و بڵاوبوونەوە. لەوماوەیەدا بە هۆی چەند وتارێکەوە، ناوەرۆکی کەشکۆڵەکەم بە خوێنەری کورد ناساندووە.[٦] بەڵام بڵاوکردنەوەی دەقی شیعرەکان بە هۆی هەندێ تەنگ و چەڵمەی عەینی، وەک دڕاویی و هەڵپرواوی، یاخود، ئاڵۆزی و پاش و پێشی لاپەڕەکان و هەروەها شێوەخەتی شێخ عەبدولموئمینەوە، کە ئامێتەیەک لە عەرەبی و فارسی کۆنەو، لەژوور هەموانەوە، مەسەلەی دارایی، لە گونجان نەهاتووە.

١. تایبەتمەندییەکانی دەستنووسەکە:

کاتالۆگی کتێبخانەی بریتانیا- بەشی هیندوڕۆژهەڵات، بە ناوی "دەستنووسی کوردی"یەوە، تاقە چوار دەستنووسی تۆمار کردووە، کە ئەم بەیازە، یەکیانە.[٧]

---

[٢] The British Museum

[٣] Major E B Soanne

[٤] Prof. V Minorsky

[٥] Dr D N MacKenzie

[٦] بڕوانە، ئەنوەر سوڵتانی،

- "دەستنووسە کوردییەکانی کتێبخانەی بریتانیا"، گۆڤاری پەیڤ، ژمارە ١٦، ئۆگوستی ١٩٩٢، لەندەن، لل. ١٥٤٦ تا ٥٧
- "شەش دەستنووسی کوردیی گۆرانی لە کتێبخانەکانی ئینگلستان"، گۆڤاری یەکگرتن، ژمارە ١٦، ١٩٩٣، دانیمارک، لل. ١٠٥ تا ١١٦

[٧] Oriental Manuscripts, Vol. A-L, (Kurdish).

دەستنووسە کوردیەکانی تر- کە ئەوانیش وەک کەشکۆڵی شێخ عەبدولموئمین بە شێوەزمانی "گۆرانی" نووسراون، لەگەڵ دەستنووسە فارسییەکاندا تۆمار دەکرێن.

بەگشتی، زۆربەی کتێبخانە ئەورووپییەکان، دەستنووسی گۆرانی بە فارسی لە قەڵەم دەدەن و لەگەڵ دەستنووسی فارسیدا تۆماریان دەکەن. ئەم نەریتە چەوتە، بەڕواڵەت، لە "چارلز ڕیو"وە[8] داکەوتووە کە لە ناوەڕاستەکانی سەدەی نۆزدەهەمدا، بەرپرسی بەشی دەستنووسە ڕۆژهەڵاتییەکان[9] بووە لە مۆزەخانەی بریتانیا.

کاتالۆگی کتێبخانەکە، زانیارییەکی کەمی لەسەر ئەم دەستنووسە بەدەستەوە داوە:

"شیعری بە فارسی و زاراوەی سنەیی زمانی کوردی، ساڵی ٩٨- ١١٩٧ک.[10] بەیازێکە لە شیعری فارسی زاراوەی گۆرانی و شیعری ستایش لەسەر ئیمام و خولەفای ڕاشدین (١ ئا تا ٨ ئا)، سەرەتاکەی ناتەواوە، بە شوێنیدا شیعری گۆرانی دێت کە ماددەی تاریخ و "مقطعات"ن و هەندێکیان "شێخ ئەحمەدی کوڕی مستەفا هۆنیونیەتەوە( ٨ ب تا ٥٤ ب)، شیعری شەڕ و ئازایەتی (٥٥ ئا تا ٥٧ ئا) ژمارەیەک غەزەلی "حەسەن "(٥٧ ب تا ٧٣ ئا) و هەندێ شیعری عەرەبی (٧٣ ب تا ٨٤ ئا). لە ساڵانی ٨ ــ ١١٩٧ی کۆچی دا نووسراوە، ٨٤ پەڕەیە، قەبارەی پەڕەکان (٨×٢,٨) سانتیمەترە"[11]

زیاد لەو زانیارییانەی کاتالۆگەکە، پێویستە بگوترێ شوێنی جۆر بە جۆری دەسنووسەکە، ناو و مۆری نووسەر و هەندێ کەسی دیکەی پێوە دیارە کە بە دابی کۆن، ناوی خۆیان لەسەر نووسیوە: "احمد بن محەمەد رشید"، "محمد وسیم"،

---

سیانەکەی تر بریتین لە نوسخەی:

- مەم و زینی ئەحمەدی خانی؛
- چیرۆکە شیعری "سیف الملوک و بدیع الجمال" ی محمد جەوادی ئێرانی (سیاپۆش)؛ و
- نۆبار و عەقایدی ئەحمەدی خانی.

[8] چارلز ڕیۆ لە باسی شێوە زمانی گۆرانیدا دەنووسێ: "گەرچی لە کوردستان قسەی پێدەکرێت، بەڵام لە بنەڕەتدا فارسییە. بڕوانە پەراوێزی ژمارە ٩

Charles Rieu, “Catalogue of Persian Manuscripts in the British Museum”, Vol.٢, ١٨٨١, P. ٧٢٨.

[9] Charles Rieu, “Catalogue of Persian Manuscripts in the British Museum”, Vol.٢, ١٨٨١, P. ٧٢٨.

[10] The Oriental Manuscripts, Vol. M-Z, P ٢٤٩, Persian

[11] Handlist of Persian Manuscripts, ١٨٩٥ -١٩٦٦

"ابو الفتح خان كريم خان [زند؟]" ، "ابن مجد الدين شيخ ابو الحسن الاردلانى المردوخى الباقل ابادى"و. ...

٢. تایبەتمەندییەکانی کەشکۆڵە شیعرەکە:

شیعرە گۆرانییەکان، بەشی هەرە گرنگی بەیازەکە پێک دێنن. ئەم بەشە سەرجەم ٤٦ پەڕە واتە ٩٢ لاپەڕەیە (٨ ب تا ٥٤ ئا) بە خەتی نەسخ و لەسەرەوە بۆ خوار نووسراونەتەوە. شیعرەکان بە شێوەیەکی بابەتی دابەش کراون. واتە شێخ عەبدولموئمین، بێ ئەوەی مەسەلەکە ڕابگەیەنێت، یا عینوانێکی تایبەتیان بۆ دابنێت هەموو شیعرە غەرامییەکانی لەسەرەتادا هێناوە، ئینجا شیعری ئایینی و فەلسەفی بە شوێن ئەواندا نووسیوەتەوە. تاقمی دووهەمی شیعرەکان لە دەورووبەری لاپەڕە ٤٤ەوە دەست پێ دەکەن و بە کۆتایی هاتنی کەشکۆڵەکە، ئەوانیش کۆتاییيان دێت. شیعرە غەرامییەکان، کە بەشی سەرەکیی کەشکۆڵی شێخ پێک دێنن، لە یەکەم لاپەڕەوە تا دەوروبەری لاپەڕە ٤٤ درێژەیان هەیە. هەر لاپەڕەیەک لە سێ یا چوار ستوون پێک هاتووە. هەوڵی نووسەر بۆ کەڵک وەرگرتن لە هەموو شوێنی کاغەزەکە، کارێکی وای کردووە هەندێ جار فەردە شیعرەکان تووشی تێکەڵاوییەکی ئەوتۆ هاتوون کە جیاکردنەوە و خوێندنەوەیان لە گونجان نایێت. ئەو مەسەلەیە و هەندێ هۆکاری تر، بوونەتە هۆی پەیدابوونی تەنگوچەڵەمە لە مەسەلەی ساغکردنەوەی شیعرەکان و دیاری کردنی شاعیرەکانیان. ئەو باسە بە دوور و درێژی، لە پاشماوەی ئەم وتارەدا دێت و ژمارەی هۆنەر و هۆنراوەکان لە لاپەڕەکانی دواتردا ڕوون دەکرێنەوە.

٣. نووسەرەوەی کەشکۆڵەکە:

کۆکەرەوە و نووسەری شیعرەکان، "شێخ عەبدولموئمین"ی دووهەمی مەردۆخی (١٢١١-١١٥٢ ک/ ١٧٩٦-١٧٣٩ز) کوڕی شێخ جەمالەددینی یەکەم (١١٦٩-١١٠٨ک/ ١٧٥٦- ١٦٩٦ز)ە.

شێخ عەبدولموئمین، خەتیب و ئیمامی جومعەی شاری سنە- پێتەختی خانانی ئەردەڵان بووە لەسەردەمی ئەمارەتی "خوسرەوخانی گەورە" کوڕی ئەحمەد خانی موهاجیردا. خوسرەو خان لەنێوان ساڵانی ١١٦٨ و ١٢٠٤ی کۆچی (٩٠/ ١٧٨٩-١٧٥٤/٥) والی ئەردەڵان بووە، بەڵام لەوماوەیەدا جارێک لەلایەن کەریم خانی زەندەوە لەسەر کار لابراوە و بۆ ماوەی سێ ساڵ (٩-١١٧٦) بە دەست بەسەری لە "شیراز" پێتەختی زەندییەکان ڕاگیراوە. فەرمانی حکوومەتی ئەردەڵان لەو ماوەیەدا بۆ "سولەیمان پاشا"، "محەمەد پاشا" و "عەلی خانی کوڕی

محەمەد پاشا" دەرچووە، کە هەرسێکیان لە بابانەکان بوون و بە بەرتیلی زۆر، دڵی "خانی زەند"یان نەرم کردووە.[12] لە کۆتاییی ساڵی ١١٧٩دا سەرلەنوێ ئەمارەتی ئەردەڵان دراوەتەوە دەستی خوسرەوخان و گەڕاوەتەوە بۆ کوردستان (تاریخ مشاهیر کرد، ٣، ٢٥٨)[13].

لە ساڵانی دەست بە سەریی خوسرەوخاندا، جەعفەرخانی زەند[14] بۆ لاواندنەوە و گێڕانەوەی "ڕەزاقولی خان"ی برا و "خان ئەحمەد خان"ی کوڕی خوسرەوخان، شێخ عەبدولموئمینی ناردووە بۆ شارەزوور.

ئەو دوو کەسە و پاشماوەی خێزانی خوسرەو خان ـــ دوای ئەوەی "عەلی موراد خان"ی زەند[15] ، خوسرەو خانی لەسەر کار وەلانا و ئەمجارە داوای لێ کرد بچێتە ئیسفەهان- چووبوون بۆ شارەزوور. مەئمووریيەتێکی ئەوتۆ، پلەوپایەی کۆمەڵایەتیی شێخ عەبدولموئمین لە دیوەخانی ئەردەڵانەکان دەردەخات. گیرسانەوەی شێخ لە شارەزوور و نەهاتنەوەی بۆ "سنە" ش، پەیوەندیی نزیکی ئەو زاتە و وەفا و بەینەتی بە نیسبەت خوسرەو خان دەخاتە ڕوو. ئەو ڕاستییەش بە هۆی پارچە شیعرێکەوە دەسەلمێ کە شێخ، بە بونەی عەزڵکرانی خوسرەو

---

[12] لە مێژووی بنەماڵەی ئەردەڵاندا سێ کەس بەو ناوە هەبوون کە سێهەمیان باوکی ئایەتوڵڵا شێخ محەممەدی مەردۆخی بووە و لە نێوان ساڵانی ١٣١٤ – ١٢٤١ ی کۆچیدا ژیاوە.

[13] بڕوانە، آیت الله شیخ محمد مردوخ کردستانی، "تاریخ کردستان و توابع"، ج ١ ل ٢

[14] بۆ زانیاریی زیاتر لەسەر شێخ عبدالموئمن بڕوانە،

- مەلا عبدلکریم مدرس، "بنەماڵەی زانیاران"، ئامادە کردنی محمد علی قرەداغی، ج ١، بەغدا ١٩٨٤، لاپەڕە ١٢٥
- بابا مردوخ روحانی، "مشاهیر کرد"، ج ١، سروش، تهران ١٣٥٤، ل ٢٧١

لە پەیوەندی کارەکانی شێخ عبدالمئمندا پێویستە ئاماژە بە دەستنووسێک بکرێت کە لە کتێبخانەی مەجلیسی شۆرای ئێران پارێزراوە. دەستنووسەکە ناوی "مەلا شتیخم کرد"ە کە لە سەر کتێبی "الزوراء" ی محمد بن اسعد جلال الدین دوانی (٨٣٠ تا ٨٠ ی کۆچی / ١٤٢٧ تا ١٥٠١ ی زایێنی) نووسراوە و پێشکەش بە امیر شرفخان حاکمی جزیرە [ابن] عمری کوردستان کراوە.
شێخ عبدالموئمن نوسخەکەی بە شێوە خەتی نەسخی تەحریری لە ساڵی ١١٩٢ ک/ ١٧٧٨ز دا لە مزگەوتی حاجی ڕەحیم بۆ مامۆستای خۆی "محمد قسیم کوڕی شێخ ئەحمەدی تەختەیی نووسیوەتەوە (بڕوانە کاتالۆگی دەستنووسەکانی کتێبخانەی مەجلیسی شۆڕای ئێران).
سەبارەت بە شەرەفخانی حاکمی جزیرە پێویستە بگوترێ بەو ناوە سێ کەس لە "حاکمانی عەزیزان" هەبوون کە لە جزیرەی ابن عمر حکوومەتیان کردووە.یەکەمیان کوڕی ئەمیر ابراهیم بووە (٨٥٠ ک/ ١٤٤٦ز). دووهەمیان کوڕی ئەمیر بەدر بووە و لە ساڵی ٩٢٥ ک/ ١٥١٩ دا مردووە.سێهەمیان، کە من لام وایە دەبێ دەستنووسەکە پێشکەش بەو کرابێت، کوڕی خان ئەبداڵ و هاوچەرخی شەرەفخانی بدلیسی نووسەری شەڕەفنامە بووە. بۆ زانیاری لەسەر حاکمانی عەزیزان (بەدرخانیان) بڕوانە شەرەفنامەی بەدلیسی، هەروەها بابا مەردوخ ڕۆحانی، هەمان، ب ٣، ل ٣٠٧.

[15] کوڕی سادق خانی زەند (استظهار الدوله)، کە حکوومەتی کوردستانی بە دەست بووە و لە ساڵی ١٢٠٢ ک/ ١٨٨٧ز دا دەرمانداو کراوە.

خانەوە هۆندوویەتەوە و لە کەشکۆڵەکەی خۆیدا تۆماری کردووە. بڕوانە: وتاری ژمارە ٢١ لە بەشی (شاعیرەکان، ژیان و بەرهەمیان)دا.

"شێخ محەمەد مەردۆخی کوردستانی"دەنووسێ: "شێخ عەبدولموئمینی دووهەم زاتێکی بەڕێز و لە خوداترس بووە، هەموو زانستە باوەکانی سەردەمی خۆی زانیوەو کتێبی "درالنظیم" دانراوی ئەوە. شێخ لە ساڵی ١١٥٢ی کۆچی ٤/ ١٧٣٩ ز هاتووەتە دنیا و لە [مانگی سەفەری] ساڵی ١٢١١ (ئۆگۆستی ١٧٩٦ز) کۆچی دوایی کردووە. پارچە شیعرێکی فارسی لەپشت کتێبی درالنظیم نووسراوەتەوە کە ئەم مێژووە دەسەلمێنێ و ئەوە، تەرجەمە کوردییەکەیەتی: "شێخ موئمین کۆتایی بەم کتێبە هێنا، تەمەنیشی هەر بە چاکە کۆتایی هات. لە مانگی سەفەردا بەرەو جەننەت سەفەری کرد و مەزرای جیهانی بێ بەقای بەجێهێشت. چەند ڕۆژێک بە ئێش و ئازارەوە [لەم جیهانەدا] مایەوە، ئینجا، لە دونیای پڕ خەم و خەفەت کۆچی کرد. ئەی جوامێر! بە هۆی ئەوەوە، کە [شێخ]، خۆی بە "ئوخرەتا" بانگ دەکرد، [مادە] تاریخی مردنەکەشی بوو بە (اخرتی)- ١٢١١ی کۆچی".[١٦]

مەردۆخ هەروەها دەنووسێ: "شێخ دوو کوڕی لێ بەجێ ماوە: جەمالەددینی دووهەم و شێخ حەسەن کە ئەمیان خۆشخەت بووە و کتێبە دەسنووسەکانی مزگەوتی دار الاحسانی سنە، بە خەتی ئەو نووسراون."[١٧]

مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەرریس لە بنەماڵەی زانیاران، ب١، ل١٢٥ دا هەر ئەو شیعرە فارسییانەی هێناون و نووسیویە: "لە پشتی کتێبی 'درالنظم' دا، ئەم شیعرانەی نووسیوە". کە دوور نییە هەڵەیەکی چاپی بێت، دەنا مامۆستا زانیویەتی شیعرەکان هی ئەو نین و کەسێکی دیکە لە باسی مردنی شێخدا هۆنیونیەتەوە.[١٨]

٤. چوارچێوەی مێژوویی:

کەشکۆڵەکە، لەسەردەمی خوسرەو خانی گەورە ـ لووتکەی دەسەڵاتداریی ئەردەڵانەکان-دا نووسراوەتەوە. مێژووی ئەردەڵان دەگەڕێننەوە بۆ سەردەمی

---

١٦ یەک لە حاکمانی بنەماڵەی زەند، کە لە ساڵی ١١٩٩ ک / ١٧٨٤ ز دا کۆچی دوایی کردووە.

١٧ شیخ موئمن کرد ختم این کتاب — ختم عمرش نیز شد پس بالصواب
در صفر کردش سفر سوی بهشت — مزرع دنیای فانی را بهشت
چند روزی ماند با درد و الم — کرد رحلت زین جهان پر ز غم
چون به خود میزد ندای اخرتی — "اخرتی" تاریخ فوتش ای فتی
اخرتی = ١٢١١ک. بەرانبەر لەگەڵ ١٧٩٦ ز.

١٨ مەلا عەبدولکەریمی مودەڕڕیس، "بنەماڵەی زانیاران"، ب ١، ل ١٢٥

ئەردەشیری بابەکان و سەرەتای حوکمی ساسانیان (مێژووی مەستوورە، حدیقە ناسری، مێژووی خوسرەو کوڕی محەمەد، شەرەفنامەی بەدلیسی). بەڵام مێژووی نووسراوی بنەماڵەکە، لەسەردەمی چەنگیزخان (مێژووی خوسرەو کوڕی محەمەد کوڕی مەنووچیهر) یا ساڵی ٥٦٤ی کۆچی ٩-١١٦٨ی زایینییەوە (تاریخ مردوخ، حدیقە ناسری، تحفە ناسری) دەست پێ دەکات و بە مردنی ئەمانوڵڵاخانی دووهەم "غوڵامشاخان" لە نۆهەمی جمادی الثانی ساڵی ١٢٨٤/ هەشتەمی سپتەمبەری ١٨٦٧ لە هەلومەرجێکدا کۆتایی دێت کە ناسرەددینشای قاجار فەرمانی حکوومەتی بۆ "خانان" کوڕە گەورەی غوڵامشاخانی ئەردەڵان دەر نەکرد و مامی خۆی واتە "فەرهاد میرزای موعتەمەدوددەولە"ی کردە والیی کوردستان[19].

لە مێژووی نووسراوی بنەماڵەی ئەردەڵاندا، ئێمە ڕووبەڕووی ناوی چەند "خوسرەو" دەبینەوە: یەکەمیان "خوسرەو ئاشەوان"ـە (٣١١ک/٤ ــ٩٢٣ز)، کە گوایە "یەزدگیردی سێهەم"- دوایین شاهی ساسانی کوشتووە (تاریخ مردوخ، ٢، ٩١) و بە یارمەتی "ابومسلم مروزی" لەسەردەمی "ابوالعباس احمد عباس (سفاح)دا، دەستی بە سەر کوردستاندا گرتووە.[20] دووهەمیان، ئەو "خوسرەو"ەیە وا لە دیاربەکرەوە هاتووە و قەڵای "زەڵم" ی لە شارەزوور بنیات ناوە، چل ودوو ساڵێک لەوێ حوکمی کردووە و لە ساڵی ٦٠٦ی کۆچی (١٠ــ ١٢٠٩ز)دا، مردووە (تحفە ناسری، هەمان لاپەڕە). سێهەم، خوسرەوی کوڕی سولەیمان خان (١٠٩٣-١٠٩٠ک =٢/ ١٦٨١-٨٠/ ١٦٧٩ز).[21] چوارەم، خوسرەو خانی گەورە کوڕی ئەحمەد خانی موهاجیر (١٢٠٤-١١٦٨ ک - ١٧٨٩/٩-٥/ ١٧٥٤ز) و پێنجەم، خوسرەوخانی ناکام کوڕی ئەمانوڵڵاخان (١٢٦٢- ١٢٥٠=٦/ ١٨٤٥-٥/

---

١٩ لەو سەردەمەدا (١٨٥١)، عوسمانییەکان حوکمی بابانیاکانیان هەڵوەشاندبووەوە. ئەگەر کەسێکی وەک عەزیز بەگی بابان هەوڵی دابین کردنەوەی دەسەڵاتی بنەماڵەی خۆی دا و سەرنەکەوت. ئەردەڵانییەکانیش درەنگتر لە سەردەمی عەبباس خانی سەردار ڕەشیدی ئەردەڵاندا هەوڵێکی بێ ئەنجامی هاوشێوەیان دا.

٢٠ میرزا شکرالله سنندجی (فخرالکتاب)، "تحفه ناصری در جغرافیا و تاریخ کردستان"، مقابله، تصحیح، حواشی و تعلیقات از دکتر حشمت الله طبیبی، امیرکبیر، تهران ١٣٦٦ [١٠٨٧]، ص ٩

٢١ بۆ بەراوردی ساڵانی کۆچی لەگەڵ زایێنی کەڵکم لەم سەرچاوەیە وەرگرتووە: فردیناند ووستفنفلد و ادوارد ماهلر، "تقویم تطبیقی هزار وپانصد ساله هجری و قمری و میلادی"، مقدمه و تجدید نظر از دکتر حکیم الدین قریشی، فرهنگسرای نیاوران، تهران ١٩٨٢. هۆکاری هێنانەوەی هەردوو تەئریخەکان ئەو ڕاستییەیە کە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ڕۆژژمێری کۆچی کەڵک وەردەگرن.

١٨٣٤ز)ە. جگە لەوانە، دووسێ کەسی دیکە لە خانانی ئەردەڵانیش هەر ناویان خوسرەو بووە بەڵام گرنگایەتی ئەمانیان ئەبووە.[٢٢]

خوسرەو خانی جێی باسی ئێمە، خوسرەوخانی گەورە، کوڕی ئەحمەد خانی موهاجیرە، کە لە مانگی محەڕەمی ساڵی ١١٦٨ (=١٧٥٤ز)، لە لایەن محەمەد حەسەن خانی قاجار ـ بناغەدانەری زنجیرەی شاهانی قاجارەوە[٢٣] کراوەتە حاکمی ئەردەڵان و لە جێگەی سەلیم پاشای بابان دانیشتووە، کە ئازاد خانی ئەفغان[٢٤] کردبوویە حاکم.

خوسرەو خان لە ساڵی ١١٧٦ (= ٣ ـ ١٧٦٢ز) لەلایەن کەریم خانی زەندەوە، عەزڵ کراوە و سەرلەنوێ ساڵی ١١٧٩ (= ٦ ـ ١٧٦٥ز) گەڕێنراوەتەوە سەر حوکم، ئینجا ساڵی ١٢٠٤ (=٩٠/ ١٧٨٩ز) ئاغا محەمەد خانی قاجار بانگی کردۆتە تاران و وەک دەگوترێ، دەرمان خواردی کردووە تا لە ساڵی ١٢٠٦ (=٢- ١٧٩١)دا، بە نەخۆشیی "فێ" (پەرکەم) مردووە.

خوسرەو خان، لە هەل و مەرجێکی تایبەتیی مێژووی ئێراندا گەیشتۆتە سەر حوکمی ئەردەڵان: ئاڵۆزیی باری سیاسی و پاشا گەردانی و کەم دەسەڵاتیی حوکمی مەرگەزیی ئێران، ڕوخساری تایبەتیی ئەو سەردەمەن. لە کاتێکدا باشووری ئێران بە دەست زەندییەکانەوە بوو، کە باکووری ڕۆژهەڵات "زولفەقارخانی ئەفشار" بە هیوای زیندوو کردنەوەی دەسەڵاتی نادرشا بوو. هێزی ئازاد خانی ئەفغان هێشتا لە ناوچەی ئازەربایجان و ئیسفەهان بە تەواوەتی نەفەوتابوو. قاجارەکانیش لە باکووری ئێران خەریکی دەسەڵات سەندن و پتەو کردنی بناغەی حوکماتی خۆیان بوون ــ ئەو حوکماتەی کە دەرنگتر، بە بەرچاوی خوسرەو خانەوە و بە یارمەتی ئەو، دامەزراو هەموو ئێرانی گرتەوە!

---

[٢٢] خوسرەوخانی گورجی نە ئەردەڵانی بووە نە کورد. ناوبراو لە ساڵانی نێوان ١٢٦٣ و ٤ = ١٨٤٧ و ٤٨ دا بوو بە حاکمی کوردستان.

[٢٣] زنجیرەی شاهانی قاجار دوای ئەفشارییە و زەندییە لە ئێران هاتنە سەر حوکم (١١٩٣ تا ١٣٤٤کۆچی = ١٧٧٩ تا ١٩٠٩ ی زایینی). فرهنگ معین، بەرگی ٦ پیتی ق.

[٢٤] یەک لە ئەمیرانی سەردەمی نادر شای ئەفشار. دوای کووژرانی نادرشا (١١٦٠ک / ١٧٤٧ز)، ئازەربایجانی گرت و شاری ورمێی کردە پێتەختی خۆی. درەنگتر، لە ساڵی ١١٦٧ک / ١٧٥٣ز دا لە شەڕێکی دژ بە کەریمخانی زەندا، شکا ئینجا هاتە خزمەت خانی زەند و تا کۆتایی تەمەن وەک ڕاوێژکارێک پێی وەفادار مایەوە. فرهنگ معین، ١، پیتی آ

له هەلومەرجێکی ئەوتۆدا، خوسرەو خان، بە خۆی و سوپای ئازای کوردەوە ڕازی دەبێت لە کوردستان دانیشێ، مل بۆ زەند و ئەفشار و قاجار و ئەفغان کەچ بکات، و فەرمانی حکومەتیی لە لایەن ئەو قاجارانەوە پێ بدرێ کە خۆی پایەیەکی کورسیی حوکمەکەیان بوو. ئینجا چاوەڕوان بێت زەندییەکان لەسەر کاری لابەرن و ئاغا محەمەدخانی قاجار بیکوژێت! ئەوە، نە یەکەم جارە و نە دواجار، کە تێنەگەیشتوویی و بێ سیاسەتی، دار لە کوولەکەی ڕۆحی کورد دەدات و دەرفەتی زێڕینی سەربەخۆبوونی لەدەست دەستێنێ.

خوسرەوخان، یەکەم خانی ئەردەڵان و یەکێ لەو حاکمانەی ئێرانە کە بۆ یەکەم جار سوپای نوێی ڕێکوپێکی کردە جێنشینی چەکداری بەربڵاوی عەشیرەتی و "لە باری ژمارەی لەشکر و پیاوانی ئازاوە لە ژوور هەموو ئەمیرێکی ئێرانییەوە بوو" (سیر الاکراد، ٥٣)[٢٥] و "لە هەموو بارێکەوە لە ئەمیرانی ئێران مەزنتر بوو". (تحفه ناصری، ١٦٧).

با ئەو پرسیارە بکرێ، ئایا خوسرەوخانی ئازای لێهاتوو بە سوپای کوردەوە بۆچی نەیتوانی هەلومەرجی ناوخۆی ئێران هەڵسەنگێنێ و هەوڵی پەرەپێدانی ئاسۆی دەسەڵاتدارایەتیی خۆی تا بەدەستەوەگرتنی حوکمی مەرکەزیی ئێران بدات، لەکاتێکدا کەسایەتی و توانا سوپاییەکەی لە پاشماوەی حاکمانی زەند و ئەفشار کەمتر نەبوو، تێکشکاندنی سوپای ملهوڕێکی وەک ئازادخانی ئەفغان لە یەکەم ساڵی حکوومەت و بەزاندنی جەعفەرخانی زەند (ساڵی ١٢٠٠)، زاڵ بوون بە سەر سولەیمان پاشا و محەمەد پاشای بابان (١١٧٦و ١١٧٩)و ئەڵلاقولی خانی زەنگەنە (١١٩٣ی حدیقەی ناصری،[٢٦] ١١٩٤ تحفه ناصری، ١١٩٩ تاریخ مردوخ) و اسماعیل خانی زەند (مەردۆخ، ١٢٠١)، ئەم ڕاستییە بە باشی دەنوێنن.

مەردۆخ دەنووسێ: "دوای ئەوەی خوسرەوخان، جەعفەرخانی زەند دەشکێنێ و نوێنەر دەنێرێتە لای ئاغا محەمەد خانی قاجار، شا، بە چاوپێکەوتنی ئەو هەموو دیاری و پێشکەشییە و مزگێنی تێکشکانی دوژمنێکی وەک جەعفەر خان و پەیدابوونی نۆکەرێکی وەک خوسرەو خان، لە پێستی خۆیدا جێی نەدەبووەوە." (تاریخ، ٢، ١٤٤)

---

[٢٥] عبدالقادر بن رستم بابائی، "تاریخ و جغرافیای کردستان موسوم به سیرالاکراد"، به اهتمام محمد رئوف توکلی، تهران(؟) ١٣٦٦ [١٩٨٧]، ص ٥٣. ئەم کتێبە مامۆستا کەریم حیسامی کردوویە بە کوردی بەڵام من چاوم پێی نەکەوتووە.

[٢٦] علی اکبر وقایع نگار کردستانی، "حدیقه ناصریه در جغرافیا و تاریخ کردستان"، به تصحیح محمد رئوف توکلی، تهران ١٣٦٤ [١٩٨٥]، صص ١٦٠ تا ١٦٤.

بەگشتی، سەردەمی خوسرەوخان و خانانی دیکەی ئەردەڵان بەو دیاردانەی خوارەوە دیاری دەکرێن:

١. خانانی ئەردەڵان ئاسۆیەکی بەرینی سەربەخۆیی و دەسەڵاتدارییان بۆ خۆیان نەدەدی. زۆربەی ئەردەڵانیەکان - بە تایبەت- دوای خان ئەحمەد خان، گۆچکراوی دەستی شاهانی ئێران بوون و سنوورێکیان جیا لە ژێر دەستی و نۆکەرایەتیی ئەوان بۆ خۆیان دیاری نەدەکرد.

خوسرەوخانی کوڕی سولەیمان خان، برازاکەی خۆی گرت و ناردیە ئیسفەهان. ماوەیەک درەنگتر، شاە سولەیمانی سەفەوی[٢٧] ئەویشی هێنایە ئیسفەهان و لەداری دا. ئەمانوڵڵاخانی دووهەم لە تاران و لە دەرباری ناسرەدددینشاهدا[٢٨] لەدایک ببوو، بە فەرمانی شا، ئاڵقەی لەگوێ کرابوو و ناوی "غوڵامشاخان"ی لێ نرابوو (حدیقە ناصری، ٢٠٣). شا عەبباسی سەفەوی[٢٩]، خان ئەحمەدخانی کوڕی هەڵۆخانی وەک بارمتە لە ئیسفەهان ڕاگرتبوو و هەوڵی دابوو بە شێوەی قزڵباشی گەورەی بکات (تاریخ محمد ابراهیم اردلانی)[٣٠]. ئەم دیاردەی نۆکەری و گوێ لەمستییە گەیشتە جێیەک کە شاعباس، خوشکی خۆی لێ مارەکرد و ناردییەوە کوردستان بۆ ئەوەی باوکی بگرێ و لەسەر حوکمی لابەرێ. نووسەری سیر

---

[٢٧] شاە سلیمان اول صفوی، هەشتەمین شاهی زنجیرەکەیان بوو، لە نێوان ساڵانی ١٠٧٧ و ١١٠٥ = ١٦٦٧ و ١٦٩٤ دا شای ئێران بووە. بڕوانە فرهنگ معین، پێشوو، پیتی س.

[٢٨] ناصرالدین شاهی قاجار، کوڕی محەممەد شاە و چوارەمین شای زنجیرەی قاجار، لە ١٢٤٧ [١٨٣١] دا هاتۆتە جیهان، لە ١٢٦٤ [١٨٤٧]دا چۆتە سەر تەخت و نزیکەی ٥٠ ساڵ پادشایەتی کردووە. لە ڕۆژی ١٧ ی ذی القعدەی ١٣١٣ [١٨٩٦ز] دا بە دەستی میرزا ڕەزا کرمانی کووژراوە. فرهنگ معین، پێشوو، پیتی ن.

[٢٩] شاعەبباس سەفەوی (کەبیر)کوڕی سوڵتان محەممەدی خودا بەندەلە ٩٧٨ ی کۆچی (١٥٧١ز) هاتۆتە دنیا و لە ٩٩٦ (١٥٨٨ز) گەیشتۆتە سەر تەختی پادشایی ئێران، لە ساڵی ١٠٣٨ (١٦٢٩ز)شدا مردووە. بڕوانە فرهنگ معین، پیتی ع.

[٣٠] ئەم مێژووە لە ڕاستیدا پاشکۆ یان 'زەیل'ی شەرەفنامەی بەدلیسییە و تاقە نوسخەی کراوەتە زەیلی ئەو دەستنووسەی شەرەفنامە وا لە کتێبخانەی مەکۆی ئاسیایی پادشایی بریتانیا و ئێرلەندە لە شاری لەندەن پارێزراوە (ژمارە ١٥٩). زەیلی ناوبراو محەممەد ئیبراهیم کوڕی مەلا محەممەد حوسەین ئەردەڵانی، نووسەری دیوەخانی ئەمانوڵڵاخانی گەورە (١٢٤٠ – ١٢١٤ ک) بووە و بە فەرمانی خان مێژووی ئەردەڵانی دوای ساڵی تەواوبوونی شەرەفنامە تا سەردەمی خۆی نووسیوە کە دەکاتە نێوان ١٠٠٥ تا ١٢٢٥ی کۆچی و ١٥٩٦ تا ١٨١٠ ی زایینی ئینجا ناردوویە بۆ سێر جۆن مالکۆلم یەکەمین باڵوێزی بریتانیا لە ئێران، ئەویش خستوویەتە سەر ئەو نوسخەیەی شەرەفنامە کە لە سەرەوەتر باسمان کرد. من دەقی مێژووەکە بە فارسی و وەرگێڕاوی کوردییەکەیم بڵاو کردۆتەوە جارێک لە گۆڤاری دەروازە، ژمارە ١، ساڵی ١٩٩٣ چاپی دانیمارک و جارێکیش وەک کتێبێکی سەربەخۆ. کتێبەکە، بنکەی نەورۆز لە سوئێد لە ساڵی ١٩٩٧ دا بڵاوی کردەوە و هەمیسان هاوڕێ لەگەڵ زەیلێکی دیکەی شەرەفنامە (مێژووی ئەگیل و پاڵوو)، لەلایەن بنکەی ژین لە سلێمانییەوە بڵاو کرایەوە.

الاکراد دەنووووسێ: "هەڵۆخان بە دیتنی بارودۆخەکە، ئایەی 'إنا لله و إنا اليه راجعون' ی خوێندەوە و گوتی کوڕم، پێی سوپای عەجەم بۆ کوردستان مەکەوە![31].

٢. خانانی ئەردەڵان بە تەنگی کوردایەتییەوە نەبوون. ئەوانیش وەک میرانی بابان و سۆران زیاتر لەوەی بەربەرەکانێی دوژمنانی کوردیان کردبێ، بە گژی هۆزە کوردەکاندا دەچوون. شەڕی بابان و بڵباس و زەند و زەنگەنە و لوڕ و سوڵتانەکانی هەورامان و سەرۆک هۆزەکانی گەرووس و بانە و مەریوان، نموونەی ئەو کردەوە چەوتەی ئەردەڵانەکانە.

٣. شاهانی عەجەم ڕاستەوخۆ یا بە هۆی هەندێ بڕواپێکراوی خۆیان لە دیوەخانی ئەردەڵانەکانەوە (وەزیر، وەکیل، تەحسیلدار و وەقایع نیگاری وەک میرزا ئەبولقاسمی تەفرەشی و میرزا زەکی مستەوفی ڕەشتی)، خانە کوردەکانیان دەخستە ژێر چاودێرییەوە و ئاگاداری هەموو هەڵسوکەوت و هەڵوێست گرتنێکیان بوون.

٤. مڵەی خۆییش لەم پەیوەندییەدا، دەورێکی گرنگی بینیوە. مێژووی بنەماڵەی ئەردەڵان دارماڵی شەڕ و دەست تێوەردانی بابانەکان لە کاروباریاندایە. ئەگەر مێژووی دەسەڵاتداری ئەردەڵان پێنج حاکمی غەیرە کوردی داسەپاوی بە خۆوە ببینێ (تەیموور خانی ئاجورلوویی، محەمەد خانی گورجی، حسن علی خان، حسین علی خان و کەیخوسرەو بەگ)، بەلای کەمەوە پێنج میری بابانیش لەو ماوەیەدا بە شەڕ یا بە زەبری بەرتیل و پێشکەشی، فەرمانی حکوومەتی ناوچەی ئەردەڵانیان لە شاهانی ئێران وەرگرتووە (خانە پاشا ١١٣٢، عەلیخان کوڕی خانە پاشا ١١٣٦، سەلیم پاشا ١١٦٧، سولەیمان پاشا ١١٧٧ و عەلیخانی کوڕی سولەیمان پاشا ١١٧٨). ئەوانیش بۆ ژێردەستی و گوێ لەمستیی شاهانی ئێران، هۆرەیان بۆ ئەردەڵانەکان کردووە!

جگە لە بابانەکان، هەندێ کەسایەتیی کوردی ناو حکوومەتەکەیان وەک محەمەد ڕەشید بەگی وەکیل و حەسەن سوڵتانی هەورامان و عەبدولکەریم سوڵتانی بانە یا دەسەڵاتدارێکی وەک عەزیز خانی مۆکری (سردار کل) لە ڕەوتی لاوازکردن و لەناوبردنی حوکمی بنەماڵەی ئەردەڵاندا دەوری تایبەتیان بینیوە. "سەرداری کول،

[31] بڕوانە دەقی زەیلەکەی محەممەد ئیبراهیم ئەردەڵانی (پەراوێزی ژمارە ٣٠ سەرەوە)

هەموو کاتێ بۆ تێکدانی کاری والی "ئەمانوڵڵاخانی دووهەم" تاَدەکۆشا" (تحفه ناسری، ٢٥٠).

٥ (هەندێ دیاردەی ناسەرەکیی وەک جیاوازیی ئاینیی حاکمانی شیعەی ئەردەڵان لەگەڵ خەڵکی سوننی ناوچەکەش ببووە هۆی نزیکایەتیی زیاتری خانەکان لە دەرباری شاهانی عەجەم و دوورکەوتنەوەیان لە کۆمەڵانی خەڵک. ئاڵۆزیی ناو شاری سنە بە بۆنەی لایەنگریکردنی ئەمانوڵڵاخانی دووهەم لە فیرقەی "شیخیە"ی شیعە، کە "بە شەڕی کاروانسەرا" ناوی دەرکردووە (ربیع الاول ١٢٧١/ نوامبەری ١٨٥٤) نموونەی ئەم دیاردەیە (تحفه ناسری، ٢٥٦).

٦. زوڵم و زۆر و باج سەندنی بآسنووری خانانی ئەردەڵان لە خەڵکی ئاسایی بە ئامانجی تێرکردنی دەرباری چاوچنۆکی شاهانی ئێران و ڕابواردنی خۆیان، کەڵکی ئەوەی پێوە نەهێشتبوون لە بیری خێروبێر و قازانجی خەڵکدا بن. بە پێچەوانە، بێ مافی و هەژاری و ڕووتاندنەوەی خەڵک و ئاخنینەوەی گیرفانی خۆیان ئامانجی سەرەکیان بوو. کاتێ ئەمانوڵڵاخانی گەورە بە خەڵکی سەقز ڕادەگەێنێ نیازی هەیە بچێ بۆ سەقز، خەڵکی شارەکە تکای لێ دەکەن ٨٠٠ تمەن پێشکەشییان لێ وەربگرێ و نەچێ، بەڵام خان دەڵێ دێم و هەزار تمەنیشم گەرەکە[٣٢]!

٧. زوڵم و زۆری خانانی ئەردەڵان تەنیا بە باج سەندن و ڕووتاندنەوەی خەڵک کۆتاییی نەدەهات. دیوەخان، جێگای ڕابواردن و عەیش و نۆش و بێ ئەخلاقیی زۆرێک لە ئەردەڵانیەکان بوو؛ داستانی یۆسۆ یاسکەی شایەری خان "ئەحمەد خان" لەگەڵ زێڕین کڵاو خانم، ئێستایش لەسەر زمانی زۆر کەس ماوە و دەگوترێ خان، یاسکەی بە تاوانی پێوەندی لەگەڵ زێڕین کڵاو خانم ئیعدام کردبێت.

خوسرەو خانی ناکام سەرەڕای ئەوەی "حوسنی جیهان خانمی کۆنەژنی فەتحعەلی شا"، ژنی بوو، شەوانە لە ماڵی "ڕەزالە سەقزی"ی دەلاڵ دەخەوت. دوای هەموو

[٣٢] کلۆدیوس جەیمز ریچ، "گەشتی ڕیچ بۆ کوردستان (١٨٢٠)"، محەممەد حەمە باقی لە عەرەبییەوە کردوویەتە کوردی، تەورێز. ١٩٩٢، ل٢٢٣. ناوی ڕاستەقینەی کتێبەکەی ڕیچ بریتییە لە "داستانی مانەوە لە کوردستان" کە بە هۆی دەستاودەست کردن و تەرجەمەی ناڕاستەوخۆوە بەو شێوەیە دەرهاتووە:
Claudius James Rich, “A Narrative of a Residence in Koordistan”
باوەکوو نوسخەی کتێبە ئینگلیزییەکە کەم دەست دەکەوێت بەڵام دەکرێ لە سەر ئینترنێت دایبەزێنی.

ئەوانەش، ئەبولحەسەن بەگی باوکی مەستوورە خانم و هەموو کەسوکارەکەی خستە بەندیخانەوە و تا مەستوورەی شاعیریان لێ مارە نەکرد، ئازادی نەکردن!

خان ئەحمەد خانی کوڕی کەلبعەلی خان، وەها خەریکی عەیش و نۆش و ڕابواردن و پارە سەرفکردن بوو، کە خەڵک بە "خانە زێڕینە"یان بانگ کرد (مەردۆخ، ٢، ١١١). "کوڕانی... خوسرەوخانی ناکام لە گوناهکردن و کردەوەی خراپ ڕوویان وەرنەدەگێڕا و لە ئەتک کردنی ژنان و ڕشتنی خوێن و ئازارگەیاندن بە خەڵک، سنوورێکیان بۆ خۆ دانەدەنا." (تحفە ناسری، ٢٧٢).

٨. لەکاتێکدا ناوچەکانی دیکەی ئێران وەک تەبریز و ئیسفەهان و تاران لەوپەڕی ئاوەدانی و پێشکەوتوویی ئابووریدا بوون، ژێرخانی ئابووریی کوردستان گەلێک لاواز بوو. کەرەسەی بەرهەمهێنان (زەوی و ئاو) مڵکی دەربەگەکان و چەوساندنەوەی ڕەعیەتی نیشتەجێ لە تاقەتی خەڵک بەدەر بوو. ئاڵۆزی و شەڕی ناوخۆیی و دەرەوەیی کارێکی سەلبییان کردبووە سەر ئەرکی بەرهەمهێنان. کەریم خانی زەند هەموو شاری سنەی تاڵان کرد و ئاگری تێ بەردا، شار و ئاواییەکانی هەورامان چەندین جار تووشی تاڵان و برۆی خانانی ئەردەڵان هاتن. هەلومەرجی ناوچەکانی دیکەش جیاوازییەکی ئەوتۆیان لەگەڵ هەورامان نەبوو. هەرچۆنێک بێت، "بە هۆی ئەو هەموو بێ خەبەری و چاوقووچاندنە و لە ئاکامی ئەوزوڵم وزۆرانەدا، بەخت و ئیقباڵی ئەو بنەماڵە بەڕێزە، لە تاریکیی دابڕان و هەڵوەشانەوەدا تێپەڕ بوو" (تحفە ناسری، ٢٧٣). ئەو دارە هەڵۆڵە بە ئیشارەیەکی "ناسرەددینشا"ی قاجار کەوتە زەوی (هەشتەمی سپتەمبەری ١٨٦٧) و دوایی بە مێژوویەک هات کە سەرەڕای هەموو ئەو ڕاستییانە، وەک سەردەمی نیوە سەربەخۆیی و دەسەڵاتداریی کورد، جێگای ڕێز و شانازی گەلەکەمانە. لە بیرمان نەچێ بۆ یەکەم جار (و دواجاریش!) خان ئەحمەد خانی کوڕی هەڵۆخان بەرەو دامەزراندنی حکوومەتێکی سەربەخۆی کوردی هەنگاوی نا ــ ئەویش، کاتێ بوو کە "شاە سەفیی سەفەوی، 'سورخاب'ی کوڕی کوێر کرد، ئینجا خان ئەحمەد خان هەندێ ناوچەی ڕۆژئاوای ئێرانی گرت، بە ناوی خۆیەوە سکەی لێدا و لە مزگەوتەکان خوتبەی بە ناوەوە خوێنرایەوە: "...الوالی بن الوالی، والی والاشان، خان احمد خان اردلان، پادشاە بالاستقلال کردستان صانە اللە تعالی عن طوارق الحدثان ومتعنا بدوام دولتە وقوام شوکتە الی مدید الزمان..." (مەردۆخ، ٢، ١٠٦).

کەشکۆڵی شێخ عەبدولموئمینی مەردۆخی، لە ڕۆژگارێکی ئەوتۆدا نووسراوەتەوە.

٥. چارەنووسی کەشکۆڵەکە:

دەزانین کەشکۆڵەکە لە ساڵی ١١٩٨دا (١٧٨٣/٤) کاری نووسینەوەی تەواو بووە و لە ساڵی ١٩٠٢دا بە مووزەخانەی بریتانیا فرۆشراوە، بەڵام هیچ شتێک لەمەڕ بە سەرهاتەکەی لەنێوان ئەوساڵانەدا نازانین. کلیلی کرانەوەی قفڵی ئەو زانیارییانە، ڕستەیەکە بە زمانی ئینگلیزی کە لە دوالاپەڕەی دەستنووسەکەدا نووسراوە: "لە میرزا سەعید کڕا، چواردەهەمی ئۆکتۆبەری ١٩٠٢".

مێجەر سۆن لە وتارێکدا کە وەرگێڕاوەکەی پاشکۆی یەکەمی ئەم کتێبەیە، دەنووسێ: "دەستنووسەکە دوکتۆر سەعیدی سنەیی داویەتی بە 'مووزەخانەی بریتانیا'. مینۆرسکیش لە وتاری "گۆران"دا ــ کە بەشێکی تەرخانی ئەم کەشکۆڵە شیعرە کراوە (پاشکۆی دووهەم). بەڵگە لە قسەی "دوکتۆر سەعید خان" دێنێتەوە.



ڕاستی ئەوەیە کە میرزا سەعید و دوکتۆر سەعیدی سنەیی و دوکتۆر سەعید خان هەر یەک کەسن و ئێمە ئەمڕۆ ئەو زاتە بە باشی دەناسین. ئایەتوڵڵا مەردۆخ دەنووسێت: "لە ساڵی ١٣٠٥ ک/ ٨- ١٨٨٧ز، تاقمێک موژدەدەری مەسیحی بە دووکۆڵ تەورات و ئینجیل و کتێب و نامیلکەی ئاینییەوە هاتنە کوردستان [سنە] و بۆ سەلماندنی بەرهەقایەتیی ئاینی مەسیح و پووچبوونی ئیسلام و داوای وتووێژیان لەگەڵ مەلاکان کرد... خوالێخۆشبووی باوکم (شێخ عەبدولموئمینی سێهەم) لەگەڵیاندا کەوتە باس و قسەکردنەوە... موژدەدەرەکان دامان و شەوێکیان هەڵاتن ... "فەقێ سەعیدی کوڕی مەلا ڕەسووڵی مەریوانی" کە بە هۆی نزیکایەتیی باوکیەوە، هەمیشە هاتوچۆی ئێمەی دەکرد، پەیوەندیی پێوەکردن و

فریوی "خواجەباو"ی مەسیحی کوڕی "خواجە بایۆسف"ی ناودار بە "شەیتان"ی خوارد و لەگەڵیان کەوت. دوای چەند ساڵ، فێری پزیشکی بوو، ئاینی گۆڕی و ژنی مەسیحیی هێنا، ئینجا گەڕایەوە بۆ ئێران، بەڵام لە ترسی خۆی نەیتوانی بێتەوە کوردستان. ماوەیەک لە هەمەدان مایەوە و پاشان چوو بۆ تاران و ئێستا [کاتی نووسرانی تاریخ مەردۆخ]، لەوێ بە دوکتۆر سەعید خانی کوردستانی ناوی دەرکردووە و لە پزیشکە پلە یەکەمەکانی ئێرانە. لەم دواییانەدا کتێبێکی بە شیعری کوردی و بۆ ڕەواجی ئایینی مەسیح لەچاپ داوە کە ناوی "نزانی؟ مزگانی!" یە... هەموو نامە نووسینێکی نێوان من و ئەو بە کوردییە، گەرچی ئاینی لەدەست داوە، بەڵام دەمارگیریی کوردیی هەر ماوە و بگرە زیاتریش بووە." (شێخ محەمەد مەردۆخ، هەمان، ٢، ل‌ل١٧ تا ١٩).[٣٣]

زانیاریمان لەمەڕ ژیان و بەرهەمەکانی دوکتۆر سەعید خان کاتێ زیاتر بوو، کە لە ساڵی ١٩٥٧دا کتێبێک بە زمانی ئینگلیزی لەسەر ژیانی سەعید خان نووسرا. نووسەرانی کتێبەکە دەڵێن:

"میرزا سەعید... پاش ١٢ ساڵ کارکردن لەگەڵ موژدەدەرەکان لە شاری هەمەدان، لە لایەن موژدەدەرێکەوە بە ناوی "مستەر هاگبرگ" بانگهێشتنی سوئێد کرا...لە نۆهەمی مانگی جوون ساڵی ١٨٩٣ گەیشتە ستۆکهۆڵم... بە جلوبەرگی کوردییەوە لەگەڵ هاگبرگ بە هەموو شارەکانی سویددا گەڕا و لە کڵێسەکاندا پروپاگەندەی مەسیحییەتی کرد... لە مانگی یەکەمی پایزی هەمان ساڵدا چوو بۆ بریتانیا... لە ناو پاپۆڕەکەدا، ژن و پیاوێکی خەڵکی ئیرلەندە لەگەڵیدا بوون بە دۆست و دوکتۆرێکی لەندەنییان بە ناوی چارلز وارێن C. WARREN پێ ناساند کە لە باری پزیشکی و ئاینییەوە یارمەتیی دا، لە ماڵی خۆی وشوێنی بۆدابین کرد و نادریە کۆلێجێکی پزیشکی[٣٤] ... ئینجا میرزا سەعید دوو کۆرسی لە خەستەخانەی ناوەندی[٣٥] و خەستەخانەی گشتی[٣٦] وەرگرت، کە ئەم کارانە بەسەریەکەوە دوو ساڵیان خایاند... پاشان دوکتۆر وارێن تا شاری 'کاردیف' لە

---

[٣٣] سەعید خان لە وتاری "ئەهلی حەق"دا دەڵێ ئەم کتێبەم بۆ برەوپێدانی ئایینی عیسا لە ناو لایەنگرانی ئەهلی حەق نووسیوە. بڕوانە:

Saeed Khan, “Ahl –I haqq”, The Modern World. Vol. XVIII, ١٩٢٧, PP ٣١-٤٢

من ئەو وتارەم وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی و لە ژمارەیەکی گۆڤاری گزینگ چاپی سوئید دا بڵاو کراوەتەوە.

[٣٤] Cook’s School of Anatomy and Physiology

[٣٥] Central Hospital

[٣٦] General Hospital

'وەیڵز'[٣٧] بەڕێی کرد... لەوێ سواری پاپۆڕ بوو و بەڕێگای شاری 'باتووم' لە زەریای ڕەش دا، گەڕایەوە ئێران (١٨٩٥) و تا ساڵی ١٩١٢ لە تاران خەریکی کاروباری پزیشکی بوو... لە هاوینی ساڵی ١٩١٢دا گەڕایەوە هەمەدان و لە مانگی سپتەمبەردا بانگ کرایە سەر "ئەمیر عەلائەددین" کە لە (خەسرەو ئاوا) نەخۆش کەوتبوو... ئینجا بانگ کرایە سنە بۆ ئەوەی نەخۆشیی "وەکیل الملک" چارە سەر بکات.... لەوێشەوە چوو بۆ هەورامان بۆ عیلاجکردنی نەخۆشیی "سوڵتانی هەورامان"... "شێخ علا الدین نەقشبەندی"ش کچەکەی نەخۆش بوو، دوکتۆر سەعید خانی بانگ کردە لای خۆی." [من لام وایە ئەو دوکتۆر واڕێنەی جێگەی باس، هەمان چارلز وارێنی ئەفسەری سوپایی بریتانیایە کە لە ١٨٤٠ دا لەدایک بووە و لە ١٩٢٧ دا کۆچی دوایی کردووە. ناوبراو خەریکی کاری کەوناراناسی و کۆڵینەوەی زەوی لە فەلەستین بووە و واهەیە هەر ئەو سۆزەی بە نیسبەت مێژووی ناوچەی ئێمە لە سەعیدخانی نزیک کردبێتەوە. ئەنوەر].

نووسەرانی ژیننامەکە، لە درێژەدادەڵێن "دوکتۆر سەعید خان لەم سەفەرەی کوردستان، بە شوێن شتی کۆن و عەنتیکەدا گەڕاوە و "سێ قەباڵەکەی هەورامان"ی لەم سەفەرەدا دۆزیوەتەوە."[٣٨] ئینجا لە ساڵی ١٩١٣دا، جارێکی تر، سەردانی لەندەنی کردووە.

---

[٣٧] Cardiff, Wales

[٣٨] J M Rasooli and Cady H Allen, “The Saeed of Iran”, Michigan, USA, ١٩٥٧, P ٧٠.

شایانی باسە بۆچوونی نووسەرانی کتێبەکە بە تەواوەتی جیاوازە لە بیر وڕای بنەماڵەی شێخانی نەقشبەندی. لە خوالێخۆشبوو دوکتۆر عابید سراج الدینی هەروەها لە کاک ئەسعەدی سراج الدینیم بیستووە دەڵێن سەعید خان ئەو سێ قەبالەیەی بە فێڵ لە دەستی شێخ عەلائەددین دەرهێناوە و باوەکوو بڕیار بووە دوای نواندنیان بە پسپۆڕان بیانداتەوە بە شێخ، بەڵام ئەو کارەی نەکردووە و فرۆشتوونی. مەسەلەی فرۆشرانی قەباڵەکان لە هەندێک سەرچاوەدا پشتڕاست کراوەتەوە.
ئێدمۆندز دەنووسێت:
"...سێ قەبالەی پێستی، کە دوانیان بە زمانی یۆنانی و سێهەمیان بە زمانی پارتی بوو، دوکتۆر سەعید خانی کوردستانی لە ساڵی ١٩١٣ دا هێنایە ئینگلستان و پاشان موزەخانەی بریتانیا لێی کڕی. دوکتۆر سەعیدخان دەیگوت ئەو قەباڵانە لە ئەشکەوتێک لە کۆساڵانی نزیک هەورامانی تەخت دۆزراونەتەوە..."، کورد، تورک ، عەرەب، وەرگێڕانی فارسی ئیبراهیم یۆنسی، نشر روزبهان، تهران ١٣٦٧ [١٩٨٨]، ص ٣٩٢.
هەر وەها لە پەیوەندی باسی کەشکۆڵ و سەعیدخاندا بە پێویستی دەزانم بەشێک لە نووسراوەی کاک ئەئحمەدی شەریفی بهێنمەوە کە لە پەسندی بۆچوونی من لەمەڕ یەکبوونی بێسارانی و مەحزوونیدا نووسیویە و گۆڤاری گزینگ بڵاوی کردۆتەوە. کاک ئەحمەد دەنووسێ:
"هاوینی ساڵی ١٣٥١ ی هەتاوی [١٩٧٢] ڕۆژێک لە ڕۆژان لە تاران ڕێم کەوتە "انجمن کتب مقدسە:" سەر بە کلیساکانی دیانی. لەوێ لەگەڵ کەسێک بە ناوی 'بەشیری' ئاشنا بووم. کاتێک زانی کوردم، گوتی چەند کتێبی کوردیمان هەیە، وەرە چاویان لێکە. کتێبەکان بریتی بوون لە

دوکتۆر سەعیدخان، لە تاران سەری لە ناو سەران دەرهێنابوو، لەگەڵ ژمارەیەکی زۆر لە گەورەپیاوانی سیاسی وەک "مستوفی الممالک"ی سەرەک وەزیران[39] یا کەسایەتیی فەرهەنگیی وەک ملک الشعراء بهار[40] دا کەوتبووە پەیوەندیی

---

"مزگانی" دانراوی دوکتۆر سەعیدخانی کوردستانی، بە سەرەتایەکی دوور ودرێژی فارسی و ناوەرۆکی هەورامی و چوار بەرگ ئینجیلی کوردی بە زاراوەی موکریانی. ئەمن ئەو کتێبانەم کڕی و لەگەڵ خۆمدا بردمنەوە کرماشان. ڕۆژێک ئینجیلەکەم پیشانی مێدیا خانمی زەندی ژنی خوالێخۆشبوو حەسەن زیرەک دا. گوتی ئەوە یەکێک لە وەرگێراوەکانی باوکم "دوکتۆر عەزیزخانی زەندی"یە. ... لەوە ماوەیەدا کە لە کرماشان بووم هامووشۆی خزمەت ئایەتوڵلا مەردۆخم دەکرد، زۆرجاران بۆ زیارەت و دیدەنی دەچوومە سنە. لە بەهاری ١٣٥٢ [١٩٧٣] دا ڕۆژێک چوومە خزمەتیان و نوسخەیەکی "مزگانی"شم وەک دیاری بۆ برد. خوالێخۆشبوو هەر چاوە کەمسۆکانی بە "مزگانی" کەوت، پڕ بوون لە ئەسرین و فەرمووی "سەعیدخان پیاگێکی فرە خاس بوو، دۆستایەتیەکی نزیکی لەتەک خانەوادەی ئێمەدا هەبوو، باوکم چەند جاری لە مەرگ ڕزگار کرد. بڕیاری دابوو فەرهەنگێکی کوردی (هەورامی)- فارسی- ئینگلیزی بنووسێ، بۆ ئەم کارەش پێویستی بە سەرچاوە و نووسراوەی هەورامی هەبوو. ئەو وەخت بە دەگمەن کتێبی چاپکراوی کوردی (هەورامی) هەبوو. من لە کتێبخانەکەی خۆماندا سێ دەستنووسی هەورامیم پێدا. یەکیان دیوانی مەحزوونی یان بێسارانی بوو کە باپیرم بە خەتی خۆی نووسیبوویەوە لەگەڵ دیوانی مەعدوومی (مەولەوی) و ڕۆستەم و زەردەهەنگەکەی مەلا مستەفای دڵدڵی. بەڵام نازانم چییان بە سەر هات. سەعید خان فەرهەنگەکەی نووسی یان نا؟
من لە ساڵەکانی دواییدا چەند جار چوومە ئەنجومەنی کتێبی ئەسپەند (انجمن کتب مقدسه) بەڵام کەسگەلێکی کە لەوێ بوون هەر ناوی دوکتۆر سەعیدخانیان دەبیست ڕوویان ترش دەکرد و سەبارەت بە یادداشتەکان و شوێنەوارەکانی، خۆیان گێل دەکرد. سەعید خان کەسی نەبوو، هەموو مڵک و ماش و سەروەت و سامانی وەگیر ئەو ئەنجومەنە کەوتبوو.ئەوان لەوەی دەترسان کابرایەکی کوردی وەک من بە داشداری دوکتۆر دەرچێ و داوای مڵک و ماشیان لێ بکات بۆیە هەر کە ناوی دوکتۆریان دەژنەوی هەڵدەبەزینەوە. بەڵام سەرەنجام لە هاوینی ساڵی ١٣٧١ {١٩٩٢]دا لە لای پیرێژنێکی هەرمەنی، کە دە ماڵەکەی دوکتۆر سەعیدخاندا دەژیا، لە کۆنە سندووقێکدا یادداشتەکان و فەرهەنگەکەی دوکتۆر سەعیدخانم دۆزییەوە. بڕیار وابوو لە دەرفەتێکدا فەرهەنگەکە و بەشێک لە یادداشتەکانی کۆپی بکەم. ڕووی دەست کورتی ڕەش، بەڵام ئاسەوارێک لەو دەستنووس و دیوانانەی وا ڕەوانشاد مەردۆخ باسی کردبوون نەبوو. یەکدوو مانگ دواتر چوومەوە تاران و پەیجۆیی پیرێژنم کرد، یەک گوتی مردووە و یەک گوتی چووەتە ئەرمەنستان ماڵی دوێت (کچ)ەکەی. ئێستا لە نووسراوەکەی کاک ئەنوەردا وا دەردەکەوێ کە دوکتۆر سەعیدخان یەک لەو دەستنووسانەی- کە دەستنووسی باپیری یەزدانبەخش مەردۆخ بووە، داوە بە نامەخانەی بریتانیا و کاک ئەنوەر وتاری لەسەر نووسیوە." بڕوانە، ئەحمەد شەریفی، "مەحزوونی یان بێسارانی؟"، گۆڤاری گزینگ، سوئێد، ژمارە ٧، بەهاری ١٩٩٥ لاپەڕە ٦٢ و ٦٣.
هەروەها ڕێزدار محەممەد عەلی سوڵتانی لە نامەیەکدا بۆ من، باسی ئەوەی کردووە کە لە سەفەرێکدا بۆ شاری سنە، چاوی بە ٧٠ – ٨٠ نامەی دوکتۆر سەعید خان کەوتبێ کە بۆ خوالێخۆشبوو رکن الاسلام سنندجی نووسیون. سوڵتانی دەڵێ بابەتی نامەکان زیاتر ئیخوانیات بوون. (نامەی ٧ی مانگی جولای ١٩٩٥).

[39] محمد نیری و س وحیدنیا، "زندگی نامه مستوفی الممالک، انتشارات وحید، تهران ١٣٦٩ [١٩٩٠]، ص ٥٢٢

[40] لە ئێراندا، یەکەم جار باسی دۆزرانەوەی پارچە شیعرێکی کوردی کە گوایە لەسەر پێستی ئاسک نووسراوەتەوە، لە لایەن شاعیری گەورەی ئێرانی 'ملک الشعراء بهار'ەوە هاتۆتە گۆڕێ.

نزیکەوە. مینۆرسکی لە وتاری "گۆران"دا چەند جار ناوی دوکتۆر سەعید خان دەبات و دەڵێ "ئەو قسانەی وا دوکتۆر لە ڕۆژی پێنجی جوڵای ١٩١٧ لە تاران دەربارەی شاعیرانی کورد پێی گوتم، گەلێک شتیان فێر کردم." (بڕوانە پاشکۆی دووهەم)[٤١].

جیاواز لە نامیلکەی (نزانی؟ مزگانی!) کە بە شیعرێکی پاراوی گۆرانی هوندوویەتەوە و جێی خۆیەتی یەکێ لە بنکە ڕۆشنبیرییەکانی کورد لە دەرەوەی وڵات چاپی بکاتەوە، ئینجیلێکی دەستنووسی لەپاش بەجێ ماوە کە ئێستا لە کڵێسەیەکی شەقامی (قوام السلطنه)ی تاران پارێزراوە و من خۆم لە ساڵی ١٩٨٥دا چاوم پێی کەوتووە. مامۆستا علاالدینی سجادی لە بەشی "باخچەی شاعیران"ی مێژوەکەی خۆیدا، دەنووسێ دوکتۆر سەعید خان لە ساڵی ١٩٢٥دا کۆچی دوایی کردووە[٤٢]. بەڵام بە بڕوای من، دوور نییە لای کەم تا ساڵی ١٩٢٧ کە وتاری "ئەهلی حەق"ی لە گۆڤاری "جیهانی ئیسلام"دا چاپ کرد، هەر لە ژیاندا بووبێت.

---

بەهار گوتی ئەو هەواڵەی لە دوکتۆر سەعید خان بیستووە (بڕوانە، ملک الشعراء بهار، :"سبک شناسی"، بەرگی یەکەم). قسەکانی بەهار لە زۆر کتێب و وتاری کوردی و فارسیدا ڕەنگیان داوەتەوە. بۆ نموونە، مەردوخ، مێژوو، ١، ٥٠. بە داخەوە من نەمتوانی سەری ئەو هەودایە بدۆزمەوە و بزانم شیعرەکە کەی و چۆن و لە کوێ دۆزراوەتەوە و ئێستا کە کوێ ڕاگیراوە بەڵام هەرچۆنێک بێت، ئەو هەواڵە فڕی بە سەر ڕاستییەوە نییە و دەسکردی کوردێکی ناسیۆنالیستە کە ویستوویەتی مێژوو بۆ ئەدەب و شیعری کوردی دروست بکات، زمانی شیعرەکانیش تازەیە و لە زمانی نووسینی کتێبی "نزانی؟ مزگانی" ی دوکتۆر سەعیدخان زۆر دوور نییە. ئەوە دەقی شیعرەکانە:

"هورمزگان ڕمان، ئاتران کوژان     وێشان شاردەوە گەورەی گەورەکان...
زۆردار عەرەب کردنە خاپوور     گنای و پاڵە هەتا شارەزوور
شن و کنیکان وەدیل بشینا     مێرد ئازا تلی وەڕووی هوینا
ڕەوشت زەڕتەشتر مانەوە بێکەس     بزیکا نیکا هورموزد وە هیچ کەس"

دوکتۆر ئەمیری حەسەن پوور لە نامەیەکدا بۆی نووسیوم کە "ئەو هەڵەیە یەکەمجار خوالێخۆشبوو حوزنی موکریانی کردوویە". (نامەی مانگی فەبریوەریی ١٩٩٦). بە بۆچوونی من ئەگەر تەنانەت حوزنیش بۆ یەکەمجار بابەتەکەی ڕاگەیاندبێت، دیسان شیعرەکە هەر دەبێ کاری دوکتۆر سەعیدخان بووبێت کە گەیشتۆتە دەستی حوزنی و دوور نییە سەعیدخان هەوالەکەی بە مەرحوومی حوزنیش دابێت..

[٤١] مینۆرسکی لە شوێنێکی دیکەشدا ناوی دوکتۆر سەعیدخان دەبات ئەویش لە لە بیبلیۆگرافیی کۆتایی وتارێکدا بە ناوی ئایینی ئەهلی حەق بە خوێنەری دەناسێنێت:

V. Minorsky, “The Sect of Ahli Hakk”, Iranyka, Twenty Articles by V Minorsky, ١٩٦٤, Tehran University, PP. ٣٠٦ – ٣١٤

من وتارەکەم کردۆتە کوردی و لە گۆڤاری گزینگ چاپی سوئێددا بڵاو کراوەتەوە.

[٤٢] بڕوانە، علاء الدین سجادی، "مێژووی ئەدەبی کوردی"، چاپخانەی مەعارف، بەغدا ١٩٥٢/١٣٧١، بەشی باخچەی شاعیران، ل ٥٣٧

ئەو زانیارییانە بەسەریەکەوە دەمان گەیێننە ئەنجامێک: میرزا سەعیدێک کە ناوی بەدوا لاپەڕەی ئەو دەستنووسەوەیە وا بە موزەخانەی بریتانیا فرۆشراوە، هەمان فەقێ سەعیدی مەلا ڕەسوولّی مەریوانی و دوکتۆر سەعید خانی سالانی دواترە و دوور نییە کەشکۆڵەکەی لەو هاتوچۆیانەدا کە لەگەڵ مالی مەردۆخیەکانی هەبوە، کەوتبێتە دەست و دواتر بە مووزەخانەکەی فرۆشتبێ. ئەم کارەش لە سەفەری یەکەمی میرزا سەعید بۆ سوید و بریتانیا لە سالّی ١٨٩٣دا، بەڕێوە نەچوە و دوور نییە دواتر لە سالّی ١٩٠٢دا لە ڕێگای بالّوێز خانەی بریتانیاوە لە ئێران یاخود هەر ڕاستەوخۆ بە مووزەخانەی بریتانیای فرۆشتبێ.

٦. زمان

مەسەلەی شێوە زمانی شیعرەکان، بە هۆی هەڵوێستی هەندێ ئەورووپییەوە ئالۆز بووە. ئەو کەسانەی وا زۆربەیان زمانەوان نین، شیعری کەشکۆڵەکەیان کردووەتە بەڵگە بۆ چەسپاندنی بۆچوونێک کە لە ڕیشەی خۆیدا سیاسییە نەک زانستی و بە گوێرەی ئەو بۆچوونە شێوە زمانی گۆرانی، شێوەیەکە لە زاراوەکانی زمانی فارسی.

من زمانەوان نیم و بە هیچ شێوەیەک نامەوێ خۆم تێکەڵاوی باسێک بکەم کە لە دەرەوەی وزە و توانامدایە. ئەوەش وا لێرەدا دەبینرێ، تەنیا بۆ ڕوونکردنەوەی هەندێ لایەنی کاری ساغکردنەوەی شیعرەکانە و هەوڵ دەدەم لەم بوارەدا، کەڵک لە زانست و بۆچوونی پسپۆڕان وەربگرم بێ ئەوەی 'اجتهاد'ێکی شەخسیی خۆم دەرببڕم و سەر لە خوێنەر بشێوێنم ــ کارێک کە بۆ نموونە، مێجەر سۆن کردوویەتی[٤٣] و بەداخەوە زۆرێک لە ڕۆشنبیرانی کوردی ناشارەزا، لەدوویان داوە.

هەلومەرجی جوغرافیایی و سیاسی ناوچەکە و تێکەڵاویی فەرهەنگی ــ زمانیی خەڵک و ئامێتەبوونی جەمسەرە ڕەش و سپییەکان لە هەموو دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی- سیاسی- فەرهەنگیی ئەو مەڵبەندەدا، کاری تۆژینەوە لە دیاردەیەکی

---

[٤٣] بڕوانە پاشکۆی یەکەمی ئەم کتێبە، هەروەها وتارێکی دیکە بەم ناو ونیشانە:
Major E B Soanne, „Southern Kurdish Folk Song in Kermanshahi Dialect“, Journal of the Royal Asiatic Society, January ١٩٥٩, pp. ٣٥-٥١
من ئەو وتارەشم وەرگێڕاوەتە سەر کوردی و لە دوو ژمارەی مانگانەی "مەڵبەند"- بڵاوەی مەڵبەندی ڕۆشنبیریی کوردی لە لەندەن دا بڵاو بۆتەوە. بڕوانە، مێجەر سۆن، "قەتاری کوردی کرماشان"، ئامادە کردن و وەرگێڕانی ئەنوەری سوڵتانی، مەڵبەند، ژمارە ٥٣، نۆڤامبری ١٩٩٤ و ژمارە ٥٤، دیسامبری ١٩٩٤

وەک 'زمان' ئاڵۆزتر دەکات. دراوسێیەتیی کورد لەگەڵ فارس و عەرەب و تورک و ئەرمەنی و ئاشووری و گەلێک کەمایەتیی زمانیی دیکە، (ئازەریی کۆن، گیلەکی، تەبەری، و...)، کاری یەکالاکردنی مەسەلەکەی، ئەستەم و بێ ئەنجام کردووە. خۆ ئەگەر جیاوازی و سنووری نێوان زاراوە کوردییەکانیش بگیرێتە بەر چاو، مەسەلەکە، بیچمی کەلافەبەنێک پەیدا دەکات کە جەمسەرەکانی بەهۆی بچڕانی زۆرەوە ئەستەمە دیاری بکرێن!

بەداخەوە، زۆربەی ئەو کەسانەی وا لە مەسەلەکە دواون، لە دەرەوەی گۆڕەپانی زمانەوانی وەستاون. ئەو کەسانە، نووسەر، شاعیر، پیاوی سیاسی، مێژوونووس و ڕۆژنامەگەر هەن، بەڵام زمانەوان نین! هەر بۆیەش بۆچوونە کانیان لەگەڵ یەکدا ناتەبا و جیاوازن.

لەکاتێکدا، هەندێ ئەورووپیی وەک "سۆن" (پاشکۆی یەکەم) و "ئوسکار مان"[٤٤] و "مەکەنزی" (پاشکۆی سێهەم)[٤٥] و هەندێکی تر[٤٦]، بەڵێبڕاوییەوە، شێوەی گۆرانی بە زاراوەیەکی فارسی دادەنێن، کەسانێکی دیکە هەمان ڕوانگە، بە هەندێ گومان و دوودڵییەوە دەردەبڕن: مینۆرسکی[٤٧]، ئێدمۆندز[٤٨]، نیکیتین[٤٩] و ژاک دومۆرگان[٥٠].

ئێرانیەکانیش شێوەی تایبەت بە خۆیان، گرتووەتە بەر. بەشێکی بەرچاو لە ئەدیب و نووسەرە ئێرانیەکان شێوە باشوورییەکانی زمانی کوردی بە زاراوەیەکی زمانی

---

[٤٤] Oscar Mann, „Manderten der Guran“, Berlin ١٩٣٠.

[٤٥] پێشوو، پەراوێزی ژمارە ٥

[٤٦] بۆ نموونە، چارلز ڕیۆ (پێشتر، پەراوێزی ژمارە ٨) و دائرة المعارفی ئیسلام، وشەی کورد.

[٤٧] بڕوانە پاشکۆی ژمارە ٢ ی ئەم کتێبە.

[٤٨] بێ ئەوەی خۆی هەڵوێستێکی تەواو بگرێت، لە زمان "زوربەی ئوروپییە باوەڕ پێکراوەکان"ەوە دەڵێ "گۆرانی کوردی نییە". بڕوانە، ئێدمۆندز، "کورد، تورک، عەرەب"، پێشوو، ل ١٧١

[٤٩] "... لەوێ [لە هەورامان]، بە زمانێکی تایبەت قسە دەکەن و خۆیان لەجیاتی کورد بە هەورامی دەزانن [؟] لە ڕاستیدا، لە ڕووی زمان و تایبەتییەکانی دیکەیانەوە، وێدەچێت کوردی خالیس نەبن و وەک گۆران پاشماوەی قەومێکی دیکەی ئێرانی بن..." بڕوانە، واسیلی نیکی تین، "کورد و کوردستان"، ترجمه فارسی محمد قاضی، انتشارات نیلوفر، تهران ١٣٦٦ [١٩٨٧]، ص ٧٧

[٥٠] زمانی کوردی لە باری ڕێزمانەوە، جگە لە هەندێ لەهجە- وەک هی خەڵکی پاوە، جیاوازییەکی ئەوتۆی لەگەڵ فارسیدا نییە." ژاک دو مۆرگان، "مەئمووریيەتی زانستی"، وەرگیراو لە کتێبی میرزا شکرالله سنندجی، پێشوو، سەرەتای دوکتۆر حشمت الله طبیبی. وەک دەبینرێت، ژاک دو مۆرگان باوەڕ بە جیاوازییەک لە نێوان کوردی و زاراوەی خەڵکی پاوە [= لقێکی گۆرانی] دا دێنێت، ئینجا سەرجەم زمانی کوردی دەکاتە فارسی!

فارسی دەدەنە قەڵەم (دائره المعارف فارسی[٥١]، فەرهەنگ لکی[٥٢] و...) بەشێکی دیکەیان، "گۆرانی" بە کوردییەوە دەبەستن، ئینجا هەردوکیان پێکەوە بە زاراوەیەکی فارسی دادەنێن! (مقدمه برهان قاطع)[٥٣].

زانا و ئەدیب و تەنانەت زمانەوانی کوردیش لەو بازاڕە ئاڵۆزەدا چەواشە بوون و هەرکام سازی خۆیان لێ دەدەن. لێرەشدا، وەک زۆرلایەنی دیکەی ژیانی فەرهەنگی و سیاسی، کورد تووشی شەوارە هاتووە و سەری لێ شێواوە:

د. ئەوڕەحمانی حاجی مارف، دوو کتێبی لەسەر زمان و ڕێزمانی کوردی نووسیوە ولە هیچکامیاندا تەنانەت ناوێکی لە شێوە زمانی گۆرانی و بە گشتی شێوە باشوورییەکان نەهێناوە .[٥٤]

نووسەرانی "فەرهەنگی کوردی (سۆرانی) ــ ڕووسی" ش بە هەمان شێوە، زمانی کوردییان تەنیا کردووە بە دوو بەشی کرمانجی ژووروو و خوارووەوە و باسێکیان لە شێوەکانی باشوور نەکردووە[٥٥].

مامۆستا عەبدوڕڕەحمانی زەبیحی، هەنگاوێک دەچێتە پێشەوە، کاتێ باسی 'لەهجەی جنووبی' دەکات و بە 'کوردی'ی دەزانێ، بەڵام ئەویش لە بنەڕەتدا باوەڕی بە سەقامگیریی لەهجەکە و سروشتی بوونەکەی نییە، هەر بۆیەش گۆرانی

---

[٥١] "شەرەفنامەی بەدلیسی، لوڕ و لەک بە کورد دادەنێت، بەڵام ئەوە بەگشتیکردنێکی نابەجێیە..." بڕوانە، غلامحسین مصاحب، "دائرة المعارف فارسی"، ج ١ و ٢ پێکەوە، انتشارات کتابهای جیبی، تهران ١٣٥٦ [١٩٧٧]، ل ١١٦٧

[٥٢] "... لەکی زمانی شیعر و ئەدەبی لوڕستان و زمانی هەڵبەستە ئایینییەکانی یارسان و ئەهلی حەقە، کە زۆرجاران لەگەڵ زاراوەی کوردیدا هەڵە کراوە و بە کوردی دانراوە. زاراوە لوڕییەکان کوردی نین." حمید ایزدپناه، "فرهنگ لکی"، موسسه فرهنگی جهانگیری، تهران ١٣٦٧ [١٩٨٨]، صص پێنج تا بیست و پێنج.

[٥٣] "زاراوە ئێرانییەکان بریتین لە لوڕی، زازا (شێوەیەک لە زمانی کوردی)، کوردی و گۆرانی..." "برهان قاطع"، سەرەتا.

[٥٤] بڕوانە، ئەوڕەحمانی حاجی مارف،

- "ڕێزمانی ئاخاوتنی کوردی بەپێی لێکۆڵینەوەی لیژنەی زمان و زانستەکان"، چاپی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا ١٩٧٦؛
- "زمانی کوردی لەبەر ڕۆشنایی فۆنیتیکدا"، کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا ١٩٧٦

[٥٥] ق. کوردۆ و ز. یۆسف، "فەرهەنگی کوردی (سۆرانی)- ڕووسی"، مۆسکۆ ١٩٨٣

و زازایی بە دوو 'دورگەی زمانی' ناو دەبا، کە لە مەڵبەندی لەهجەی باکووری و ناوەندیدا سەریان هەڵداوە[٥٦].

دەستەیەک لە ئەدیب و نووسەرانی کورد، 'گۆرانی' بە شێوەیەک لە شێوەکانی زمانی کوردی دادەنێن- بێ ئەوەی هۆکارێکی زانستیانە بۆ مەسەلەکە بخەنە بەرچاو (محەمەد ئەمین هەورامانی[٥٧]، شێخ محەمەدی خاڵ[٥٨]، عەلائەددین سەجادی[٥٩]). دەستەیەکی دیکەش هەن، زیاتر لە مەسەلەکە ورد بوونەتەوە، بەڵام ئەوانیش لەو پەیوەندییە تایبەتەدا، گوێیان لە مەیدان نەبردووەتە دەر (تەوفیق وەهبی[٦٠]، د. محەمەد موکریی کرماشانی[٦١]، د. ئەمیری حەسەن پوور[٦٢]).

[٥٦] عبدالرحمن محمدامین زەبیحی، "قامووسی زمانی کوردی"، بەرگی یەکەم، بەغدا ١٩٧٧، ل ٤١

[٥٧] محمد امین هەورامانی لەم بارەیەوە بۆچوونێکی تایبەتی نییە و تەنیا لە کتێبەکەیدا ڕای کۆڕی زانیاری کورد و دوکتۆر کەماڵ فوئاد و مەکەنزی دووپات دەکاتەوە کە لای کەم ئەو دووکەسەی دواییان دژ بە یەکبوونی زمانی کوردی و گۆرانی دەوەستن. بڕوانە، محمد امین هەورامانی، "سەرەتایەک لە فیلۆلۆژی زمانی کوردی"، چاپخانەی معارف، بەغدا ١٩٧٣

[٥٨] شێخی خاڵ گۆرانیی لە لوڕی و بەختیاری و لەکی و فەیلی جیاکردۆتەوە و لەگەڵ سۆرانی و بابانی و موکریانی و ئەردەڵانی و کەلهوڕیدا ناوی کرمانجی دەستەڕاستی لێ ناون. بڕوانە، شێخ محەممەدی خاڵ، "فەرهەنگی خاڵ"، جزمی یەکەم، بە یارمەتی وەزارەتی مەعارف لە چاپدراوە، جزمی یەکەم، بەغدا(؟)، ساڵ ؟، لل ٢٦ و ٢٧

[٥٩] مامۆستا سجادیش ناچێتە قووڵایی باسەکەوە و بە دوو ڕستەی ساکار وەڵامی ئوروپاییەکان دەداتەوە: "کورد بەو کوردانە ئەڵێن کە دەوار نشین و کۆچەرین و گۆرانیش بەو کوردانە ئەڵێن کە شارنشین و لادێ نشینن". بڕوانە، علائەددین سەجادی، پێشتر، ل ٤٥

[٦٠] مامۆستا تەوفیق وەهبی "زار"ە کوردییەکان بە سێ بەشەوە دەکات: کرمانجی ژووروو، کرمانجی خواروو، و کرماشانی. ئەوە هەمان ئەو دابەشکردنە پەسندکراوەی ئەمڕۆی ڕووناکبیرانی کوردە، بەڵام مامۆستا ناوی بن لەهجەیەکی زاراوەی گۆرانی واتە کرماشانی داوە بە هەموو زاراوەکە. بڕوانە، تەوفیق وەهبی، "بنچینەی کوردان و بنەچەکی زمانی کوردی"، وەرگێراوی تەها فەیزی زادە، ل ٢

[٦١] دوکتۆر محەممەدی موکری کرماشانی چوار لقی جیاواز بۆ زمانی کوردی ناودەبات کە یەکێکیان "کوردیی کرماشانی"یە بە بن لەهجەی کوردی گۆرانی و سەنجاوی و کەلوڕییەوە و دووهەمیان لقی " هەورامی و گۆرانی"یە، کە بن لەهجەی زازایی و هەورامانی تەخت و لهۆن و ژاوەرۆ و گۆرانی کۆن دەگرێتەوە. ئەم دابەشکردنە بە نیسبەت دابەشکردنی کەسانی ترەوە، هەمەلایەنیتر و دەوڵەمەندترە بەڵام بوونی گۆرانی جارێک وەک لەهجە و جارێکیش وەک بن لەهجە دەریدەخات کە هێشتا کەم وکووڕیی زۆری تێدایە و هیوادارم دوکتۆر موکری کاری زیاتری لەسەر بکات. بڕوانە، دوکتۆر محەممەدی موکری، "لهجەهای غرب ایران، رسالە دکترای ادبیات فارسی، صص ٧٠ تا ٨٥، وەرگیراو لە میرزا شکراللە سنندجی پێشوو، ص بیست و چهار.

[٦٢] دوکتۆر ئەمیر دەنووسێ "ئەوانەی وا بە سۆرانی قسە دەکەن... سەرسام دەمێنن ئەگەر بزانن ئەو زانا ئوروپاییانە زاراوەی هەورامی و دیملی هاوپەیوەند لەگەڵ زمانێکی غەیرە کورد دادەنێن." بڕوانە،

ئاشکرایە، کاری کاک ئەمیر گەلێک جیاوازە، مامۆستا ئەمیر پسپۆڕی زمانەوانی و گەلێک وردبین و پسپۆڕە، بەڵام ئەویش بە داخەوە کارێکی ئەوتۆی لەسەر شێوەی "گۆرانی" نەکردووە (هیوادارم سەرەتایەک کە بە ئینگلیزی بۆ ئەم کتێبەی نووسیوە، بناغەیەکی باش بۆ کاری داهاتووی خۆی و پسپۆڕانی دیکەی زمانەوان دابنێت).

دەستەیەکیش هەن، کە بێ فوو لەدۆکردن بۆچوونی ئەورپییەکان دوو پات دەکەنەوە (مامۆستا ئەمین زەکی[٦٣]، د. کەمال فوئاد[٦٤] ، د. عەبدوڵڵا مەردۆخ[٦٥]) خۆ ئەوانەش وا هەر دژ بە بوونی زمانێکی سەربەخۆی کوردین و لایان وایە دەبێ سەرجەمی زمانی کوردی لەنێو زمانی تورکی و فارسیدا بتوێتەوە، کەم نین![٦٦]

---

Hassanpoor, Amir, “The Language Factor in National Development, the Standardization of the Kurdish Language ١٩١٨ – ١٩٨٣, University of Illinois at Urban-Champaign, ١٩٨٩, ٢٤-٢٥.

[٦٣] "لەمەوپێش لە ئەردەڵان بە نەوعە زمانێک قسە یەکرا کە لە زمانی هەورامی ئەچوو... لەهجەی کۆنی ئەدەڵان لە حەقیقەتدا لەهجەیەکی کوردی نییە، بەڵکوو نەظیری گۆرانی و هەورامی لە تەکامولی فارسی قەدیم پەیدا بووە. زمانی هەورامی ڕەنگە زمانی تاجیک بێ... هەورامی وەکوو گۆرانیی دێهاتی، زمانە کۆنەکەی خۆی محافظە کردووە و ئیمڕۆ بۆتە زمانێکی موئثر و شیرین و نەغمەدار... و کورد تێی ناگا... زمانی کرمانشاە لەگەڵ زمانی کەلهوڕ، لەهجەیەکی تەواوی کوردی نییە و زۆر لە زمانی لەک ئەکا کە ئەبێ فەرعێکی زمانی ئێرانی بێ." بڕوانە، محمد امین ذکی، "خلاصەیەکی تاریخی کورد و کوردستان"، جلْدی ١، بەغدا ١٩٣١

من دڵنیام مامۆستا ئەمین زەکی بەگ پسپۆڕی زمانی تاجیکی و لەکی نەبووە و بەڵگەیەکیشی بۆ "زمانی لەک" بە دەستەوە نییە کە "ئەبێ فەرعێکی زمانی ئێرانی بێت". ئەم شتانە تەنیا دووپاتکردنەوەی بۆچوونەکانی سۆن و ئێدمۆندزن.

[٦٤] د. کەمال فوئاد لە دابەشکردنی زمانی کوردیدا بڕوای بە پێنج زاراوە هەیە (گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد، ژمارە ٤) و لەم دابەشکردنەدا ڕێگای ئوسکار مان ڕەچاو دەکات ("وتووێژێک لەگەڵ د. کەماڵ فوئاد"، گۆڤاری سروە، ژمارە ٣٨ و ٣٩). ناوبراو لوڕی بە زمانێکی سەربەخۆ دادەنێ کە نە کوردی و نە فارسییە بەڵام زاراوەکانی دیکە (گۆرانی و دیملی) بە کوردی دەناسێت. (گۆڤاری سرەو، هەمان).

[٦٥] د. عەبدوڵلا مەردۆخ مامۆستای مێژووە بەڵام چۆتە ناو باسی زمانەوانییەوە و بێ ئەوەی بەڵگەیەک بۆ قسەکانی بدات بە دەستەوە، بە شێوی "مان" و بنی دیکتسنی دانیمارکی گۆرانی و زازایی (دیملی) لە کوردی بوون دەشۆرێتەوە. بڕوانە، د. عەبدوڵڵا مەردوخ، "کورد و ئەرکی مێژوو"، گۆڤاری گزینگ، ژمارە ٩، پایزی ١٩٩٩، لل. ٣٩ تا ٤٦

[٦٦] "ئێمە بۆچی دەبێ لەوە بترسین کە خۆمان لەناو خەڵکانی دیکەدا بتوێنینەوە؟... من برا و هاوخوێنەکانم واتە کوردانی تورکیا بانگ دەکەم بکەونە شوێن ڕێبازی ڕێبەری گەورەیان مستەفا کەماڵ پاشا..." د. شوکرۆ محمد سەگبان، وەرگیراو لە واسیلی نیکی تین، پێشوو، لل٥٣٦ و ٣٧.

کۆنترین سەرچاوەی ناسراو کە باسی 'گۆران'یان وەک کورد کردبێت، "شەرەفنامەی بەدلیسی"یە[٦٧]. مێژوونووسانی وەک خوسرەو کوڕی محەمەد[٦٨]، مەستوورەی کوردستانی[٦٩]، ڕەشید یاسەمی[٧٠] و شێخ محەمەد مەردۆخ[٧١] -هەر یەک بە شێوەیەک، بۆ چوونی شەرەفخانیان دووپات کردووەتەوە.

لە پەیوەندیی باسەکەدا ــ وەک پێشتر گوتم، بەربڵاوی و چەشنایەتییەکی زۆر لەنێوان بۆچوونی نووسەرانی خۆیی و بێگانەدا بەر چاو دەکەوێ کە بەشێکی گرنگیان لە نووسینی پڕکاکڵی کاک ئەنوەر قادر محەمەد دا ڕەنگی داوەتەوە و پێویست بە دووپاتکردنەوە ناکات[٧٢].

بەڵام بێگومان، مەوزووعیترین بۆچوون سەبارەت بە پەیوەندیی کورد و گۆران، هی زانای ڕووسی ــ پرۆفسیۆر "ن. ماڕڕ"ە. "ماڕڕ" وشەی گۆران دەباتەوە سەر بنەمای وشەی کورد و بەم شێوەیە، پەیوەندییەکی ئەندامی لەنێوان ئەو دوو ناوەدا، دەخاتە ڕوو ــ پەیوەندییەک کە دەتوانێ باڵ بکێشێتە سەر مەسەلەی نزیکایەتیی هەردوو دیاردە لە مەسەلەی مێژوو و زمانیشدا. "ماڕڕ" دەڵێ: "وشەی گۆران، هیچ نییە جگە لە بیمچی ئاڵوگۆڕکراوی وشەی کورد." [٧٣]

---

٦٧ شەرەفنامە کورد بە سەر کرمانج، لوڕ، کەلهوڕ و گۆراندا دابەش دەکات. بڕوانە، شەرەفخانی بەدلیسی، "شەرەفنامە"، تصحیخ محمد لوی عباسی، نشر حدیث، تهران ١٣٧٣، ص ٢٣

٦٨ ئەو دابەشکردنەی شەرەفنامەیە، لە مێژووی خوسرەو بەنی ئەردەڵاندا دەبێتە بەنی ئەردەڵان، لوڕ، کرماج و گۆران. بڕوانە، خوسرەو بن محمد بن منوچهر، "تاریخ [لب التواریخ]، چاپ عکسی از روی نسخە خطی ادارە انتشارات دانش، شعبە ادبیات خاور، مسکو ١٩٨٤، صص ١٠ و ١١

٦٩ مەستوورە خانمیش کورد، نەک زمانی کوردی، دەکات بە چوار بەشەوە: ئەردەڵان، لوڕ، کرماج و گۆران کە جیاوازییەکی کەمی لەگەڵ دابەشکردنەکەی شەرەفنامەدا هەیە بڕوانە، مەستورەی کوردستانی، "مێژووی ئەردەڵان"، د. حەسەن جاف و شکور مستەفا کردوویانە بە کوردی، دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی، دارالحریە للطباعە، ١٩٨٩، ل ١٤

٧٠ ڕەشیدی یاسەمی ئەم دابەشکردنەی لە زمان نووسەرانی پێش خۆیەوە هێناوە: گۆران، کرماج، لوڕ، کەلهوڕ. بەڵام لە عەینی کاتدا دەڵێ "توێژێنەرانی سەدەی بیستەم گەیشتوونەتە ئەو ئەنجامەی کە لەناو کورداندا چینێکی دیکەی ئێرانی بەناوی گۆران- زازا، هەن کە غەیرە کوردن. بڕوانە "کورد و پیوستگی نژادی و تاریخی او"، ابن سینا، تهران چاپ ٣، ؟، لل ٩٨ و ١٣٦

٧١ مەردۆخ کورد بە هەمان شێوەی شەرەفنامە دابەش دەکات: کرمانج، گۆران، لوڕ و کەلهوڕ. بڕوانە، شیخ محمد مردوخ کردستانی، پێشوو، ١، ل٤١

٧٢ ئەنوەر قادر محەممەد، "لیریکای شاعیری گەورەی کورد مەولەوی ١٨٠٦ ــ ١٨٨٢ بە دیالێکتی گۆرانی"، ستۆکهۆلم ١٩٩٠، بەشی یەکەم گۆرانەکان، زمان و ئەدەبیان، لل ١٧ تا ٥٥

٧٣ ن. ماڕڕ، "سەبارەت بە وشەی چەلەبی"، ل ١٣٧. وەرگیراو لە واسیلی نیکی تین، پێشوو، ل ٢٧٧

لە کۆتاییی باسەکەدا، بە کەڵک وەرگرتن لەسەرچاوەکانی بەردەستم (کە هەندێکیانم لەسەرەوە، ناساند)، گرنگترین خاڵەکانی مەسەلەی پەیوەندیی نێوان زمانی کوردی و زاراوەی گۆرانی، دیاری دەکەم:

١. زاراوە کوردییەکان بە نیسبەت یەکتر، لە پەیوەندییەکی ئەندامیدان.

٢. زمانی کوردی بەگشتی و زاراوە کوردییەکان (هەریەک بە ڕادەیەک) پەیوەندییان لەگەڵ زمانە ئێرانیەکان (و یەک لەوان، زمانی فارسی)دا هەیە.

٣. پەیوەندیی زاراوە کوردیەکان لەگەڵ یەکتردا، بەهۆی هەندێ بن لەهجەوە دەگیرێت، ئەم بن لەهجانە، خاوەنی خەسڵەتی دوولایەنەن و وەک ئاڵقەیەک، دوو زاراوە بەیەکەوە دەبەستن. بۆ نموونە، بن لەهجەی کەلهوڕی و ئەردەڵانی (سنەیی)، هەردوو زاراوەی کرمانجی خواروو و گۆرانی لەیەکتر گرێ دەدەن.

٤. زاراوەکانی باشووریی زمانی کوردی، بریتین لە: گۆرانی (هەورامی، باجەڵانی، فەیلی، کرماشانی، و...)، لەکی، لوڕی و بەختیاری.

٥. زاراوە باشوورییەکان کوردین و لەسەردەمی نووسرانی کەشکۆڵەکەشدا (سەدەی هەژدەهەم) هەر کوردی بوون. بوونی هەندێ خەسڵەتی هاوبەش لەگەڵ زمانی فارسیدا، ئەو پەیوەندییە "ئەسڵ و فەرع"ەی نێوان زمانی کوردی و زاراوە باشوورییەکان، ناگۆڕێ (بەراوردکردنی شیعری کەشکۆڵەکە لەگەڵ شیعری فارسی ئەو سەردەمە لە لایەک و شیعری کوردی هەمان سەردەم لە لایەکی ترەوە، بۆ چوونە کە بە باشی دەسەلمێنن).

٦. زاراوە باشووری یەکان بە نیسبەت کرمانجی (ژووروو و خواروو)ەوە، خەسڵەتی هاوبەشیان لەگەڵ زمانی فارسی زیاترە و لە ڕاستی دا جەوهەرێکی دوولایەنییان هەیە واتە بە نیسبەت فارسییەوە، عونسووری کرمانجی یان بە هێزە و بە نیسبەت کرمانجییەوە، ڕەگی فارسییان تێدا بەر چاوترە.

٧. شێوە زمانی دیملی (زازایی) سەرەڕای شوێنایەتیی جوغرافیایی، لە پەیوەندێکی نزیکی زاراوە باشوورییەکاندایە و لەگەڵ ئەواندا حیسابی بۆ دەکرێ.

---

سەبارەت بە بنەچەکی وشەی گۆران، بۆچوونێکی دیکەش هەیە: "ج. مفرد" لە وتارێکی کورتدا وشەی گۆران دەباتە سەر وشەی کرۆن یان کرۆنووس 'خودای زەمان'ی یۆنانییەکان و دەڵێ کرۆنووس یەک لە تایتانەکان بووە و وشەی 'تایتان' یش لەگەڵ 'ساتان' ی عیبری و شەیتانی ئێزدییەکان لە یەک ڕیشەیە. بڕوانە، ج مفرد، "منشاء اسامی گۆران- شیطان و ماد- زاگرۆس، مجلە آرش، شمارە ١١، پاریس، دسامبر ١٩٩١ (فارسی)

٨. ئەوەی مامۆستا زەبیحی هەورامی و زازایی بە دوو 'دورگەی زمانی' دادەنێ، لای کەم، بە نیسبەت هەورامییەوە، هەڵەیە. هەورامی بە هیچ چەشنێک لە بن لەهجەکانی دیکەی زمانی کوردی (کرماشانی، باجەڵانی، لەکی و...)، دانەبڕاوە [٧٤].

٩. دابڕانی زازایی لە زاراوە کوردییەکانی کرمانجی خواروو و باشووریی بە هۆی لە ناو چوون و وونبوونی ئاڵقەیەکی پەیوەندییەوە پێک هاتووە کە بە بڕوای من بریتیە لە 'زمانی ئازەریی کۆن'.

١٠. ئازەریی کۆن، پێشتر لە هەموو ئەو ناوچانەدا کە ئێستا ناوچەی زمانی تورکی ئازەربایجانین، بڵاو ببووەوە و لەوسەرێکەوە بە ئاڵقەی زازایی و لەسەرێکی دیکەوە بە کرمانجی خوارووەوە بەسترا بوو. هەروەها لە ڕێگای ناوچەکانی زنجان و گەڕووسەوە لەگەڵ زاراوە باشووریەکان (وەک ئەردەڵانیی کۆن)دا پەیوەندی هەبوو.

١١. ئازەریی کۆن، کە ئێستا پاشماوەیەکی کەمی لە "مەرەند" (هەرزندەیی)، زەنجان (خۆئینی) و قەزوین (تاتی) و باکووری ئازەربایجان ماوەتەوە، لە عەینی کاتدا، ئاڵقەی پەیوەندیدەری زاراوە کوردییەکان لەلایەک و زمانی تەبەری و گیلەکی لە باشووری ئێران، لەلایەکی دیکەوە بووە. هەبوونی عونسووری هاوبەش لەنێوان کوردی و گیلەکی و کوردی و تەبەری (مازندەرانی)دا، تەنیا بە بۆچوونێکی ئەوتۆ واتا پەیدا دەکات .

١٢. ئەم بۆچوونە، مەسەلەی ڕاگوێزران و کۆچکردنی دیمڵیەکان لە باشوورەوە بۆ باکوور، کە پشتی بە هیچ فاکتەرێکی مێژوویی نەبەستووە، دەداتە دواوە و مەسەلەکە، لە پەیوەندییەکی ئەندامیی نێوان زمانە ئێرانیەکاندا سەیر دەکات.

---

[٧٤] زمانێکی کۆنە و ئێستا جگە لە هەندێک پاشماوەی کۆن هیچی وای لێ بەجێ نەماوە. بۆ زانیاریی زیاتر لەسەر ئەو زمانە ناوچەییەی ئازەربایجان، بڕوانە ئەم سەرچاوە فارسییانە:

- احمد کسروی، "آذری یا زبان باستان آذربایجان"
- عبدالعلی کارنگ، "خلخالی، یک لهجه از آذری"
- عبدالعلی کارنگ، "تاتی و هرزنی دولهجه از زبان باستان آذربایجان"
- دکتر صادق کیا، "آذریگان( آگاهیهائی در باره گویش آذری"
- یحیی ذکاء، "گویش گلین قیه (هرزندی)"
- یحیی ذکاء، "گویش کرینگان (تاتی)"
- ناصح ناطق، "زبان آذربایجان و وحدت ملی ایران" و
- رحیم رضازاده ملک، "گویش آذری، متن و ترجمه و واژەنامه رساله روحی انارجانی".

١٣. جەوهەرێکی هاوبەش لە هەموو زمانە ئێرانییە ڕۆژئاواییەکاندا بەدی دەکرێ و ئەو هاوبەشییە باڵ دەکێشێتە سەر زمانە ناوەندییەکانیش.

١٤. هەردوو زمانی کوردی و فارسی (بەزاراوەکانیانەوە)، ئەگەر لە باری "ئیشتیقاق" و هەندێ لایەنی دیکەی زمانەوانییەوە خاڵی هاوبەشیان هەیە، بە هەمان شێوە خاوەنی گەلێک خاڵی جیاوازن کە ناتوانێ یەکیان لە زگی ئەوی دیکە یاندا، جێ بکاتەوە. هەر بۆ چوونێک بە پێچەوانەی ئەو ڕاستییە عەینییە، تەنیا دەتوانێ سیاسی و هەڵوێست داربێت و لە واقیعی زانستی دوور دەکەوێتەوە.

بە کورتی، زمانی شیعرەکان لە کەشکۆڵی شێخ عەبدولموئمین دا، کوردییە و هیچ بەڵگەیەک بە دەستەوە نییە کە لەسەردەمی نووسرانەوەی کەشکۆڵ و سەدەکانی پێش ئەویش دا، کوردی نەبووبێت. ئەگەر "مەکەنزی" لە سەفەرێکی عێراق دا، ماوەی پێنج سەعات لە گوندی "ئارپاچی"ی مووسڵ مابێتەوە و لە دوای گەڕانەوەی بۆ ئەوروپا، بە وتاری "باجەڵانی"، سەروبەری ئەو بن لەهجەیە و هەموو شێوە زمانی گۆرانیی بە فارسییەوە بەستبێت ناکرێ بە ڕاستییەکی زانستی دابندرێت.

ئەورووپییەکان، تەنیا دەست دەنێنە سەر هەندێ خاڵی هاوبەشی ئەو شێوە زمانە لەگەڵ زمانی فارسی و هاوبەشییەکانی لەگەڵ زمانی کوردیدا ناگرنە بەرچاو. ئەدیب و نووسەر و ڕۆشنبیری کوردیش- بێ ئەوەی شتێکیان لە زمانەوانی زانیبێ و تەنانەت ئەو سەفەرە چەند سەعاتەی مەکەنزیشیان بۆ ناوچەکە کردبێت! سووک و سانا بۆچوونی ئەوان دەسەلمێنن بۆ نموونە، وەک د. عەبدوڵڵای مەردۆخ، دەچنە گۆڕەپانێکەوە کە هیچیان لەسەر نەخوێندووە و بەچاوقووچاندنێک "گۆرانی"و "زازایی" لە کوردیبوون دەشۆنەوە (بڕوانە: پەراوێزی ژمارە ٦٥).

ئەم شیعرانەی وا ئیمامی جومعەی شاری سنە ٢٠٠ ساڵ پێش ئێستا کۆی کردوونەتەوە و شیعری خۆی و باوکیشی لێ زیاد کردوون، بە هەموو تەعبیرێک کوردین! کورد و تەنیا کورد تێیان دەگات، تەنانەت کەسێکی وەک میرزا عەبدوڵڵا مونشی (ڕەونەق) کە شیعری فارسیی ٤٠ شاعیری ناوچەی ئەردەڵانی لە کەشکۆڵە شیعری 'حەدیقەی ئەمانوڵڵایی' دا کۆ کردووەتەوە، تاقە یەک پارچە لە شیعری ناو ئەم کەشکۆڵەی وەک هەڵبەستی فارسی تۆمار نەکردوون.[٧٥] ئێستا پرسیار ئەوەیە: نزیکایەتیی کۆنی ئەو شێوە زمانە لەگەڵ فارسی، چۆن هەموو

---

[٧٥] بۆ "حدیقه امان اللهی" بروانە دەستنووسی ژمارە BL.MS.Or.٢٩٤٣ لە کتێبخانەی بریتانیا، هەروەها دەقە چاپییەکەی:
میرزا عبدالله سنندجی متخلص به رونق، "تذکره حدیقه امان اللهی"، به تصحیح و تحشیه دکتر ع. خیامپور، موسسه تاریخ و فرهنگ ایران، تبریز، ١٣٤٤ شمسی [١٩٦٦].

ئەو نزیکایەتی و هاوبەشییەی لەگەڵ زمانی کوردیدا دەشواتەوە و لەناوی دەبات؟ ئەوە، دەبێ لە چارەڕەشیی کورد و بەرزەدەماخیی ڕۆشنبیرەکانی بپرسرێت!

*دوای بڵاوبوونەوەی چاپی یەکەمی ئەم کتێبە، مامۆستایان محەمەد عەلی قەرەداغی و محەمەد عەلی سوڵتانی دوو وتاریان لەسەر نووسی و دەست نیشانی هەندێ لایەنی بەهێز و بێهێزی کارەکەی منیان کرد. تێبینیی هەردوو مامۆستا لەم چاپەی ئێستادا گیراوەتە بەر چاو و هەڵە دەست نیشانکراوەکانیان ساغ کراونەتەوە. ئەوەش تایبەتمەندیی وتارەکان:

١ .محەمەد عەلی سوڵتانی، "کەشکۆڵی شێخ عەبدولموئمین مەردۆخی کوردستانی"، گۆڤاری ئاوێنە (بەشی فارسی)، ژمارە ٣٩/٤٠، تاران ١٣٧٧ [١٩٩٨]، لل٦٣ تا ٧٠.

٢) محەمەد عەلی قەرەداغی، "گەشتێک بە کەشکۆڵەکەی شێخ عەبدولموئمیندا"، گۆڤاری گزینگ، ژمارە ٢٥، پایزی ١٣٧٨ [١٩٩٩]، سوێد. (ئەم وتارە لە گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ، ژمارە ١٤٦ ساڵی ٢٠٠٠یشدا بڵاو کراوەتەوە).

## تەرحێک بۆ پیشاندانی پەیوەندی مێژوویی
## دوو شێوە زمانی"گۆرانی" و "دیملی" (زازایی) زمانی کوردی




ئەم تەرحە، بۆچوونی من لەمەڕ پەیوەندیی کۆن لەنێوان شێوە زمانی دیملی (زازایی)و گۆرانیدا نیشان دەدات. لە بۆچوونی مندا، هیچ شوێنێک بۆ مەسەلەی کۆچ کردنی دیملیەکان لە باشوورەوە بۆ باکوور دیاری نەکراوە و ئەم شێوە زمانە وەک دیاردەیەکی سروشتی ناوچەکە، هاوپەیوەند لەگەڵ زمانی "ئازەریی کۆن" دا

سەیر دەکرێت. زمانی نیوە فەوتاوی "ئازەری کۆن"، ئاڵقەی پەیوەندیدەری "گۆرانی"و "دیملی" (زازایی)یە.

## هەندێ پێناسە بۆ شیعرەکان

کەشکۆڵی شێخ عەبدولموئمین، دارماڵی دیاردەی نادیارە، ناوی شاعیرەکان و ژیانیان، دەقی شیعرەکان، مەسەلەی مەحزونی وبێسارانی و... گرنگتر لە هەموان ساغکردنەوەی شیعرە ناتەواوەکان ــ کە ئەویش بۆ کەسێک کە شێوەزاری خۆی 'گۆرانی' نەبێت و لە دوورەوە وڵاتی دەستی بە سەرچاوەی پێویست ڕانەگات، هاسان نییە.

من تاقە دڵخۆشیم ئەوەیە، فۆتۆگرافی دەستخەتی شێخ لەگەڵ شیعرە ڕوونووسکراوەکاندا چاپ دەکرێت و دەرەتانی ساغکردنەوە وبەراوردکاری بۆ شارەزایان دەخوڵقێ. هیوادارم کارەکەی من یارمەتیی ئەو کەسانە بدات کە لە داهاتوودا لەسەر شیعرەکان و ژیانی شاعیرانیان کاردەکەن.

لە پەیوەندیی شیعرەکاندا، پێویستە چەند مەسەلەیەک ڕوون بکرێتەوە:

١. شیعرەکان، بەپێی ناوەرۆک دابەش کراون- ئەوەش بۆ ئەدیبێکی سەدەی هەژدەهەم کارێکی ئاسایی نییە. کورد، تەنانەت ئێستاش، شیعری ناو دیوانی شاعیران بە گوێرەی یەکەم پیتی میسراعی یەکەم یان دوایین پیتی میسراعی دووهەم دابەش دەکات، لەکاتێکدا شێخ عەبدولموئمین، کاری دابەشکردنەکەی لەسەر بنەمای بابەت و ناوەرۆکی شیعرەکان داناوە.

له بارودۆخێکدا که کورد هێشتا مێژوویەکی بابەتیانەی بۆ وێژەی خۆی نییه[٧٦] و ئەوەی به ناوی 'مێژووی ئەدەب' ەوه دەنووسرێت، کۆمەڵەیەکی لێکدابڕاوی شیعر و پێداهەڵگوتنی شاعیرەکان نەبێ هیچی دیکه نییه، هەوڵی شێخ بۆ دابەشکردنی بابەتیانەی ٣٨١ پارچه شیعری ٤١ شاعیر، گەلێک سەرنج ڕاکێشه.

شێخ عەبدولموئمین، شیعرەکانی بەسەر دوو بابەتی سەرەکی: لیریک و ئاینیدا، دابەش کردوون، بەڵام هەندێ شیعری دیکەشی نووسیونەوە، که له هیچکام لەو دوو مەقوولەیەدا، ناگونجێن و من ناوی 'شیعری کۆمەڵایەتی' م لێ ناون.

ئـ) شیعری لیریک

زۆربەی لاپەڕەکانی کەشکۆڵ (لاپەڕە ٨ب تا ٤٤ب) تەرخانی ئەم بابەته کراون. ئەم شیعرانەش خۆیان بەسەر چەند مەقوولەی فەرعیدا، دابەش دەکرێن:

- بەهارییان: ئەم شیعرانەی وا له وەسفی بەهاردا گوتراون.

- پایزییات: ئەو شیعرانەی وا له وەسفی پایزدا گوتراون.

- خەزانیات: ئەو شیعرانەی وا له وەسفی خەزان (گەڵای پایزە)دا گوتراون.

---

[٧٦] له پەیوەندی مێژووی ئەدەبی کوردیدا پێویسته بڵێم شیعری عەرووزیی کوردی شوێنی زۆری شیعری فارسی لەسەره. ئێرانییەکان به گوێرەی تایبەتمەندیی شیعری شاعیران (له باری فۆرم و ناوەرۆکەروه)، مێژووی شیعری فارسی به سەر پێنج قۆناغدا دابەش دەکەن. به پێی ئەو دابەش کردنه، شیعری فارسی دوای هێرشی عەرەب بۆ سەر ئێران، ئەم پێنج قۆناغه سەرەکییەی بڕیوه و هەر قۆناغێک به ناوی "شێوه" یان "سەبک"ێکەوه دەناسرێت:

- شێوەی خۆراسانی (تورکستانی)، سەدەی سێهەم تا شەشەمی کۆچی؛
- شێوەی عیراقی، سەدەی شەشەم تا نۆهەم؛
- شێوەی هیندی، سەدەی نۆهەم تا دوازدەهەم؛
- شێوەی گەڕانەوە، سەدەی دوازدەهەم تا سەردەمی مەشرووته (١٩٠٦ ز)؛ و
- شێوەی نوێ، له حەفتا هەشتا ساڵی ڕابردوودا (له ١٣١١ی هەتاوی [١٨٣٢ز بەدواوه)

له سەدەمی ناسراو به گەڕانەوەدا، هەندێک شاعیر لەبەر بێزاربوون له شێوەی هیندی، ڕوویان کردبووەوه شێوەی خۆراسانی و هەندێکی دیکەیان بەرەو شێوەی عیراقی چووبوون.
شوێن هەڵگرتنی شاعیرانی کورد له شیعری فارسی بۆته هۆی ئەوەی هەرکامیان لەسەر یەکێک لەو شێوازانه بڕۆن. بۆ نموونه، ناسینی شیعری نالی، مەحوی و، وەفایی، و زۆرێکی دیکه له شاعیرانمان به بێ تێگەیشتن له تایبەتمەندییەکانی شیعری شێوازی هیندیی شاعیراانی فارس (بۆ نموونه، بیدل و سائیب)، گونجاو نییه. شێخ ڕەزا له شیعرێکدا ئەم کارتێکەرییه دەردەخات کاتێ که دەڵێ شاعیرانی دیکه ئیقتیدایان به کەسانی دیکه کرد، بەڵام من به "قائانی"م کرد.

- چراخیات: ئەو شیعرانەی وا دڵداری شاعیر، تێیدا بە چرا شوبهێندراوە و بە وشەی چراخ یا چراخم دەست پێ دەکەن.

- شیرینیات: ئەو شیعرانەی وا دڵداری شاعیر، تێیدا بە "شیرین"ی ئەرمەن شوبهێندراوە و بە وشەی "شیرین" دەست پێدەکەن.

- زلێخائیات: ئەو شیعرانەی وا دڵداری شاعیر، تێیدا بە "زلێخا"ی میسر شوبهێندراوە و بە "زلێخا" یا "زلێخام" دەست پێ دەکەن.

- ئیمشەوییات: ئەو شیعرانەی وا بە وشەی "ئیمشەو" دەست پێ دەکەن.

- یاران، یاران، ئەو شیعرانەی وا بە وشەی "یاران" دەست پێ دەکەن.

- دڵە، دڵە، ئەو شیعرانەی وا بە وشەی "دڵە" دەست پێ دەکەن و شاعیر ڕووی قسە دەکاتە دڵی خۆی.[٧٧]

دیارە، ئەم شێوە دابەشکردنە، خۆی لەخۆیدا، شتێکی فۆڕمالیستی دەبوو ئەگەر باڵی نەکێشایەتە سەر ناوەرۆکی شیعرەکان، بەڵام بەهۆی ئەو ڕاستییەوە کە ناوەرۆکی شیعرەکانیش لەگەڵ عینوانەکەیاندا یەک دەگرنەوە، دابەشکردنەکە بە دیاردەیەکی بابەتیانە دەناسرێت.

ب) شیعری ئاینی: شیعری لاپەڕە ٤٥ئا تا کۆتاییی کەشکۆڵەکە بە گشتی ئاینین. من عینوانی ئاینیم لە بەرانبەری شیعری لیریک داناوە، لەکاتێکدا زۆربەی شیعرەکان عیرفانی و سۆفییانەن.

لە شیعرەکاندا، بیرێکی عارفانە و هەستێکی ئینسانی لە هەژیندایە کە جیاوازە لە دۆگمی ویشکە مەلایەکی ئاسایی. ئەم شیعرانە، هەروەها لە هەندێ شوێنی پێش لاپەڕە ٤٥ئا دا، دەبینرێن.

پ. شیعری کۆمەڵایەتی: بریتین لە هەندێ غەزەڵ و مەسنەوی، کە نە غەرامین، نە ئاینی و نە عیرفانی، واتە پێیان لەسەر زەوی بەندە. بە داخەوە، ژمارەی ئەم شیعرانە، کەدەیانتوانی دەلاقەیەکی کراوە بن بەرەو ژیانی کۆمەڵایەتی- سیاسی ئەو سەردەمەی کوردستان، کەمەو شوێنی تایبەتیان بۆ تەرخان نەکراوە. ئەم شیعرانە، لە لاپەڕە ٤١ ئا بە دواوە، جاروبارە لە ڕووپەڕەکاندا ڕەنگیان داوەتەوە: باسی حکوومەتی خوسرەوخانی ئەردەڵان، هەواڵی عەزڵ کرانی خوسرەوخان،

---

[٧٧] هەندێ مەقوولەی وەک "قیبلەم..."، "شەماڵ..." و ... کەوتوونەتە بەشی "ابیات متفرقە"وە.

ژیانی شاعیر له 'مەسکەنی عارەبان' و وتووێژی بەندییەکی زیندانی خان ئەحمەد خانی ئەردەڵان لەگەڵ کەسوکاریدا له دەرەوەی زیندان و... شتی دیکەی هاوچەشن.

٢. مەکەنزی دەڵێ هەموو ئەو شیعرانەی کەشکۆڵەکە، وا نیشانەی "وله"یان لەسەر دانەنراوە، هی مەحزوونین. هەر ئەو، له جێیەکی دیکەدا دەنووسێ شیعری کەشکۆڵەکە (لای کەم تا لاپەڕە ٤٤ب هی مەحزوونین (پاشکۆی ٣).

من بۆچوونی یەکەمیان بە هیچ شێوەیەک ناسەلمێنم. گەلێک شیعری ناسراو- وەک "حەوتبەند"ەکەی خانای قوبادی هەن کە ئەو عیبارەتەیان لەسەر نووسراوە و دەزانین شیعری مەحزوونی نین. بۆچوونی دووهەمیش بە مەرجێک دەسەلمێنم: شیعری مەحزوونی (بێسارانی) کە زیاترین لاپەڕەی کەشکۆڵەکەیان گرتووەتە بەر، لەلایەن شێخ عەبدولموئمین- ەوە کراون بە دوو بەشەوە: یەکەم شیعرە ئاساییەکان، کە لەنێوان لاپەڕە ٨ب تا ٢٧ب دا نووسراونەتەوە (پایزیات، چراخیات و...)، دووهەم ئەو شیعرانەی کە شێخ بە "ابیات متفرقه"ی ناوبردوون و لە لاپەڕە ٢٧ب بەدواوە تا ٣٨ئا بە گوێرەی پیتی ئەلف و بێ (حرف البا، حرف المیم، حرف الیا) ڕێکی خستوون.

بەبڕوای من، شێخ عەبدولموئمین دوای ئەوەی ئەم شیعرانەی لە پیتی یا دا کۆتاییی پێ هێناون، هیچ هۆیەکی مەنتیقی نەبوە، سەرلەنوێ دەستی کردبێتەوە بە تۆمارکردنی شیعری دیکەی مەحزوونی. ئەگەریش بگوترێ وا هەیە هەندێکیانی لەبیر چووبێت، ژمارەی ئەم لەبیرچوانە نابێ ئەوەندە بووبێت کە بەشێکی ١٦ لاپەڕەیی ٣٨ئا تا٤٤ب ی گرتبێتە بەر.

بە کورتی: وا هەیە ئەو شیعرانەی دوای لاپەڕە ٣٨ئا کە نیشانەی 'وله'یان لەسەرە و تا لاپەڕە ٤٤ئا درێژەیان هەیە (سەرجەم ٢٤ پارچە)، هی مەحزوونی (بێسارانی) نەبن. ئەگەر بزانین کە هیچکام لەو ٢٤ پارچەیە، لە دیوانی بێسارانی (نوسخەی "س"و "ن")دا تۆمار نەکراون، زیاتر لە بۆچوونەکەمان دڵنیا دەبین.

٣. پرسیارێک لەو باوەڕە سەرهەڵدەدات کە ئەم تاقمە شیعرە هی مەحزوونی (بێسارانی) نەبن، ئەویش ئەوەیە کە هی کێن؟ گونجاوترین وەڵام بۆ پرسیارەکە، بە بۆچوونی من ئەوەیە: هەر نیشانەیەکی 'وله' بگەڕێنینەوە بۆ ناوی شاعیری پێش خۆی، واتە ئەو کەسەی ناوی بەسەر شیعری پێشووترەوە نووسراوە، ئەو شاعیرانە، بریتین لە: یۆسف یاسکە، میرزا ئیبراهیم، شێخ یعقوب جان، ئەلیاس

بەگ، مەلا یۆسفی برای مەلا حەبیبی گلان، راقم (شێخ عەبدولموئمین)و ناظر بستی.

من ئەو ئیحتیماله، گەلێک بەهێز دەبینم، گەرچی وا هەیە بیر لەوەش بکرێتەوە، زیاتریان شیعری یوسف یاسکه یا ناظری بستی بن.

٤. لەسەر هەندێ شیعر، عیبارەتی 'در ردیف' نووسراوە. ئەم شیعرانە، "نەظیره"ن بۆ شیعری شاعیری پێشتر، واته شاعیرێک (هەندێ جاریش، دوو یا سێ شاعیر)، هەوڵیان داوە لەسەر شێواز و ناوەرۆکی شاعیرێکی دیکە، شیعر بهۆننەوە. شێخ عەبدولموئمین ویستوویەتی نیشان بدات شیعری دووهەم و سێهەم و چوارەم لاساییکردنەوەی پارچە شیعری یەکەمن و بۆ ئەم کارەش بە شێوەی کۆنی ئەدەبی فارسی، عیبارەتی "در ردیف" واته (لە ڕیزی ئەوی دیکە) یا (نەظیره)ی لەسەر داناون.

ئێستا پرسیار ئەوەیە: شێخ چۆنی زانیوە شاعیری یەکەم کامەیە و لەو سێ چوار کەسە، کامیان لاسایی ئەوی دیکەیانی کردووەتەوە؟ بە بڕوای من، شاعیرەکان هەموویان و هەروەها شێخ عەبدولموئمین، لە یەک سەردەمدا ژیاون و شێخ ئاگای لە هەڵسوکەوتی شاعیران و شوێن هەڵگرتن و شوێن دانانیان بووە. ئەو بۆچوونەی کە شێخ، شیعرەکانی بە تەرتیبی ڕێکەوتی ژیانی شاعیرەکان ڕێکوپێک کردبێت، گەلێک لاوازە. کارێکی ئەوتۆ، ڕەنگە سەبارەت بە لاساییکردنەوەی "پیرەمێرد" لە شیعری "بێسارانی" بەڕێوە بچێت، بەڵام بۆ "مەحزوونی" و "پەشێو" کە لەگەڵ یەکدا شەڕە شیعریان کردووە، نەگونجاو دێتە پێش چاو. دوکتۆر محەمەد عەلی سوڵتانی و هەندێک کەسی دیکە زاراوەی 'قوتابخانەی بێسارانی' بەکار دەهێنن و لایان وایە زۆرێک لەو شاعیرانە سەر بە قوتابخانەی ئەون.

٥. کەشکۆڵی شێخ، سەرجەم ٣٨١ پارچە شیعری گرتووەتە بەر. لەوانە، ٤ پارچەیان تەرکیب بەندن، یەکیان تەرجیع بەندە و پاشماوەی ٣٧٧ شیعرەکەی دیکە، غەزەڵ و مەسنەوین. ئێمە پێشتر، بەشی یەکەمی کەشکۆڵمان تا لاپەڕە ٣٨ئا بە شیعری مەحزوونی (بێسارانی) زانی. ئەم بەشە ٢٩٦ پارچە شیعری گرتووەتە بەر. لەوانە، ٢٠ پارچەیان ناوی شاعیرەکانیان بەسەرەوەیە (ئوستاد میکائیل، مەولانا زەینەلعابدین و....)، پاشماوەی ٢٧٦ شیعرەکە، هی مەحزوونی (بێسارانی)ن. ئەم ٢٧٦ پارچە شیعرە، بە سەر یەکەوە ٢٣٩١ فەردن. ١٦٣ فەردی ئەوانە بە سەرجەم، هی ئەو ٢٠ پارچە شیعرەن وا ناوی شاعیرەکانیان بە سەرەوەیە و پاشماوەکەی واتە ٢٢٢٩ فەرد، شیعری بێسارانین.

بەشی دووهەم، لاپەڕە ٣٨ئا تا ٥٤ب، ٨٧ پارچە شیعری گرتووەتە بەر. لەو ٨٧ پارچە شیعرە، ٤٤ پارچەیان ناوی شاعیریان بەسەرەوەیە، پاشماوەی ٤٣ پارچە شیعرەکە بە نیشانەی 'ولە' دیاری کراون.

لەوانە، سێیان بێگومان هی خانای قوبادین (ژمارە ٣٧٩ تا ٣٨١)، یەک پارچەشیان (میرزام وەگەردان...)، شیعری شێخ عەبدولموئمین خۆیەتی (ل ٤٢ب). دەمێنێتەوە ٣٩ پارچە شیعر کە تەکلیفیان ڕوون نەبووەتەوە. من هەموو ئەوانە دەگەڕێنمەوە سەر ناوی شاعیری شیعری پێش خۆیان.

٦. بۆ ساغکردنەوەی شیعرەکان، کەڵکم لە هەندێ سەرچاوە وەرگرتووە کە ناویان لە پەراوێزی بەشی 'شاعیران، ژیان و بەرهەمیان' دا هاتووە.

گرنگترین سەرچاوەی بەردەستم بریتی بووە لە دوو نوسخەی دیوانی بێسارانی:

- دیوانی چاپی، بەرگی یەکەم، چاپی کاک کیومرث نیک ڕەفتار.

- دیوانی دەستنووس، هی مامۆستای کۆچکردوو مەلا سەید طاهیری هاشمی، کە کاک محەمەد عەلی سولطانیی کرماشانی لە ڕۆژی ٢٨/١٢/١٣٥٥ =١٨ ی مانگی مارچی ١٩٧٦ بە دەستخەتی خۆی نوسخەی لە بەر هەڵگرتووە و بە دڵفراوانییەوە کۆپییەکی بۆ من ناردوە (ئەم نوسخەیە بە گوێرەی زانیارییەک کە لە نامەی کاک محەمەد علی سولطانی دەردەکەوآیت، خوالێخۆشبوو "مەلا محەمەد ڕەشیدی دۆڵابی" (مەعدوومی) نووسیویەتەوە، و بێ ئەوەی باسی سەرچاوەی بەردەستی خۆی بکات، لە کۆتاییی نوسخەکەدا، ئەم دێڕانەی بە فارسی نووسیوە:

"به تاریخ فروردین ماه سال هزار و سیصد و چهل و یک (١٣٤١) شمسی [مارچ-آپریل سال ١٩٦٢ میلادی]، برحسب فرمودهء حضرت قبلهگاهی محترم مولا زادەی معظم جناب آقا سید علی فرزند مرحوم مبرور جنت جایگاه حضرت سید قیدار ملقب به سیدالدوله اقدام به استنساخ دیوان اشعار شاعر شیرین زبان، سرباختەی میدان عشق و عاشقی- مرحوم ملا مصطفی بیسارانی گردید. امید میرود هر گاه که حضرت معظم له دیوان مرحوم ملا مصطفی را در نظر بگـــذارند، این حقیر محمد رشید فرزند مرحوم ملا ابراهیم خلیفه عبدالله فرزند خلیفه ملا علی فرزند ملا مصطفی که مشهور است به خلیفه مصطفی فرزند حاجی شفیع فرزند بیرمیرزا فرزند ملا رمضان فرزند خواجه شعبان که ابا عن جد مرید و سرسپردەی خاندان جلیلەی سولەیی (قادری) بودەایم، به دعای بقای

ایمان و حسن خواتم یادآور شوند. انا الحقیر العاصی، سگ درگاه حضرت سید النبی محمد رشید معدومی".

بەگوێرەی نووسینی کاک محەمەد عەلی سوڵتانی (نامەی مانگی جولای ١٩٩٦)، مامۆستا ملا سەید تاهیری هاشمی بە دەستخەتی خۆی نوسخەیەکی لە بەر دەستنووسەکەی مەلا محەمەد ڕەشید هەڵگرتووە و ئەسڵی دەستنووسەکەی ناردووە بۆ مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەرریس و (کۆڕی زانیاری کورد) لە بەغدا.

مامۆستا هاشمی لەژێر ئەو نوسخەیەدا کە بۆ خۆی نووسیوەتەوە، ئەم یادداشتانەی زیاد کردووە: "در روز ١٣٤١/٩/١٥ ]١٩٦٢/١٢/٦[ از مطالعه و تقریبا تصحیح این دیوان معارف بنیان که برادر عزیز و رفیق شفیقم آقای ملا محمد رشید معدومی دولایی که جهت حضرت اخوی- آقای سید علی هاشمی استنساخ نموده، فراغت حاصل گردید.البته نمی توانم بگویم که با همین یکبار مطالعه، تصحیح کامل یافته است. امیدوارم با مقابله با نسخ صحیح، کلیه اغلاط صحت یابد.

تاریخ ٤١/٩/١٥، دولت آباد، طاهر هاشمی".

وەک لە یادداشتەکەی مامۆستا سەید تاهیر هاشمی دەردەکەوێ، ناوبراو بڕوای بە نوسخەکە نەبوە و سەرەڕای هەندێ دەست تێوردان (تصحیح)، هیوای بەراوردکاری و هەڵەگرتنی زیاتری دەربڕیوە و ئەم دەست تێوەدراوییە بە هۆی بەراوردکردنی شیعرەکان لەگەڵ کەشکۆڵی شێخ عەبدولمونمیندا، بەباشی دەر دەکەوێ. بەداخەوە گۆڕانکاریەکانی مامۆستا زۆریان لە جێگەی خۆیاندا نین.

کاک محەمەد عەلی سوڵتانی (وەک پێشتر گوتراوە) لە ڕۆژی ١٣٥٥/١٢/٢٨ [١٣٧٧/٣/١٨] بە چاودێریی مامۆستا مەلا سەید تاهیر، نوسخەیەکی لەبەر ئەو دەستنووسە نووسیوەتەوەو فۆتۆکۆپییەکی بۆ منیش ناردووە کە بووەتە سەرچاوەی سەرەکی بۆ کارەکەم.

من لە پەراوێزی شیعرەکاندا، نوسخەی چاپی بە (ن) و نوسخەی سوڵتانی بە (س) ناودەبەم. نوسخەی (ن) سەرجەم ١١٣ پارچە شیعری گرتووەتە بەر و ژمارەی فەردەکانی ٦٦٩ ن. لەوانە، ١٥ غەزەلیان لە کەشکۆڵەکەدا تۆمار نەکراون و لە بەرانبەردا، ١٨٢ پارچە شیعری کەشکۆڵەکە، لەم نوسخەیەدا نابینرێت. هۆی ئەو جیاوازییە زۆرەش ئەوەیە نوسخەی (ن) تەنیا بەرگی یەکەمی دیوانەکەیەو شیعرەکانی، لە پیتی ئەلفەوە تا دالی گرتووەتە بەر. نوسخەی (س)، ٢٦٢ پارچە شیعری تێدا تۆمار کراوە و ژمارەی فەردەکانی ٢٥٩٥ن. لەوانە، ٣١ غەزەلیان لە کەشکۆڵەکە، تۆمار کردوون، بەڵام لە نوسخەی (س) دا نابینرێن.

بەراوردێکی هەردوو نوسخەکەم لەگەڵ یەکتریش، کردووە: لەو ١٥ غەزەلەی نوسخەی (ن) کە لە کەشکۆڵی شێخدا نەهاتوون، ١٢یان لە نوسخەی (س) دا تۆمار کراون بەڵام ٣ غەزەلیان نابینرێن. لە ٣١ غەزەلەکەی نوسخەی (س)یش ١١یان لە نوسخەی (ن)دا هەن، بەڵام ٢٠یان بەرچاو ناکەون. واتە ئەم نوسخەیە، جیاوازییەکی ئەوتۆیان لەگەڵ یەکتردا نییە.

ئەگەر نوسخەکان ژمارەی شیعریان بەرانبەرە، لە دیاردەیەکی دیکەشدا هاوبەشن: بە یەک شێوە پڕ هەڵەن! ڕادەی ئەم هەڵە و پەڵانە تا جێگەیەکە، کە بۆ نموونە، من کەمتر فەردی نوسخەی (س)م چاو پآکەوتووە کە لە هەموو بارێکەوە لەگەڵ دەقی کەشکۆڵەکەدا، یەک بگرێتەوە.

بە بڕوای من نوسخە هەڵگری سەرەکی نوسخەی (س) واتە مەلا محەمەد ڕەشید، نە هەورامی بووە و نە شارەزاییەکی ئەوتۆی لە شێوەی زمانی گۆرانی هەبوە، بەڵام دووری نازانم شاعیرێکی خۆش مرخ بووبێت کە لە هەموو شوێنێکدا، وشەیەکی شاز و دەگمەنی چاو پێکەوتبێت و واتاکەی بۆ لێک نەدرابێتەوە، گۆڕیویەتی و وشەیەکی ساکارتر و (هەندێ جار کرمانجی)ی لەجێ داناوە!

بەگوێرەی ئەم بۆچوونە، من هیوادارم هەموو ئەوانەی بیر لە چاپکردنی سەرجەمی دیوانی بێسارانی دەکەنەوە، متمانە بەو دوو نوسخەیە نەکەن و بەبێ بەراورد کردن لەگەڵ نوسخەگەلی دیکە، هەوڵی چاپ و بڵاوکردنەوەی شیعرەکان نەدەن.

خشتەی خوارەوە، بەراوردێکی کەشکۆڵی شێخ لەگەڵ نوسخەی (س)و (ن) لە باری ژمارەی غەزەل و فەردەوە، دەخاتە پێش چاو:

شیعری مەحزوونی (بێسارانی)

| | کەشکۆل | نوسخەی (س) | نوسخەی (ن) |
|---|---|---|---|
| پارچە شیعر | ٢٧٦ | ٢٦٢ | ١١٣ |
| فەرد | ٢٢٢٨ | ٢٥٩٥ | ٦٦٩ |

*   *   *

پایزی ساڵی ١٩٩٥، مامۆستا بەڕێز کاک محەمەدی مەلا کەریم بۆ چارەسەری نەخۆشیی لاقی هاتبووە ئاڵمانیا. لە ماوەی مانەوەیدا، مامۆستا بەسینگێکی ئاواڵەوە ئیجازەی پێدام چەند جار بە نامە و تەلەفۆن زەحمەتی بدەمێ و پرسیاری لێ بکەم. بەشی سەرەکیی پرسیارەکان، مەسەلەی ئەم کەشکۆڵە بوو. من پێشتر کۆپییەکی کەشکۆڵەکەم بە هۆی برادەرێکی دانیشتووی ئاڵمانیاوە بۆ ناردبوو- کە دواتر زانیم نەگەیشتووەتە دەستی، بەڵام مامۆستا بە گشتی شارەزای مەسەلەکە هەبوو و گەلێک ڕێنموونیی مامۆستایانەی کردم.

لەگەڵ ئەو ڕێنوێنییە بەنرخانەدا، مامۆستا هەواڵی دەستنووسێکی دیوانی "بێسارانی"ی پێدام کە ئێستا لە 'دار المخطوطات'ی بەغدا (ناسراو بە "دار صدام للمخطوطات") پارێزراوە و بەڵێنی دامێ دوای گەڕانەوە، کۆپییەکی ئەو دەستنووسەم بۆ بنێرێ.

کاکە حەمەی بەڕێز بە ماوەیەکی کەم دوای گەڕانەوە، بەڵێنەکەی خۆی بەجێ هێناو سەرەڕای نەخۆشی و ئێشی لاق، چەند جاران سەردانی شوێنەکەی کرد و بەهۆی نەبوونی مەکینەی فۆتۆکۆپی لەو جێیە، سەرجەمی ئەو شیعرانەی وا "دەخوێنرانەوە" بە خەتی خۆی نووسییەوە و بۆی ناردم. دەڵێی لە جیهانی خاڵی لە خۆشەویستیی ئەمڕۆدا، هێشتا ئەو ڕۆحە گەورانە و ئەو دەریا دڵانە هەر ماون! با هەر بمێنن و ئێمەی لە قافڵە بەجێماوی بازرە بوو، دەرسیان لێ وەربگرین. من ئەو کەسە نەبووم و ئەو نزیکایەتییەم لەگەڵ مامۆستادا نەبوو خۆیم بۆ بخاتە زەحمەتێکی ئەوتۆوە. ئەوەی کردی، لەپێناوی خزمەتی وشەی کوردیدا کردی — کوردیش وا نییە کەسایەتیی ئەو و بنەماڵە بەڕێزەکەی نەناسن و ڕێزیان لێ نەگرن. من سەری سپاس بۆ مامۆستا دادەنەوێنم.

ئەو نوسخەیەی وا بە دستخەتی مامۆستا نووسراوەتەوە و گەیشتووەتە دەستی من، بەشی سەرەکیی دەستنووسەکەی بەغدایە، بەڵام بە گوێرەی ڕاگەیاندنی کاکەحەمە، هەندێ بەشی دیکەشی هەن کە 'ناخوێنرێنەوە'.

نوسخە ئەسڵییەکە، لە پەراوێزی کتێبێکی عەرەبیدا نووسراوەتەوە - کە من دواتر باسی دەکەم. بە گوێرەی ژمارەکردنەکان، ئەو بەشەی وا کاکەحەمە نووسیویەتەوە، سەرجەم یاخود بەشێک لە ٦٥ غەزەلی بێسارانین.

بەم پێیە نوسخەکە، گەلێک ناتەواوە. بەڵام ئەگەر لە باری ژمارەی غەزەلەکانەوە ناتەواویش بێت، لە لایەنێکی دیکەوە گرنگە، ئەویش ڕێکەوتی نووسرانەوەیەتی و من لە درێژەی ئەم باسەدا، دەچمەوە سۆراغی مەسەلەی ڕێکەوتەکەشی.

کاکەحەمە، هاوڕێ لەگەڵ دەستنووسی شیعرەکاندا، هەندێ زانیاریی لەمەڕ نوسخەکە خستبووە توێی چەند لاپەڕەوە و لەگەڵ دەقی وتارێکی مامۆستا "محەمەد علی قەرەداغی"دا بۆی ناردبووم. وتارەکەی مامۆستا قەرەداغیش لە پەیوەندیی هەمان دەستنووسدا نووسراوە و لە ژمارە ۲۰۲۹ی ڕۆژنامەی "هاوکاری" چاپی بەغدا (۱۱ی ئەیلوولی ۱۹۹٤)دا بڵاو بووەتەوە.

من لێرەدا، هەموو ئەو زانیاریانە دەخەمە بەرچاوی خوێنەری کتێبەکە و هەروەها ڕای دەگەیێنم کە دەقی شیعرەکان یارمەتییەکی زۆریان دام بۆ ساغکردنەوەی بەشێک لە ناوەرۆکی کەشکۆڵەکە ـــ ئەوەش سەرەڕای ڕاستییەک، کە لەکاتی گەیشتنی دەستنووسی مامۆستا محەمەددا، کاری تایپی ئەم کەشکۆڵە، کۆتاییی هاتبوو و من جارێکی دیکە بە سەریدا چوومەوە و هیچ مەعلووماتێکی دەستنووسەکە نەمایەوە کەڵکیان لێ وەرنەگرم.

بەگوێرەی نووسینی مامۆستا محەمەدی مەلا کەریم و مامۆستا محەمەد عەلی قەرەداغی: دەستخەتەکەی (دار المخطوطات)ی بەغدا، سەرجەم ۲۰۸ لاپەڕەیە، بە ژمارە ۷۲۱۹ تۆمار کراوە. پێوانەکەی ١٤ × ٢٠ سانتیمەترە، بەرەی ڕەنجی چەند زانایەکی بلیمەتی بنەماڵەی قەرەداغیی مەردۆخییە. بەشێکی زۆری لە هەردوو سەرەوە لە ناوچووە و ئینجا مامۆستایەکی دیکە، سەرلەنوێ لە هەردوو لاوە ناتەواوییەکانیی بەسەر کردووەتەوە و تەواوی کردوون. بەڵام هەرچۆن بێ بە لەناوچوونی یەکەم، ناوی نووسەرەوەی یەکەم و سەردەمی نووسینەوەکەشیمان لەکیس چووە. نووسەرەوەی یەکەم، خۆشخەت بووە و لە نووسینەوەیدا، لە مامۆستای دووهەم، وەستاتر بووە. نووسەرەوەی دووهەم جگە لەوەی ناوی باو و باپیرانی خۆی لە چەند شوێنێکدا تۆمار کردووە، لە پەراوێزدا، بە خەتێکی جوان، بەشێکی دیوانی بێسارانیی بۆ تۆمار کردووین. دەستنووسەکە، پێش ئەوەی بۆ دواجار لە بەغدا لەنگەر بگرێت، سەقز، تەوێڵە و قەرەداغ و...ی بینیوە.... دوالاپەڕەی پاش نووسینەوەی جاری دووهەم، هەر ماوە و ئەم زانیاریانەی تێدا نووسراوە:

"وقع الفراغ عن تسويد هذه الحاشيه الشريفه الواقعه على حاشيه"

"السيد وهى من تصانيف افضل المتأخرين...بعدد اوراق كتابه من"

"الحور... و غفر لكاتبه جميع الذنوب على بن شيخ محمود بن الشيخ حسن."

"... فى شهر الصفر ختم...الصفر و مضى منه ١٨ فى يوم الجمعه فى وقت..."

"بلده سقض وبالكورانى سياهكو، فى حجره مولانا احمد. در آنوقت شمس در برج حمل و ماه در برج قوس بود وبيست و چهارم فارسيه بود. فى سنه ١٠٩٠"

بەگوێرەی وتارەکەی مامۆستا قەرەداغی، لە پەراوێزی هەمان لاپەڕەدا نووسراوە: "فى ساعة عطارد". هەروەها لە سووچێکی دیکەوە نووسیویە: "لرجل عمى اعزى الشيخ احمد لطيف بن شيخ حسن از واسطه بان... هر كسى". مامۆستا قەرەداغی لە درێژەی باسەکەدا دەنووسێ:

"زانایەکی ئەو بنەماڵە بەڕێزە [مەردۆخی]، دیوانی شیعریان لە پەراوێزی کتێبێکی وا بێ پەیوەندی بە ئەدەبەوە نووسیوە و پشتاوپشت لێیان زیاد کردووە... دیوانی بێسارانیی ناو دەستخەتەکە، نوسخەیەکی پوخت و ڕاستە و کۆنترین نوسخەی دیوانەکەیە کە تائێستا هەواڵی زانرابێت، چونکە تەمەنی دەستخەتەکە لە ٣٠٠ ساڵ پترە و نووسەرەوەکەیشی کۆلکە لەلا و نیمچە خوێندەوار نەبووە و خاوەنی هەست و زەق و ئەدەبدۆست بووە. مەبەستی بووە شیعرەکانی بە ڕاستی بنووسێتەوە و دواییش بە دەست مامۆستایانی دیکەوە بووە و بەسەر شیعرەکاندا چوونەتەوە و ڕاستیان کردوونەتەوە."

زانیارییەکانی هەردوو مامۆستا قەرەداغی و محەمەدی مەلا کەریم لێرەدا تەواو دەبێت. بەگوێرەی ڕاگەیاندنی ئەوان- کە چاویان بە دستنووسەکە کەوتووە:

**ئا.** دەستنووسی ژمارە ٧٢١٩ی (دار صدام للمخطوطات) لە بەغدا، حاشیەی "سەیید"ە لەسەر ڕیسالەیەکی زانستی مەنتیق بە ناوی "الرساله الشمسيه فى القواعد المنطقيه" و لە ڕاستیدا، من نازانم ڕیسالەکە خۆی، هی کێیە؟

**ب.** نیشانەیەک بەدەستەوە نییە "شارح" واتە "سەیید" خۆی، نوسخەکەی نووسیبێتەوە و ناشزانرێ "سەیید" کێ بووە؟

**پ.** ناوی نووسەرەی سەرەکی نوسخەکە و ڕێکەوتی نووسینی ئاشکرا نییە.

**ت.** نوسخەکە، دوای نووسران لە بنەماڵەی مەردۆخیدا، (محەمەد علی قەرەداغی دەنووسێ: بنەماڵەی قەرەداغی مەردۆخی)، ماوەتەوە، ئینجا نووسەرەوەی دووهەم- کە ئەمیان ئاشکرایە لە مەردۆخیەکانە، هاتووە و ناتەواوی و فەوتاوییەکانی بۆ تەواو کردووە؛ لەوەش زیاتر، بە خەتی خۆی و لە قەراخ و

بیجاخی دەستنووسەکەدا، ژمارەیەک شیعری بێسارانیی نووسیوەتەوە. نووسەرەوەی دووهەم، ناوی خۆی و باب و با پیرانی لە چەند شوێنی دەستنووسەکەدا نووسیوەو ڕێکەوتی ١٨ی مانگی سەفەری ١٠٩٠ی کۆچی [بەرانبەر لەگەڵ ٢٢ی مانگی مارچی ١٦٧٩ی زاینی] بە دوا لاپەڕەیەوە داوە، کە ئەگەر بەرانبەر دانانەکەی من ڕاست بێت، دەکاتە نەورۆزی ١٠٥٨ی هەتاوی.

**ج**. نووسەرەوەی دووهەم، ناوی "عەلی کوڕی شێخ مەحموود، کوڕی شێخ حەسەن، کوڕی شێخ شەمسەددین، کوڕی شێخ عەبدولغەفار، کوڕی مەولانا گوشایش [کوڕی دەروێش میر محەمەدی بابا مەردۆخ]ە.

من لەنێو شەجەرەی مەردۆخیەکاندا شوێنی باووبا پیری ئەو زاتەم هەڵگرت. بەداخەوە مێژووی ئایەتوڵلا مەردۆخ ڕوونی ناکاتەوە ئەو زاتە کێیە و کاتی دێتە سەرباسی شێخ شەمسەددینی وەلی (یەکەم)، دەڵێ سێ کوڕی بووە: حاجی محەمەد مستەفای تەختە، شێخ عەبدولغەفاری دووهەم و شێخ محەمەد حەسەن، بەڵام ئیتر لە باسی کوڕانی شێخ محەمەد حەسەندا، ناوێک لە شێخ مەحموود نابات و دەڵێ سێ کوڕی هەبوە (شێخ عەبدوللەتیف، شێخ محەمەد و شێخ ئەحمەد)، هیچکام لەوانیش کوڕێکیان بە ناوی عەلی نەبوە. بەم پێیە، دەبێ سەرنجی زیاتری مێژووی بنەماڵەکە بدرێت، تا ئەگەر ئایەتوڵلا تووشی هەڵەیەک هاتبێت، ڕوون بێتەوە. بە بۆچوونی من، کاتێ نووسەر واتە عەلی دەڵێ: "عمی اعزی الشیخ احمد لطیف بن شیخ حسن..."، ناوی شێخ ئەحمەد و شێخ عەبدوللەتیف کوڕانی شێخ حەسەنمان لێ تێکەڵ دەبێت. بەڵام سەرەڕای ئەوەش، وا هەیە بتوانین بڵێین ئەو "شێخ عەلی"یە کوڕی شێخ مەحموود بووە، بەڵام ئایەتوڵلا بە هەڵە، شێخ ئەحمەدی بە محەمەد نووسیوە و ناویشی لە کوڕەکەی - واتە عەلی، نەبردووە.

**چ** ساڵی نووسینی نووسەرەوەی دووهەم، ١٠٩٠ و ١٠٩١ی کۆچییە کە دەکاتە ١٦٧٩ و ١٦٨٠ی زاینی. پێویستە ئەو ساڵانە لەگەڵ ڕێکەوتی ژیانی بێسارانیدا بەراورد بکرێ. بەداخەوە تەئریخی لەدایکبوون و مردنی بێسارانی ڕوون نییە. لەو ساڵانەی وا "مامۆستا عەلائەددین سەجادی"و نووسەری کتێبی "پیرشالیار" و کیومرث نیکرەفتار دیاردەیان بۆ کردووە و بابا مەردۆخ ڕۆحانی لە بەرگی یەکەمی تاریخ مشاهیر کرد (ل١٦٧)دا هێناونی، ئەگەر ساڵی ١٠٥٢ (یا ١٠٥٣) بە ساڵی لەدایکبوونی بگرین، ئەوا نووسەرەوەی دووهەم (شێخ عەلی) دەبێ شیعرەکانی بێسارانیی کاتێ نووسیبێتەوە کە بێسارانی ٣٧ یا ٣٨ ساڵان بووبێت و ئەگەر وابێت، دەگەینە ئەنجامی ئەو ڕاستییەی کە بێسارانی هەموو شیعری ناو ئەو دەستنووسەی لە تەمەنی پێش ٣٧ ساڵاندا گوتووە.

بەڵام من لەمەڕ ساڵی لەدایکبوونی بێسارانی، بۆچوونی مامۆستا سەید تاهیری هاشمی دەسەلمێنم کە لە تاریخ مشاهیر کرد (هەمان لاپەڕە)دا ئاماژەی پێ کراوە. بە بۆچوونی هاشمی، بێسارانی تا دەوروبەری ساڵی ۱۰۹۰ ژیاوە. ئەو تەئریخەش، هەمان ساڵی نووسرانی شیعرەکانیەتی لەم دەستنووسەدا!

**ح**. سەبارەت بە شوێنی نووسرانی دەستنووسەکە، قەرەداغی و مودەڕڕیس دەڵێن "بلده سقض بالگورانی سیاهکو..."، هەمان شاری سەقزی ئێستایە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان. من نازانم ئایا ناوی سەقز لە سەرچاوەی کۆنی دیکەشدا بیچمی "سقض" ی هەبوە یان نا؟ هەروەها نازانم کوردی گۆران، سەقزیان بە "سیاهکۆ" ناوبردوە یان نا؟ بەڵام تا دەرکەوتنی پێچەوانەی مەسەلەکە، بۆچوونەکە وەردەگرم.

**خ**. شیعری بێسارانی لەو دەستنووسە تایبەتەدا، گەلێک شێواو و ناتەواوە. ناتەواییەکانی بە یارمەتیی کەشکۆڵی شێخ عەبدولموئمین و نوسخەی / س/ و/ ن/ تەواو دەکرێن، بەڵام ساغکردنەوەی شێواوییەکەی ئەرکێکی زۆری پێویستە، دەنا وا هەیە تەنیا فەردێکی یەک غەزەل مابێتەوە و پاشماوەکەی فەوتابێت، یاخود دوو یا سێ غەزەل کرابێتن بە یەک و ئەوەش، کاری ئەو کەسانەیە وا خەریکی ساغکردنەوەی دیوانی بێسارانین.

**د**. لە پەیوەندیی کەشکۆڵی شێخ عەبدولموئمین من هەرکام لە شیعرەکانی دەستنووسی بەغدام بۆ ساغ بووبێتەوە، لە پەراوێزی هەمان غەزەلدا ئاماژەم پێ کردووە و دەستنووسەکەم بە نوسخەی (ع) ناوبردوە کە نیشانەی "عەلی"، واتە شێخ عەلی کوڕی شێخ مەحموودی مەردۆخی بێت.

ر. غەزەلێکی کرمانجی (ژووروو) لەگەڵ ئەو شیعرە کوردییانە کەوتووە:

"هەر کەسێ ئیرۆ دەبینێ چاوی خوونباری ئەمن،

ئەو دەزانێ نوکتە و ئەو قەوڵ و ئەسڕاڕی دەمن..." ل۸۲.

شیعرەکە، ۸ فەردە و من ئیحتمالی ئەوە گەلێک لاواز دەبینم هی بێسارانی بێت، بەڵام ئەگەر وا بێت، نیشانەی دەسەڵاتی زۆری بێسارانییە بەسەر شێوە زارەکانی زمانی کوردیدا.

**س**. لە پەیوەندیی پرسیاری "بێسارانی یا مەحزوونی"دا، دەستنووسەکە، هیچ یارمەتییەکمان نادات. ئەوەندەی من بزانم، دەستنووسەکە، ناوی هیچ کامیانی بە سەرەوە نییە و تەنیا بە قەرینە دەزانرێ شیعرەکان هی بێسارانین.

## شەجەرەنامەی مەردۆخیەکان

وەرگیراوە لە کتێبی تاریخ مەردۆخ، بەرگی٢، ل. ٦




*نووسەری 'تاریخ مردوخ'

**نووسەرەوەی ئەم کەشکۆڵە شیعرە

***نووسەرەوەی دووهەمی دەستنووسەکەی بەغدا بە وتەی خۆی، کوڕی شێخ مەحموود بووە. واهەیە ئایەتوڵڵا لە نووسینی ناوی باوکیدا هەڵەی کردبێت و لەجیاتی مەحموود، محەممەدی نووسیبێت (؟).

**ش.** شێخ عەبدولموئمین لەسەر لاپەڕەکانی کەشکۆڵەکە، (جگە لە شیعرە گۆرانیەکان)، هەندی یادداشتی خۆی نووسیوە و تێیدا ژمارەیەک تەئریخ و شوێنی ڕاگەیاندووە. پڕۆفیسۆر مەکەنزی باسی ئەم یادداشتانەی لە وتارەکەی خۆیدا کردووە و من پێویسییەک نابینم دووپاتیان بکەمەوە، خوێنەر دەتوانێ ئەم باسە، لە پاشکۆی سێهەمدا بخوێنێتەوە.

ع. جگە لە یادداشتەکانی شێخ، کەسانێکی دیکە بە شێوەخەتی جیاوازەوە، هەندێ شیعریان لە پەراوێزی لاپەڕەکاندا نووسیوە. ئەو شیعرانە، بریتین لە:

- شیعری "هەور نۆ ئامان" پەراوێزی لاپەڕە ١١ب.

- شیعری "قافلە سالار ما غرم سفر میکند" (سعدی شیرازی) پەراوێزی لاپەڕە ٢٠ ئا.

- لاپەڕە ٤٤ب تەنیا دوو فەرد شیعری گۆرانیی تێدایە، ئینجا ٣ مۆری پێوە دراوە، کە لەسەر یەکیان ناوی "احمد بن محمد رشید" و لەسەر ئەوی دیکەیان وشەی "جمال" ]؟[ دیارە.هەروەها بە خەتێکی درشت و جوان پێنج فەرد شیعری فارسی لێ نووسراوە:

ای آنکە بە ملک خویش باینده توئی... (٢فەرد)

بوی است... (١فەرد)

مرد آنست... (١فەرد)

درد... (١فەرد)

- دوو فەرد شیعری عەرەبی: یا بائر ...لاپەڕە ٤٨ب

- حیسابی حەوت ڕۆژی حەوتوو (شەممە، یەکشەممە...) بە گوێرەی ئەبجەد، کە ئەویش دەستخەتی شێخ نییە .لاپەڕە ٤٩ب

- شیعری فارسی "کی بود یا رب ..." (٧فەرد)، لاپەڕە ٥٤ب

- مۆری ".. الحق مبین الملک بن جمال الدین "، لاپەڕە ٢٤ب

غ. لە لاپەڕە ٨ئا دا، پێش دەست پێکردنی شێعرە کوردییەکانی کەشکۆڵەکەش، پێنج فەرد شیعری کوردی و فەردێکی تورکی نووسراوە:

شیعرە کوردییەکە، ڕووی لە خواجە حافظی شیرازییە و هەندێ تکاکاریی لەو شاعیرە فارسە کردووە، کە بەپێی نەریتی ئێرانیەکان، لەکاتی گرتنەوەی فاڵی حافڤدا، دەگوترێن:

"حافظ"! باجەتی شاخ نەباتت

به نۆشیدەی جام، جورعەی مەماتت

به هەوای گوڵگەشت، سەیر 'مصلی' ت

آب 'ڕوکن ئاباد'، سەرچەشمەی حەیات

یه، چەندێ وەختەن قیبلەم دوور کەفتەن

سەرتاپای باڵام ئالوودەی نەفتە[ن]

فاڵێ وەسفولحاڵ باوەرە پەرێم

موناسیب حاڵ نوردیدەی [وێم]

هەرشۆ جاسمان قەبرت پڕ نوور بۆ

دیدەی بەد جه 'شاخ نەبات' ت دوور بۆ

شیعرەکە، لە نوسخەی (ع)دا، بە ناوی بێسارانی هاتووە.

فەردە شیعرە تورکییەکە نیشان دەدات شێخ عەبدولموئمین زمانی تورکیشی زانیوە:

بوگوین بیر دلروبا گوێردوم، قۆیوب طەرزی کولاە ئەگری

زەهی سەرخۆش کە قۆیمیشدور کولەە بەر طەرف ماە ئەگری

**ف.** لە دوو لاپەڕە پێش دەست پێکرانی کەشکۆڵەکەشدا (٧ب)، شیعرێکی فارسی نووسراوە کە نازناوی "مومن" لە دوافەردیدا دەبینرێ و نیشان دەدات شیعرەکە، هی شێخ عەبدولموئمین، خۆیەتی و نازناویشی "مۆمن" بووە.

ئەوەش شیعرەکەیە:

زلف تو، بە دامان تو افتادە، ولی کژ

ابروی تو بالای رخ افتادە، ولی کژ

با گوشەی چشمش نگهی کرد و سخن گفت

افتاد سخن راست، ولی بود نگە، کژ

کفتا چو بمیری تو، من آیم به عیادت

من، راست شدم مرده و شد وعدەی او کژ

گیسوی تو گفتا که به بالام برابر

گفتش گنه راست چه گویی تو چنین کژ؟

"مومن" تو ازین مغبچگان راست بپرهیز

کس رسم زکفار ندید است به جز کژ

## بێسارانی یا مەحزوونی؟

کەشکۆڵی شێخ عەبدولموئمین ٣٨١ پارچە شیعری ژمارەیەک شاعیری کوردی تێدا کۆکراوەتەوە. ئەم شاعیرانە، بە بڕوای من ٤١ کەسن. گرنگترینیان ـ کە بەشی سەرەکی شیعرەکانیش هی ئەوە، مەحزوونییە. پاشماوەی شاعیرەکان جگە لە خانای قوبادی و یەک دوو کەسی تر، بە گشتی ئەو کەسانەن کە شیعرێک یا دوانیان لە پەیوەندیی شیعرێکی مەحزوونیدا هۆندووەتەوە و شێخ عەبدولموئمین لەکاتی نووسینەوەی شیعرەکانی مەحزوونیدا، ئەو شیعرانەشی بە ناوی خۆیانەوە هێناوەتەوە واتە، داویەتە دەم شیعرەکانی مەحزونی.

شێوەی ئەو پەیوەندییدانەش، مەوزووعییە، واتە ئەگەر مەحزوونی شیعرێکی لە باسی "طاف" و ئاو هەڵدێرێکدا گوتبێت و یەک یا چەند شاعیری دیکە لە هەمان زەمینەدا شیعریان هۆندبێتەوە، شێخ هەموویانی پێکەوە هێناون وبە عیبارەتی "در ردیف"، بە خوێنەری ڕاگەیاندووە کە، شیعری دووهەم لە هەمان واتا و شێوەی شیعرەکەی مەحزوونیدا هۆنراوەتەوە، بە هەمان شێوە، سێهەم و چوارەم.

هەندێ جار شیعرەکان پرسیار و وەڵامن، واتە مەحزوونی پرسیارە شیعرێکی خستۆتە بەردەم شاعیرێک و وەڵامەکەشی هەر بە شیعر وەرگرتووەتەوە. وا هەیە پرسیار لەلایەن شاعیرێکی دیکەوە کرابێت و مەحزوونی وەڵامی دابێتەوە. جاروباریش، ئەم وتوویژ و پرسیار و وەڵامە لەنێوان دوو شاعیردا، کراوە و مەحزوونی هیچ سەرێکی ئەم باسە نییە بەڵام دیسانەکە، دەبینین یەکێ لە شیعرەکان ــ بە شێوەیەکی بابەتی پەیوەندیی بە شیعری مەحزوونییەوە پەیدا دەکات.

بەم شێوەیە، مەحزونی ڕۆحێکی "شامیل"ەو بەتان و پۆی کەشکۆڵەکەدا گەڕاوە. بە گشتی دەتوانین بڵێین کەشکۆڵی شێخ دیوانێکی بێ کەم و کەسری شیعری مەحزوونییە.

لە پەیوەندیی مەحزوونی و شیعرەکانیدا هەندێ مەسەلە دەبێ ڕوون بکرێتەوە: کێیە؟ لە چ سەردەمێکدا ژیاوە؟ شیعرەکانی کامن؟

ژیان و بەسەرهاتی ئەم شاعیرە، لە بەشی تایبەت بە خۆیدا دەکەوێتە بەر چاوی خوێنەر، ئەوەی لێرەدا پێویست بە ڕوونکردنەوە بێت، ئەوەیە بزانین مەحزوونی کێیە و لە کەشکۆڵی شێخ عەبدولموئمیندا، لەکوێ وەستاوە؟

لە کەشکۆڵەکەدا، ناوی شاعیری پارچەی یەکەم (المـ...؟) ناخوێنرێتەوە و بەم شێوەیە، دانەری ئەم شیعرانەش کە بەدوای ئەودا هاتوون و عیبارەتی 'وله'یان لەسەر نووسراوە، بە هاسانی دیاری ناکرێن.

بەڵام، وردبوونەوەی زیاتر، هێندێک بەڵگەمان بەدەستەوە دەدات کە بتوانین شیعرەکان بەرینەوە سەر "مەحزوونی" شاعیر:

١. بەپێی شێوە خەتی نووسەرەوە، ناوی ناتەواوی "المـ..." (لاپەڕە ٨ب) زۆر لە وشەی "المحزونی" دەچێ.

٢. لە هێندێک شوێندا، عیبارەتی "ولە مەحزونی" کراوەتە جێگری "ولە"....

٣. هەڵبەستەکانی مەحزوونی بەگوێرەی پیتی ئەلفوبێ، واتە پیتی یەکەمی لەتکە شیعری یەکەم (حرف البا، حرف السین، حرم المیم و...) دابەش کراون، لەکاتێکدا ئەم شێوەیە، بۆ هیچ شاعیرێکی دیکە ڕەچاو نەکراوە.

٤. ئەگەر هەڵبەستی شاعیرێکی تر (بۆ نموونە: استاد میکائیل، پەشێو، دەردین و...) هاتبێتە نێوان شیعرەکانی مەحزوونییەوە، لە پارچە شیعری دواتردا سەرلەنوێ عیبارەتی "مەحزوونی" (لاپەڕە ٣٤ئا، ٢٨ب، ٣٣ئا، ٣٢ئا)، "ولە مەحزونی" (لاپەڕە ٢٦ب، ٢١ب، ١١ب)،"ولە" (لە زۆربەی لاپەڕەکاندا)، "محزونی در جواب" (لاپەڕە ٣١ب) و "محزونی در ردیف" (لاپەڕە ٣٢ئا)، شێوازی کارەکەیان بردووتەوە سەر ڕێچکەی خۆی و درێژە بە شیعری مەحزوونی دراوە.

بەم پێیە لە سەرجەمی ٣٨١ پارچە شیعری کەشکۆڵەکەی، نزیکەی ٣٠٠ پارچەی هەڵبەستی "مەحزوونی"ن، کەوابوو، کەشکۆڵی شێخ دیوانێکی تێروتەسەلی شیعری "مەحزوونی"یە.

دەتوانین بڵێین مەسەلەی سەرەکی لەپێناوی ساغکردنەوەی شیعرەکان و دۆزینەوەی سەرەتای ئەم گلۆلە ئاڵۆزەدا، بەستراوە بە ناسینی "مەحزوونی"یەوە. بە بێ ڕوونکردنەوەی ژیان و بە سەرهات و بەرهەمی شیعریی ئەو زاتە، کەم یا زۆر هیچ دەرەتانێک بۆ ساغکردنەوەی ناوەرۆکی کەشکۆڵەکە پێک نایەت.

لە یەکەم هەنگاوی کارەکەدا من، ڕووبەڕووی ئەو ڕاستییە بوومەوە بەشی "چراخیات"ی کەشکۆڵەکە، واتە ئەو شیعرانەی وا بە "چراخ" و "چراخم" دەست پآدەکەن، هەمان ئەو شیعرانەن کە لە دیوانی "بێسارانی"دا بە ناوی بێسارانییەوە هاتوون: لە ٦٨ پارچە شیعری "چراخیات"ی دیوانی بێسارانی (چاپی ک. نیک ڕەفتار)، ٥٨ پارچەیان لە کەشکۆڵەکەدا دەبینرێن. دوو پارچەش لە کەشکۆڵەکەدا

هەن، بەڵام لە سەرچاوەکانی دیکەدا بەرچاو ناکەون، تۆ بڵێی چ ڕەمزو ڕازێک لە مەسەلەکەدا هەبێت؟[78]

لە هەنگاوی دواتردا، ئەم وێچوویی و نزیکایەتییەم لەنێوان پاشماوەی شیعرەکانی کەشکۆڵ و دیوانی بێسارانیدا هەست پێکرد و گەیشتمە ئەو باوەڕەی کە یەکێک لەم سێ کلیلانە دەبێ قفڵی مەسەلەی مەحزوونی و بێسارانی بکەنەوە:

١. شێخ عەبدولموئمین، شیعری بێسارانی بە ناوی مەحزوونییەوە نووسیبێ.

٢. شیعرەکان هی مەحزوونی بن و ئەو سەرچاوانەی وا بە ناوی بێسارانییەوە نووسیویانن، هەڵەیان کردبێ.

٣. هیچ لایەنێک تووشی هەڵە نەهاتبن و بێسارانی و مەحزوونی هەر یەک کەس بن!

لەمەڕ بۆچوونی یەکەم، دەستپاکی و وردەکاریی شێخ عەبدولموئمین لە نووسینەوەی شیعری شاعیرانی دیکەدا (بۆ نموونە خانای قوبادی)، تا ڕادەیەک دڵنیای دەکردم کە هەڵەیەکی وا گەورە نابێ لە قەڵەمی ئەو ڕوویدابێت. بۆچوونی دووهەمیش پشتی بە هیچ دەستاوێژێک نەبەستبوو، کەوابوو تۆ بڵێی مەحزوونی هەمان بێسارانی نەبێ؟ بڵێی ئەم دوو ناوە هی یەک کەس نەبن؟ مەسەلەکەم خستە بەر ڕای شارەزایان و یارمەتیم لە گەلێک پسپۆڕ و زانا خواست:

یەکەمجار نامەیەکم بە هۆی گۆڤاری "سروە"وە ناردە خزمەت مامۆستا سەید تاهیری هاشمی، بەڵام پێش ئەوەی نامەکەم بگاتە جێ، هەواڵی پڕ لە داخی فەوتی مامۆستام بیست و پرسیارەکەم بێ وەڵام مایەوە.

ماوەیەک درەنگتر، کاک "محەمەد عەلی سوڵتانی"ی نووسەری کرماشانی لە وەڵامی پرسیاری مندا نووسیی، لە مامۆستا سەید تاهیری بیستووە نازناوی شیعریی بێسارانی مەحزوونی بووە، بەڵام هیچ بەڵگەیەکیشی بۆ سەلماندنی مەسەلەکە بەدەستەوە نییە.[79]

بەگوێرەی دۆستایەتیی کاک محەمەد عەلی لەگەڵ مامۆستا سەید تاهیر و ئەو ڕاستییەی کە سەرەتای بەرگی یەکەمی "حەدیقە سوڵتانی" لەلایەن مامۆستای

---

[78] دیوانی بێسارانی، بەرگی یەکەم، کۆکردنەوە و لێکدانەوەی کیومرث نیک ڕەفتار، ئەمینداریەتی گشتی ڕۆشنبیری و لاوان، بەغدا ١٩٨١، ل ١٤

[79] ڕێزدار محەممەد عەلی سوڵتانی، نامەیەک بۆ نووسەر، ساڵی ١٩٩٣.

کۆچکردووەوە نووسراوە و کۆپییەک لە دەستنووسی دیوانی بێسارانیی مامۆستاش، لای کاک محەمەد عەلییە، مەسەلەکەم جیددی گرت و زیاتری وەشوێن کەوتم.[٨٠]

مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەڕریس یەکەم کەس بوو، کە دەبوایە زەحمەتی پرسیارم بدایەتە بەر و هەر وایشم کرد. کاک محەممەدی مەلا کەریم لە زمان جەنابی مامۆستاوە بۆی نووسیم:

"لە بارەی مەحزوونی و بێسارانییەوە، من هیچ بەڵگەیەک شک نابەم کە یەک کەس بن... . بیروڕای مەرحوومی سەید تاهیریش لەوانە نییە پشت گوێ بخرێ، بەڵام ئەبێ بزانین هۆکار و دەستاوێژی چی بووە". لە کۆتاییشدا، ڕێنموونیی فەرمووبوو کە یارمەتیی لە کوڕی مامۆستا سەید تاهیر بخوازم "بەڵکوو لەناو ئەوراق و پاشماوەی باوکیا شتێکت بۆ بدۆزرێتەوە".[٨١]

ئەو کارەشم کرد، بەڵام تائێستا هیچ وەڵامێکم وەدەست نەکەوتووە.

لە درێژەی کارەکەدا، پەسندێکی دیکەم لە خوالێخۆشبوو "دوکتۆر عابیدی سیراجەددینی" وەرگرت. دوکتۆر عابید لە یادداشتێکدا بۆی نووسیم کە بیستوویە بێسارانی و مەحزوونی هەر یەک کەسن. زۆریش وا هەیە ئەمەی لە مامۆستا سەید تاهیر بیستبێ، بەڵام تەواو دڵنیا نییە. کاک عابید خۆیشی لەگەڵ ئەم بۆچوونەدا بوو و یەکبوونی بێسارانی و مەحزوونیی دەسەلماند.[٨٢]

جارێکی تر، سەرلەنوێ بە سەرچاوەکانی بەردەستمدا چوومەوە.

"مەلا مستەفا، لە بەر خۆشەویستی زێدەکەی، نازناوی "بێسارانی"ی بۆ خۆی هەڵبژاردووە".[٨٣]

---

[٨٠] محەممەد عەلی سوڵتانی، "حدیقه سلطانی"، ج ١، با مقدمه و خط استاد سید محمد طاهر هاشمی، تهران؟ ١٣٦٤ [١٩٨٥].
[٨١] مامۆستا محەممەدی مەلا کەریم، نامەیەک بۆ نووسەر، ساڵی ١٩٩٤
[٨٢] دوکتۆر عابید سراج الدینی، یادداشتێک بۆ نووسەر، ساڵی ١٩٩٤
[٨٣] بابا مردوخ روحانی- شیوا، "تاریخ مشاهیر کرد"، ج ١، انتشارات سروش، تهران ص ١٦٧

"ناوی بێسارانییە... نازناویشی بێسارانییە، بەڵام بە پێچەوانەی زۆربەی شاعیران، کە ناوی خۆیان لە هەڵبەستەکانیاندا دێنن، بێسارانی ئەم عورفەی کەمتر بەرچاو گرتووە."[٨٤]

بۆچوونی یەکەم هی "بابا مەردۆخ ڕوحانی" (تاریخ مشاهیر کرد)و دووهەم هی "کیومرث نیک ڕفتار"ە (پێشەکیی دیوانی بێسارانی) و هەردوولا، بە ڕاشکاوی دەڵێن: سەرچاوەی زانیاریەکانیان سەید تاهیری هاشمی بووە، واتە لایەنگرانی هەردوو بۆچوون، چ ئەوانەی "بێسارانی" بە نازناوی مەلا مستەفا دەزانن و چ ئەوانەی دەڵێن "مەحزوونی" تەخەللوسی شیعریی بێسارانی بووە، کەڵکیان لە زانیاری مامۆستای ناوبراو وەرگرتووە و ئەوەش مەسەلەکەی هێندێک ئاڵۆزتر دەکرد.

لێرەدا بوو، کاک ئەنوەر قادر محەمەد، وتارێکی مامۆستا "عوسمان هەورامی"ی بۆ ناردم، وتارەکە لە گۆڤاری "کاروان" (ئاداری ١٩٨٣)دا بڵاو بووەتەوە و تێیدا مامۆستا باسی ژیانی بێسارانی دەکا و دەنووسێ "خۆی و مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەرریس و کاک محەمەدی مەلا کەریم دیوانی بێسارانییان ئامادەی چاپ کردووە"، بەڵام هیچ ئیشارەیەک بە نازناوی بێسارانی ناکات.

ئەگەرچی وتارەکەی مامۆستا عوسمان، وەڵامی ئەو پرسیارە تایبەتەی نەدەدایەوە، بەڵام شیعرێکی بێسارانی کە بووبووە ناوئاخنی وتارەکە، دەراوێکی ڕوون دەکردەوە:

ناڵەی دەردەدار، بێ ئاخ نمەبۆ

عاشقان بێ یار، مەدار نمەبۆ...

"مەحزوونی"ی عاشق، بێ یار نمەبۆ

عاشقان بێ یار، مەدار نمەبۆ[٨٥]

---

[٨٤] دیوانی بێسارانی، نوسخەی دەستنووسی لای مامۆستا سەید تاهیری هاشمی بەخەتی کاک محەممەد عەلی سوڵتانی، ڕێکەوتی کۆپی هەڵگرتن ١٣٥٥ ی هەتاوی [=١٩٧٦ ز].
[٨٥] عوسمان هەورامی، "بێسارانی بلیمەت"، گۆڤاری کاروان، ژمارە ٦ هەولێر، ئاداری ١٩٨٣، لل ٨ تا ١١
ئەم غەزەلە لەباری دارشتن و شێواز، هەروەها زمان و چێژی شیعرییەوە لە هەڵبەستەکانی بێسارانی جیاواز دەنوێنێت و من بە دووری نازانم شاعیر ئەم غەزەلەی لە سەردەمێکی جیاواز (وەک سەردەمی لاویەتی) یان لە شوێنێکی جوغرافیایی جیاواز (وەک ئەردەڵان، موکریان، بابان)

غەزەلەکە، هەشت فەردە و نازناوی مەحزوونی لە فەردی پێنجەمدا هاتووە، دیوانی دەستنووسی بێسارانیش ئەم غەزەلەی بێ هیچ جیاوازییەک تۆمار کردووە. ژمارەی فەردەکان لێرەشدا هەشتە (پارچە شیعری ژمارە ٢٢٤ لە دیوانی بێسارانی کە کاک محەمەد عەلی سوڵتانی لە ڕووی نوسخەی مامۆستا سەید تاهیری نووسیوەتەوە).

شیعرەکە لە کەشکۆڵی شێخ عەبدولموئمینیشدا جیاوازییەکی لەگەڵ ئەو دوو دەقە نییە.

پێویستە شوێنی وشەی "مەحزوونی" لە پەیوەندی پاشماوەی وشەکانی فەردە شیعرەکەدا ڕوون بکرێتەوە. ئەم وشەیە، پێک هاتووە لە ئاوەڵناوی بەرکار+ دەنگی /ی/. ئەم /ی/یە، یانی نەسەبەو بە دوو هۆی ئاشکرا ناتوانێ یائی ئیزافە بێت:

١. ئەگەر یای ئیزافە بێت، زۆر وا هەیە ئاوەڵناوی "مەحزوون" بکەوێتە دوای وشەی عاشق و دەوری سیفەت بگێڕێ: عاشقی مەحزوون.

٢. لە شێوە زمانی گۆرانیدا، یای ئیزافە جێگای خۆی دەدا بە ڤاوێلێکی کورت کە ئەم ڤاوێلە لە ئەلفوبێی کوردی و فارسیدا نیشانەیەکی بۆ دانەنراوە و ناچار نانووسرێت: وەهار خەمین، هەور نەو، جام زووخاو، وەڵگ گوڵ و... کەوابوو، دەبوایە "مەحزوون عاشق" بوایە، نەک "مەحزوونی عاشقی."

بەم شێوەیە وشەی "مەحزوونی" دەبێ نازناوی شاعیر بێ، ئەوەش بۆ باسەکەی ئێمە، خاوەنی گرنگییەکی تایبەتە و ئەو ڕاستییە دەخاتە ڕوو کە مەلا مستەفای بێسارانی خۆی بە "مەحزوونی" دەناسێنێ، ئەوەش بۆچوونی مامۆستا سەید تاهیری هاشمی پەسند دەکات و دەبێتە شاکلیل بۆ کردنەوەی ئەو قفڵەی کەشکۆڵەکە، کە بریتی بێ لە ناوی "مەحزونی و شیعری بێسارانی". جا، لە هەلومەرجێکدا کە:

---

و لە ژێر شوێندانانی زاراوە کوردییەکانی باکوورتردا گوتبێت. ئەگەر ئەم بۆچوونە، کە پشتی بە هەندێک خەسلەتی شیعرەکانی بێسارانی بەستووە، ڕاست بێت، ئەوا دەتوانین بڵێین بێسارانی لە سەرەتاکانی کاری شاعیریدا نازناوی "مەحزوونی" بووە، بەڵام دوای نیشتەجێ بوون لە بێساران، بەهۆی هەندێک هۆگەلی بۆ ئێمە نەزانراو، نازناوەکەی وەلا ناوە. لەگەڵ ئەوەشدا کەسانێک، بۆ نموونە شێخ عەبدولموئمنی مەردۆخی، هەشتا ساڵ دوای مردنیشی هەر بە ناوی مەحزوونییەوە ناسیویانە.

ئا. ناوی "مەحزوونی" بە سەر شیعری "بێسارانی"یەوە دەبینرێت،

ب. لە دوو سەرچاوەی بێ لایەن دەبیسین کە خوالێخوشبوو سەید تاهیری هاشمی، "مەحزوونی" بە تەخەللوسی بێسارانی داناوە،

پ. بێسارانی خۆی لە شیعری "ناڵەی دەردەدار"دا نازناوی "مەحزونی" بە کار دێنێ، ئێمە ئەودەم دەتوانین بە متمانەیەکی سنووردارەوە بڵێین: نازناوی شاعیریی مەلا مستەفا بێسارانی، "مەحزوونی" بووە، بەڵام ئەوەندەی تا ئێستا زانراوە، لە جارێک زیادتر، ئەم نازناوە لە شیعرەکانیدا ڕەنگی نەداوەتەوە و بە گشتی لەم بارەیەوە نەریتی شاعیرانی پێش خۆی شکاندووە کە ناو یا خود نازناوی خۆیان لە شیعرەکانیاندا دێنن.

هەر ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی ئێمە مەلا مستەفا بە ناوی زێدەکەیەوە بناسین نەک بە نازناوی شاعیرییەوە، بەڵام وا دەردەکەوێ لە سەدەی حەڤدەهەم و سەردەمی ژیانی شێخ عەبدولمونمینی مەردۆخیدا بە نازناوەکەیەوە ناسراوە و شێخ لە لاپەڕەی کەشکۆڵەکەیدا، هەر بە ناوی "مەحزونی"یەوە ناوی بردووە.

دڕەنگتر، ڕێزدار "ئەحمەدی شەریفی" لەڕێگەی نامەیەکی ڕاستەوخۆوە بۆ من و پاشان لە ڕێگای یادداشتێکەوە بۆ گۆڤاری "گزینگ" (چاپی سوێد. ژمارە ٧ بەهاری ١٩٩٥)، ڕای خۆی لە مەڕ پەسندی بۆچوونەکانی من و بە یەک ناسینی کەسایەتیی بێسارانی و مەحزونی دەربڕی. ئاشکرایە، تەئییدی کاک ئەحمەد- کە پشتی بە بۆچوونی مامۆستا سەید تاهیری هاشمی و خوالێخۆش بوو ایت الله مەردۆخ بەستووە، بۆ من جێی خۆشحاڵییەو بە هەنگاوێکی تازەی لە بواری ڕوون کردنەوەی کەسایەتی و شوێنەواری ئەدەبیی "بێسارانی" و بە تایبەت لە پەیوەندیی ساغکردنەوەی کەشکۆڵەکەیدا دەبینم. بەڵام هاوکات لەگەڵ نامەکەی کاک ئەحمەد، لەڕێگەی بەڕێز "کاک محەمەد حەمەباقی"یەوە نامەیەکم لە کاک "حەکیم مەلا ساڵح" پێ گەیشت کە تیایا دژ بە بۆچوونەکانی من وەستاوە. بە گوێرەی نووسینی کاک حەکیم، تەنیا هاوبەشییەک لەنێوان بێسارانی و مەحزوونیدا بەدی بکرێ، ناوی "مستەفا"یە، دەنا ئەو دوو کەسە، بە تەواوی لەیەک جیاوازن و کاریان بەسەر یەکترەوە نەداوە.

کاک حەکیم، کە بەگوێرەی نووسینی خۆی لە نامەکەدا، لەلایەکەوە "... چەند نوسخەی موعتەبەری دیوانی بێسارانی ساغ کردووەتەوە" و لەلایەکی دیکەوە "چەند شیعری مەلای مستەفای دۆڵاویی (مەحزوونی)ی گردوکۆ کردووە و هەوڵێکی باشی بۆ ساغکردنەوەیان داوە"، ئێستا بە لێبڕاوییەوە دەنووسێ "نازناوی

شیعریی مەلا مستەفای بێساران "صاحب" بووە و ئەم زاتە، لە مەلا مستەفای دۆڵاویی کە نازناوی "مەحزوونی"یە، بە تەواوی جیاوازە".

گەرچی کاک حەکیم لە نامەکەیدا، نەچووەتە وردەکاریی باسەکەوە و بۆچوونەکەشی دژ بە ناوەرۆکی کەشکۆڵی شێخ عەبدولموئمین و بیروڕای مامۆستا سەید تاهیر دەوەستێ کە پێشتر لە زمان "کاک محەمەد علی سلطانی" و خوالێخۆشبوو "دوکتۆر عابیدی سیراجەددینی"یەوە بیستمان، ئێستاش لەلایەن کاک ئەحمەدی شەریفییەوە دەیبیستین، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، بۆچوونێکی سەرنج ڕاکێشە و من زۆر بە جیدی چاوی لێ دەکەم. ئەم ڕایە، پێویستە بدرێتە بەر سەرنجی ورد و "مستند"ەکانی هەڵسەنگێنرێن. هیوادارم سەرەڕای هەلومەرجی ئاڵۆزی ناوخۆی کوردستان، بتوانم پەیوەندی بە کاک حەکیمەوە بگرم و داوای لێ بکەم وتارێکی سەربەخۆ لەسەر مەسەلەکە بنووسێ و بە خوێنەری کوردی ڕاگەیێنێ. بۆچوون و بەتایبەت "مستند"ەکانی کاک حەکیم دەتوانن چارەنووسی کەشکۆڵەکە ڕوون بکەنەوە و خاڵی کۆتایی لەسەر پرسیاری "بێسارانی یا مەحزوونی؟" دابنێن. هەروەها داوا لە شارەزایانی شیعری هەورامی دەکەم هەر ڕایەکیان بە نیسبەت بۆچوونەکانی کاک حەکیم و منەوە هەیە، خوێنەرانی کورد، بێبەش نەکەن و ئیجازە نەدەن چارەنووسی کەسایەتییەکی مەزنی مێژووی ئەدەبمان لە بوومەلێڵی پرسیاردا بمێنێتەوە.

من لێرەدا بناغەی کارەکەم لەسەر یەکبوونی کەسایەتیی مەحزوونی و بێسارانی داناوە و بە کردەوە، ئەو دوو ناوەم بە یەک کەس زانیوە. هەر چەشنە ئاماژەیەکم بۆ مەحزوونی، ڕاستەوخۆ دەگەڕێتەوە بۆ بێسارانی و تا کاتێک کە خیلافی بۆچوونەکەم دەرنەکەوێ، ئەم کارە بە باشترین شێوەی چارەسەرکردنی مەسەلەی مەحزونی- بێسارانی دەزانم.

دوای چارەسەرکردنی ئەو مەسەلەیەش، گیروگرفتی ساغکردنەوەی کەشکۆڵەکە، کۆتایی نایێت. موشکیلەی دواتر، پەیوەندیدانەوەی ئەو پارچە شیعرانەن کە نیشانەی 'ولە'یان لەسەر دانراوە و دەبێ بزانرێ ئەو عیبارەتە عەرەبییە دەگەڕێتەوە بۆ کێ؟

من دڵنیام هەموو ئەو شیعرانەی تا لاپەڕە ٣٧ئا هاتوون و بە گوێرەی پیتی ئەلف و بێ دیاری کراون، هی مەحزوونی (بێسارانی)ن. لە هەمان لاپەڕەدا پرسیار و وەڵامێک هەیە لەنێوان مەحزوونی و یۆسف یاسکەدا:

پرسیاری مەحزونی:

"یۆسف دارائی

جه خەزێنەی خەم، تەمام دارائی!..."

وەڵامی یۆسف یاسکە:

"مەولام پڕ جەدەرد

نەوازش مەیۆ پڕ جەداخ و دەرد..."

بە شوێن ئەودا شیعرێک بە نیشانەی 'وله' دیاری کراوە و ڕووی شیعرەکە، لە بابا شێخی بێسارانە، وەڵامی بابا شێخیش بۆ "یۆسف" لەوێدا هاتووە:

وله :

"جه بێساران ماڵ!

یا پیر بابا شێخ جه بێساران ماڵ!..." (پەراوێزی ٣٧ب)

[یۆسـ]ـف کەم نییەن        بیللا جه بارگەم [هیممه]ت کەم نییەن ... (٣٨ب)

لێرەدا، 'وله' بێ هیچ گومانێک دەگەڕێتەوە بۆ یۆسف واتە پارچە شیعری یەکەم هی یۆسف یاسکەیە و دووهەم هی بابا شێخی بێساران کە هەر بە ناوی ئەویشەوە لە بەرگی دووهەمی (کەشکۆڵی کەلەپووری ئەدەبی کوردی) (١، ١٥٩) دا چاپ کراوە.

بە بڕوای من، دەکرێ شیعرەکانی دوای ئەو لاپەڕەیە بە هی یۆسف یاسکە بزانین. تا ئەو شوێنەی وا لە لاپەرەی دواتردا، چاومان بە شیعری مەلا تاهیری هەورامی دەکەوێت. لە لاپەڕەی دواتردا، شاعیری پارچە شیعری یەکەم ڕوون نییە و شیعرەکانی دیکەش بە 'وله' دیاری کراون و بەم شێوەیە نازانرێ هی کێن. لاپەڕەی دواتر، شیعری مەلا حافز فەرهاد، دەردین، ڕەزا بەگ و محەمەد ئەمین بەگی هەورامی تێدا نووسراوە بەم شێوەیە، لاپەڕەکانی دیکەش، تا ئەو شوێنەی بە شیعری خانای قوبادی کۆتاییان دێت درێژە پەیدا دەکەن.

بە بڕوای من، ئەو شیعرانە هیچکامیان هی مەحزوونی "بێسارانی" نین و دەبێ نیشانەی 'وله' بگەڕێتەوە بۆ یۆسف یاسکە یا بۆ شاعیری شیعری پێشووتریان. ئەوەی کە گومانمان لەو بارەیەوە قایمتر دەکات ئەوەیە جگە لە چەند استثناء،

هیچکام لە شیعرەکانی ئەم بەشە، لە دیوانی بێسارانی (دەستنووس یا چاپی) دا، بەرچاو ناکەون.

### دوا سەرنج

چەند حەوتوویەک پێش ئەوەی کتێبەکە بچێتە ژێر چاپ، بە هۆی نامەیەکەوە بۆ مامۆستا محەمەدی مەلا عەبدولکەریم، تکام لە خزمەت جەنابی باوکی کرد، ئەگەر بتوانێ و مەیلی هەبێ، بابەتێک لەسەر مەسەلەی مەحزوونی و بێسارانی (بەگشتی هەر بابەتێکی پەیوەندیدار بە شیعری گۆرانی و ناوەرۆکی کەشکۆڵەکەوە) بنووسێت، تا بە شانازییەوە لەسەرەتای ئەم کتێبەدا، چاپی بکەم.

کاکەحەمە، لە نامەی ١٩٩٦/١٠/٥ی خۆیدا، ئەم وەڵامەی بۆ نووسیمەوە: "... مەسەلەکەم عەرزی باوکم کرد، سوپاسی باوەڕ و متمانەتی کرد و وتی بە هۆی کزی لە ڕادەبەدەری چاو و بێتواناییمەوە، هیچێکی وام بۆ نانووسرێ. هەروا وتی جارێکیان فەقێ ڕەشیدی هەمەوەند دەسنووسێکی  هێنایە لام، ناوی شاعیرانی کوردی تیابوو، بێسارانی و مەحزوونی وەک دوو کەسی سەربەخۆ هێنابوو، بالمناسبە، مەلا عومەری ڕەنجوریش کە شاعێرێکی کوردە و ٢١٥ ساڵێ بەر لە ئەمڕۆ، لە دوا ساڵەکانی ژیانیا بووە، دیوانێکی لەچاپدراوی هەیە، ناوی ٥٥ شاعیری کوردی تیا نووسیوە، یەکێکیان بێسارانییە، بەڵام ناوی مەحزوونی نەهێناوە...".

وەک دەبینن مامۆستا لە ڕێگەی ئەو دوو نموونەیەوە- بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ، دژ بە مەسەلەی یەکبوونی مەحزوونی و بێسارانی وەستاوە. بە هۆی ئەو ڕاستیەوە کە مامۆستا مەلا عەبدولکەریم، گەورەترین پسپۆڕی شیعری گۆرانی سەردەمی ئێمەیە و بۆچوونەکانی دەبێ بە جیددییەتی تەواوە وەر وەربگیرێن، من بە ڕاگواستنی ئەم پرسیار و وەڵامە، ئەرکی خۆم بە جێ هێناو بیروڕای مامۆستام لەسەر مەسەلەکە، بە خوێنەر ڕاگەیاند. تەمەنی مامۆستامان درێژ بێت.

ئیتر ڕاستەقینە چییە؟ دەبێ چاوەڕوانی دەسکەوتەکانی داهاتوو بین.

# شاعیران،
# ژیان و بەرهەمیان

**ناوی شاعیرەکان**

**بەپێی ڕیزی دەرکەوتن لە کەشکۆڵەکەدا**

١) مەحزوونی (بێسارانی)

٢) ئوستاد میکائیل

٣) مەولانا زەینەلعابدین

٤) شێخ ئەحمەدی تەختی

٥) محەمەد قولی سولەیمان

٦) میرزا ئیبراهیم

٧) مەولانا قاسم

٨) پەشێو

٩) دەردین

١٠) یۆسف یاسکە

١١) شێخ لوتفوڵڵا

١٢) مەلا تاهیر ئەورامی

١٣) ئەلیاس بەگ

١٤) مەلا فەزلوڵڵا

١٥) حاجی عەلی محەمەد بەگی تیلەکۆ

١٦) مەولانا فەڕڕوخ پاڵنگانی

١٧) مەلا حافز فەرهاد

١٨) شێخ جەمالەددین مەردۆخی (ابویم)

١٩) ڕەزا بەگ

٢٠) محەمەد ئەمین بەگ ئەورامی

٢١) ئاغە کۆر

٢٢) شێخ یعقوب جان

٢٣) ئوەیس بەگ

٢٤) یاسکە

٢٥) یۆسف یاسکە

٢٦) مەلا یۆسف، برای مەلا حەبیبی گلان

٢٧) شێخ عەبدولموئمین مەردۆخی (راقم)

٢٨) لا اعلم

٢٩) ناظر بستی

٣٠ ) شێخ حەسەنی دەرهەردی

٣١) عەبدی

٣٢) عومەر نەججاڕی

٣٣) شاکە

٣٤) لا اعلم

٣٥) شێخ مستەفا تەختی

٣٦) سۆفی عەلی کێونانی

٣٧) لالۆ خەسرەو

٣٨) مەولانا یۆسف ڕۆیسە

٣٩) شێخ شەمسەددین دەرهەردی

٤٠) خانای قوبادی

**ناوی شاعیرەکان**

**به گوێرەی پیتی ئەلف و بێ**

١) ئاغه كۆر

٢) ئەحمەدی تەختی (شێخ)

٣) ئیبراهیم (میرزا)

٤) ئەلیاس بەگ

٥) ئوەیس بەگ

٦) بێسارانی: بڕوانە مەحزوونی

٧) پەشێو

٨) جەمالەددین مەردۆخی(شێخ) - ابویم

٩) حافز فەرهاد (مەلا)

١٠) حەسەنی دەرەهەردی (شێخ)

١١) خانای قوبادی

١٢) خەسرەو (لالۆ)

١٣) دەردین

١٤) ڕەزا بەگ

١٥) زەینەلعابدین (مەولانا)

١٦) شاكە

١٧) شەمسەددین دەرەهەردی (شێخ)

١٨) تاهیری هەورامی (مەلا)

١٩) عەبدی

٢٠) عومەر نەجاڕی

٢١) عەبدولموئمین مەردۆخی(شێخ)- ڕاقم

٢٢) عەلی کێونانی (سۆفی)

٢٣) عەلی محەمەد بەگی تیلەکۆ (حاجی)

٢٤) فەڕڕوخ پاڵنگانی (مەولانا)

٢٥) فەزلوڵڵا (مەلا)

٢٦) قاسم پایگەلانی (مەولانا)

٢٧) لوتفوڵڵا (شێخ)

٢٨)لا اعلم

٢٩) لا اعلم

٣٠) مەحزوونی (زۆربەی لاپەڕەکانی کەشکۆڵەکە)

٣١) محەمەد ئەمین بەگی هەورامی

٣٢) محەمەد قوڵی سولەیمان

٣٣) مستەفا تەختی (شێخ)

٣٤) میکائیل (استاد)

٣٥) ناظر بستی

٣٦) یاسکە

٣٧) یۆسف یاسکە

٣٨) یۆسف (مەولانا) برای مەلا حەبیبی گلان

٣٩) یۆسف ڕۆیسە (مەولانا)

٤٠) یەعقوب جان (شێخ)

# شاعیئران،
# ژیان و بەرهەمیان

١.   ئاغە کۆر

" مەیجەر سۆن " و  "مینۆرسکی " ناویان نەهیناوە، عەلائەددین سەجادیش بە هۆی مینۆرسکیەوە لە باسی ئەم شاعیرەدا بێدەنگە، بەڵام مامۆستا صدیق بۆرەکەیی ناوی  "ئاقەی کوڕی مەلك قاسمی کەلهوڕ " دینی و ساڵانی ١٢١٠-١١٤٣= ٦/ ١٧٩٥- ١٧٣٠/١ز بۆ ژیانی دەست نیشان دەکات .

 "مەکەنزی " بە  "ئاغای کوڕ"ی خویندووەتەوە، بەڵام بە بۆچوونی من دەبی لە شیوەی  "ئاغە کور"دا ساغ بکریتەوە. لە هیچ سەرچاوەیەکی دیکەدا شوینی ئەم ناوەم بۆ هەڵنەگیرا.

تاقە، یەك پارچە شیعری ئەم زاتە لە کەشکۆڵەکەدا هاتووە:

دەلیلی بەدەو

وەیمن، سا بیا، دەلیلی بەدەو

چون بێقەراران شەو نەکەردا خەو

صوب عەرضم بەردا، شیا وەلای ئەو (پەڕەی ٤٠ ئەلف)

شیعرەکە، شەش فەردە و غەرامییە.

بە بڕوای من، دوور نییە ئاغە کۆر هەر ئەو  "ئاقە "یە بیت کە بۆرەکەیی گوتوویە و ساڵانی ژیانیشی لەگەڵ میژووی کەشکۆڵەکەدا، یەك دەگریتەوە.

هەروەها د. کەمال فوئاد، لە لیستەی دەستنووسە کوردییەکانی بەرلیندا (ژمارە ٦)، کە کۆمەڵەی شیعری ١٦ شاعیری هەورامی و کرمانجییە، ناوی  "ئاغا پاوەیی " دینی MS or. Oct. ١٠٨٦ (Marburg   Berlin No. SB)و نموونەی دوو شیعری دەدا بەدەستەوە، بەڵام زانیارییەکی دیکەی لەسەر نەنووسیوە تا بزانری ئایا کییە و کەی ژیاوە و ئایا هەمان ئەو کەسەیە وا لە کەشکۆڵەکەدا ناوی هاتووە یان نا؟ کاك ئەسعەدی سیراجەددینی پیی گوتم کاتی لە هەورامان بووە، شیعری ئاغە کۆر، بۆ نموونە شیعری  "قەڵای هەورامان "ی بیستووە.

### ٢.   شیخ ئەحمەدی تەختی (تەختەیی)

"کوڕی شیخ مستەفای تەختەیی و لە هەموو زانستیکدا بلیمەت بووە". (محەمەد مەردۆخ، ٢، ٢٣، ژمارە ١٢ و ١٣)

"لە دەوروبەری سالآنی ١٦٤٠ و ١٧٢٠دا، ژیاوە". (سجادی، میژووی ئەدەب، ٢٣١.)

"لە سالَی ١٠٦١ی کۆچیدا، وەفاتی کردووە = ٥٠- ١٦٥١ز ". (محەمەد مەردۆخ، هەمان.)

"خەلَکی هەورامان، دەوروبەری سالَی ١٦٤٠". (میجەر سۆن، بڕوانە پاشکۆی یەکەمی ئەم کتیبە.)

سۆن، دوو پارچە شیعری بە ناوی ئەوەوە، وەرگیڕاوەتە سەر ئینگلیزی بەلآم یەکەمیان: "هەر نۆ ئاما، خەم پۆش نەمین" لاپەڕە ١١ ب بە ڕاشکاوی ناوی مەحزونی بە سەرەوەیە: (ولە محزونی درپایزیات) و سۆن سەرنجی نەداوەتی:

دووهەمیشیان نیشانەی (ولە)ی لەسەر دانراوە و دەگەڕیتەوە بۆ هەمان شوینی لاپەڕەF.١١ b "نارۆ خەزانی زەرد بامم و ینا" لاپەڕە ١٢ ب

سۆن لە پارچە شیعری یەکەم سی فەرد و لە دووهەمیان دوو فەردی تەرجەمە کردووە، سەبارەت بە سالَی ١٦٤٠یش، نەیگوتووە ڕیکەوتی لەدایکبوونیەتی یا مردن. بەلآم بەوەدا کە مینۆرسکی گەلیك جار قسەی سۆن دووپات دەکاتەوە و لیرەشدا گوتوویەتی "تا سالَی ١٦٤٠ ژیاوە"، دەبی ئەو تاریخە بە سالَی مردنی شیخ بزانین، کە ئەوەش دژ بە بۆچوونی سەجادی دەوەستیت وا سالَی ١٦٤٠ بە سالَی لەدایکبوونی دادەنیت. "تۆما بوا "ش هەمان سالَی ١٦٤٠ی بۆ هیناوەتەوە، بی هیچ ڕوونکردنەوەیەك.

بۆرەکەیی ئەو ئالَۆزییە زیاتر دەکات، کاتی دەنووسی "لە ١٠٢٦ لە ئاوایی تەختە لەدایك بووە و لە ١١٣٤ لە تەمەنی ١٠٨ سالَیدا، مردووە". ئەو سالآنە، بەرانبەرن لەگەلَ ١٧- ١٦١٦ و ٢٢- ١٧٢١دا.

بۆرەکەیی ڕوونی ناکاتەوە ئەو زانیارییەی لەکویوە دەست کەوتووە، تەنیا دەنووسی "بەپیی ئەو بەلَگانەی کەوتوونەتە بەردەستمان"، ئەوەش لەکاتیکدایە کە، نووسینەکانی بابا مەردۆخ ڕوحانی بەبی ئالَوگۆڕ دووپات دەکاتەوە.

ئەم شیعرانە، بە ناوی "شیخ ئەحمەدی تەختی "یەوە لە کەشکۆڵەکەدا هاتوون:

١- تەرزیو خەزان دیم جەفەسڵ هامن

بەگرِ مەسوچیا بەتەرتر جەمن (لاپەڕە ١١ ب)

ئەو شیعرە، لە دیوانی بیسارانی (نوسخەی دەستنووس، ژمارە ١٨٧)دا هەیە بەڵام کەشکۆڵی عەبدولموئمین بەرۆشنی، ناوی شیخ ئەحمەدی تەختی لەسەر نووسیوە و لە تاریخ مشاهیر کرد (ب ٢، ل٢٢١)یشدا هەر بە ناوی "شیخ احمد علامە تختوی "یەوە هاتووە. بە گویرەی شیعریکی فارسیی شیخ ئەحمەد، کە لە هەمان سەرچاوەدا باسی لیوە کراوە، نازناوی شیعرییەکەی " ئەحمەد " بووە.

٢- دیدەم لواوە، دیدەی من دیا

دیدەم، دیدەش کەرد جەدیدەم جیا (لاپەڕە ٤٥ ب)

شێخ عەبدولموئمین لەسەرەتای شیعرەکەدا نووسیویە: "شیعری شیخ ئەحمەدی تەختیە و بۆ مردنی کوڕی خۆی کە بە ناوی باوکیەوە کراوە [جەمالەددین؟]، گوتوویەتی."

٣- خوسرەو نەزانام

یەك مەحبووبی دیم، وەسفش نەزانام (لاپەڕە ٤٩ ب)

لە سەرەتای شیعرەکەدا نووسراوە: "شیخ ئەحمەدی مومی درسئوال" واتە شیخ ئەحمەدی ناوبراو پرسیار دەکات. ئەو شیخ ئەحمەدەش کە پیشتر لە هەمان لاپەڕەدا ناوی براوە، دەبی شیخ ئەحمەدی تەختی بیت. بەڵام مینۆرسکی بە کەسیکی سەربەخۆی داناوە و بە "شیخ ئەحمەدی موویی (؟) " خویندۆتەوە. عەلائەددین سەجادی نیشانەی پرسیارەکەی لەسەر لابردووە و ناوی لە "باخچەی شاعیران" دا هیناوە. "بۆرەکەیی "ش بە هەمان شیوە لە سەجادی وەرگرتووە و لە میژوەکەی خۆیدا "موویی "ی نووسیوە (بەشی "گوڵزاری هۆنەرانی کورد").

مەکەنزی هەڵەی مینۆرسکی ڕاست کردووەتەوە و لە پەروایزی لاپەڕە ٩٤ ی وتارەکەیدا، ئەم "موویی "یەی بە "جندۆکە " واتە شتیکی خەیاڵی داناوە کە بە هۆی تینەگەیشتوویی لە واتای کردارەکە (واتە "مومی" عەرەبی)یەوە بۆ مینۆرسکی هاتبوە پیشی. من لەگەڵ بۆچوونەکەی مەکەنزیدام بەڵام ناوی ئەو

شیخ ئەحمەدەش کە (اسم مفعول)ی فیعلەکە- واتە "مومی" بگەڕیتەوە بۆ ئەو، لە کەشکۆڵەکەدا بە باشی ناخوینریتەوە و هەر بۆیەش، نیشانەیەکی پرسیار لە بەرانبەریدا دادەنیم.

بە گویرەی قسەی شیخ محەمەد مەردۆخ (هەمان)، دوو شیخ ئەحمەد لە بنەماڵەی شیخانی مەردۆخیدا هەبوون: یەکەمیان شیخ ئەحمەدی عەللامەیە (ژمارە ١٣ی لیستەی مەردۆخ) و دووهەمیان شیخ ئەحمەدی دووهەمە (ژمارە١٤). مەردۆخ لە نووسینی ساڵی لەدایکبوون و مردنی ئەو دوو زاتەدا، تووشی هەڵە هاتووە و بۆ هەردوکیان ، ساڵانی ١١٠٦ و ١١٨١ی نووسیوە کە تەنیا یەکەمیان واتە ئەحمەدی عەللامە دەگریتەوە. ناوبراو، کوڕی شیخ مستەفای تەختەیی بووە (ئەویش خۆی لە نیوان ساڵانی ٩٥١ و ١٠٤٧دا ژیاوە). بابا مەردۆخ ڕوحانی، هەمان تاریخی بۆ شیخ ئەحمەدی علامە هیناوەتەوە گوتوویەتی "مادە تاریخ " بۆ مردنەکەی، عیبارەتی "غمین دل"ە کە دەکاتە ١١٣٤ بەڵام ئەویش تووشی هەمان هەڵە هاتووە و لە عەینی کاتدا، ئەو ساڵانەی بۆ شیخ ئەحمەدی دووهەم (کوڕەزای ئەحمەدی یەکەم)یش هیناوەتەوە(تاریخ مشاهیر کرد، ب ١، لل٢٢١ و ٢٤٤). بە ڕواڵەت، دەبی سەرچاوەی بەردەستی ئەو، واتە "تاریخچە مشایخ مردوخی"، ئەو هەڵەیەی کردبیت و هەمان سەرچاوە، لەلایەن شیخ محەمەد مەردۆخیشەوە کەڵکی لی وەرگیرابیت.

### ٣. میرزا ئیبراهیم

مەكەنزی و مینۆرسكی لە لیستەی ناوەكاندا دەستیان بۆ میرزا ئیبراهیم ڕاداشتووە و مامۆستا سەجادیش هەر ناوبردەی كردووە. جگە لەو دوو سەرچاوەیە و هەروەها دووپاتكرنەوەیان لەلایەن بۆرەكەییەوە، من نەمتوانی شوێنی ئەم ناوە زیاتر هەڵبگرم. بابا مردۆخ ڕوحانی (تاریخ مشاهیر، ل١٨١) باسی "شیخ ئیبراهیم ئەورامانی "ی كردووە كە لە ساڵی ١٠٥٠ی كۆچیدا ژیاوە و زانایەكی خەڵكی هەورامان بووە. ئەو و مامۆستا مەلا عبدالكەریمی مودەرریس (بنەماڵەی زانیاران، ل١٧) هەروەها باسی "مەلا ئیبراهیم بیارەیی "یان كردووە كە عالم و مودەرریسی سەدەی سیزدەهەم بووە، لای مەولانا خالیدی نەقشبەندی دەرسی خوێندووە و لە ١٢٥٠ لە دنیا دەرچووە.

"گیوی موكریانی" باسی "ئیبراهیم خان كوڕی حاجی ئاغا محەمەد"ی كردووە كە لە شاری سنە و لە ساڵی ئیبراهیم خان (؟) واتە سەردەمی "فەتحعەلی شا و ناسرەددینشاه "دا ژیاوە. مامۆستا گیو شیعریكی فارسیی ئەو ئیبراهیم خانەی هیناوەتەوە كە بە "سالاری دەوڵەت "ی دا هەڵگوتووە و دەڵی ئەم شیعرەی لە ژمارە ٢٩ی ڕۆژنامەی ژین (١٩٧١/٧/١) وەرگرتووە كە لەویدا بە ناوی "مەلا عەلی سەنجەری "یەوە بڵاو كراوەتەوە.

چەند خاڵێك لەسەر نووسراوەكەی مامۆستا گیو دەبی بگوتری: یەكەم "سالاری دەوڵەت " هەمان "سالار الدولە "ی برای محەمەد عەلیشای قاجارە كە بە پشتیوانیی هەندی لە سەرۆك هۆزە لوڕ و كوردەكان دژ بە ڕاپەڕینی مەشروتەخوازیی ئیران (٧- ١٩٠٥) دەجووڵایەوە. فەتحعەلی شا، دووهەم پادشای قاجاری بووە كە لەنیوان ساڵانی ١٧٩٧ و ١٨٣٤دا پادشاهی كردووە. ناسرەددینشاه، چوارەم شاهی ئەو زنجیرەیە بووە و نزیكەی ٥٠ ساڵی شاهیەتیی كردووە (١٨٩٦-١٨٤٨)، سالار الدولەی كوڕی موزەفەرەددینشاهیش تا ئەم دواییانە (ساڵی ١٩٥٨) هەر مابوو.

وەك دەبینین نیوان ساڵانی سەردەمی فەتحعەلیشا و ناسرەددینشا و مردنی سالار الدولەدا، جیاوازییەكی زۆر هەیە. بە بڕوای من، دەبی شیعرەكەی ئیبراهیم خان لە ساڵانی دەسەڵاتداریی سالار الدولە لە كوردستان واتە سەرەتاكانی سەدەی بیستەمدا گوترابیت و بەم پییە، "ئیبراهیم خان "ی گیو، نابی میرزا ئیبراهیمی كەشكۆڵەكە بیت.

لەمەڕ مەلا ئیبراهیمی بیارەیی، گومانیكی قایمتر هەیە، ناوبراو ٥٢ یا ٥٣ ساڵ دوای نووسرانی كەشكۆڵەكە مردووە و دوور نییە تەمەنیكی زۆری بووبیت. بە هەمان شیوە، "شیخ ئیبراهیم ئەورامانی "ش ١٥٠ ساڵێك پیش نووسرانی

کەشکۆڵەکە ژیاوە و ئەگەر بزانین زۆربەی ئەو شاعیرانەی شیخ عەبدولموئمین شیعرەکانی نووسیونەتەوە، لەسەردەمی خۆیدا ژیاوون، گومانمان بۆ ئەو زاتە، لاوازتر دەبیت.

سی پارچە شیعری "میرزا ئیبراهیم " لە کەشکۆڵەکەدا هاتوون:

١ -زولَیخام تەتار

دوو دیدەش وینەی وەڵەدی تەتار، لاپەڕە ٢٦ ب

٢ -سپی سەنگ شناس !

هەی پیر خەرەف! لالَ بە سەنگ شناس!، لاپەڕە ٣٠ ب

٤- شەمالَ! جەرِی دا،

خەڵتانی خاکم، جەی سەرەرِیدا . لاپەڕە ٤٠ ئا

لەو سی پارچە شیعرە، یەکەمیان لە دیوانی دەستنووسی بیسارانیدا بە ژمارەی ١٥٢ دەبینری. دووهەمیان، ڕووی پرسیاری لە "مەحزوونی " (بیسارانی)یە و بە پیریکی خەرەفاوی ناو دەبات کە "لەعل " لە بەردی سپی جیا ناکاتەوە. پارچە شیعری پیش ئەو شیعرەش، هی مەحزوونییە و بەم فەردانە دەست پی دەکات:

حالَداران! حالَەن

حالَی پیم یاوا، نمەز چ حالَەن

سەرم داخ کەردەن، یەکام خەیالَەن؟

سپی سەنگی دیم، واتم یە، لالَەن، لاپەڕە ٣٠ ب

دەبی میرزا ئیبراهیم، شیعرەکەی خۆی لە وەلآمی هەڵبەستی مەحزوونی (بیسارانی)دا هۆندبیتەوە، یا لەژیر تەئسیری شیعری ئەویدا گوتبیت. شیعری مەحزوونی لە سەردەمیکدا گوتراوە کە پیر و بەساڵداچوو بووە و زۆر وا هەیە "میرزا ئیبراهیم"یش هاوتەمەنی ئەو بووبیت، دەنا گەنجیك لە کۆمەڵگای ئەوسەردەمانەدا ئیجازەی بە خۆی نەداوە پیریکی بەتەمەن بەو شیوەیە سووك بکات و بە خەرەفاوی دابنیت.

شیعرەکەی مەحزوونی لە دیوانی چاپکراوی بیسارانی (ب ١، ل١٥٤) و هەروەها ژمارە ١٠٢ی دەستنووسی دیوانی بیسارانیدا، دەبینری و گومانیك ناهیلَیتەوە کە هی بیسارانی بیت.

**٤. ئەلیاس بەگ**

مینۆرسکی، مەکەنزی، سەجادی و بۆرەکەیی، ناویان هیناوە، بەلآم هیچ زانیارییەکیان لەسەر ژیانی نەداوە بەدەستەوە.

"بابا مەردۆخ ڕوحانی" باسی  "ئەلیاس گۆرانی شافیعی" کردووە (١١٣٨- شەعبانی ١٠٣١ك =١٧٢٤- ١٦٢١/٢ز)، کە گومان ناکەم ئەو زاتە بیت، بابا مەردۆخ دەڵێ ناوبراو، لە مەدرەسەی (جامع العراس) مردووە و لە (باب الصغیر)ی دیمەشق نێژراوە.

دوو پارچە شیعر بە ناوی ئەلیاس بەگەوە لە کەشکۆڵەکەدا هاتووە:

١ -ساقی! سا، کەی؟ کەی؟

بەشق دیدەی ویت، سا کەی مەبۆ؟ کەی؟  لاپەڕە ٣٣ ب

٢ -زلێخا! جامت

سەوگەند بە زولَفان، جەمین جامت  لاپەڕە ٤٠ ب

پارچەی یەکەم و هەروەها شیعریکی  "مەلا فضل الله":

ساقی! نالَەی نەی

نالَەم زگاردەن، وینەی نالَەی نەی  لاپەڕە ٣٣ ب

هەردوکیان، لە ڕەدیفی شیعریکی دیکەدا گوتراون کە بەم شیوەیە دەست پی دەکات و سەرەڕای ئەوەی هیچی لەسەر نەنووسراوە، بەلآم چۆن لە دریژەی شیعرەکانی مەحزووندایە، دەبی هی ئەو بیت:

ساقی! مەی داریم

ئا رەزووی نۆشای جام مەی داریم (لاپەڕە ٣٢ ب)

شایانی باسە ئەو دوو پارچە شیعرەش هەر بە هی بیسارانی زانراون و لە دیوانی ئەودا تۆمار کراون (ژمارە ١٦٠ و ١٥٩ی نوسخەی /س/).

ئیستا مەسەلەیەك دیتە گۆڕی:

بە ئاشکرا، ئەو سی شیعرە لەسەر یەك بابەت گوتراون. یەکەمیان "ساقی! مەی داریم" هی مەحزوونی (بیسارانی)یە و دوانەکەی دیکە لەلایەن ئەلیاس بەگ و مەلا فەزلولَلآوە، بە چاولیکەری یا لە ڕەدیفی شیعری ئەودا گوتراون. بەم پییە، نوسخە هەلَگرانی دیوانی بیسارنی بە هەلَەدا چوون کە هەرسیکی ئەو شیعرانەیان بە هی یەك کەس (بیسارانی) زانیوە. هۆیەکی مەنتیقیش هەیە

دەتوانێ پشتگیریی ئەو بۆچوونە بکات: کەشکۆڵی شیخ عەبدولموئمین، لە بنەڕەتدا دیوانی بیسارانی (مەحزوونی) یە و لە موناسەبەتی جیاوازدا شیعری کەسانیکی دیکەشی هیناوەتەوە کە لە باری فۆرم یا ناوەرۆکەوە، لە شیعری ئەو دەچن یا وەڵامی شیعریکی ئەون یا بیسارانی وەڵامی ئەوانی داوەتەوە.

کەوابوو، بۆچوونیکی لاوازە ئەگەر ئیمە جەخت لەسەر ئەوە بکەین و بڵێین ئەو شیعرانە، هی بیسارانین. بەم کارە، نرخی بیسارانیمان نەبردووەتە سەر، بەڵکوو شیعری تەزویرمان بۆ تاشیوە، لەکاتیکدا بیسارانی و ڕادەی هونەرەکەی پیویستیان بەم تەزویرانە نییە. ئەو کارە لەگەڵ شیعری شاعیرانی ناسراوی گەلانی دیکەش کراوە. بۆ نموونە لەو ٦٠٠ چوارینەیەی وا لیرە ولەوی بە ناوی عومەری خەییامەوە چاپ کراون و وەرگەڕاونەتەوە سەر ٧٠ زمانی جیاواز، پسپۆڕان تەنیا ٦٠یان بە دڵنیاییەوە بە هی ئەو دەزانن!

ئەو مەسەلەیە، لە زۆر شوینی دیکەی کەشکۆڵەکەدا دەبینری و بە بڕوای من نوسخەیەکی کۆن و بڕواپیکراوی وەك ئەم کەشکۆڵە دەرەتانیکی باشمان بۆ دەخولَقینی تا بتوانین دیوانیکی پاکردە و بێ خەوشی بیسارانی پیك بینین و لە هەڵە و پەڵەی نوسخە هەڵگرانی تازەتر، بیپالَیوین.

### ٥. ئوەیس بەگ

مینۆرسکی ناوی لە لیستەکەی خۆیدا هیناوە، عەلائەددین سەجادی دووپاتی کردووەتەوە و بۆرەکەییش لە سەجادیی وەرگرتووە. بەڵام هیچکامیان زانیارییەکیان لەسەر ژیانی نەداوە بەدەستەوە.

یەك پارچە شیعری ئەو شاعیرە، لە کەشکۆڵەکەدا هاتووە:

چراخم بە عەرش !

بەو کەلامانە نازلَ بی جە عەرش لاپەڕە ٤٠ ب

شیعرەکە، لەسەر شیوەی "چراخیات "ی بیسارانی گوتراوە و ٦ فەردە.

**بیسارانی**

بۆ بیسارانی، بڕوانە "مەحزوونی " (ژمارە ٢٩)

**٦. پەشێو**

جگە لە سەجادی و مەکەنزی، ئەوانی تر باسیان لیوە نەکردووە.

تەنیا یەك پارچە شیعر بە ناوی پەشێوەوە لە کەشکۆڵەکەدا هاتووە:

مەولام! پیم هاڵێ

دوورجەتۆ مەولام! پیم یاوان هاڵێ لاپەڕە ٢٨ ئا

لە دیوانی دەستنووسی بیسارانیدا شیعرەکە بە ناوی "مەولانا دەردین "ەوە هاتووە: "مەولانا دردین در سئوال".

دیارە، دەردین شاعیریکی دیکە بووە و لە ژمارە ١٢ی ئەم یادداشتەدا، باسی لیوە دەکری، بەڵآم بە پیی تۆمارکرانی کەشکۆڵَ، پرسیارەکە لەلایەن "پەشێو"ی شاعیرەوە دامەزراوە. بی هیچ گومانیك ئەو بۆچوونە، ڕاستە، چون لە کۆتایی شیعرەکەدا، وەڵآمی مەحزوونی هاتووە، کە بە ڕاشکاوی باسی "پەشێو" دەکات:

محزونی در جواب:

پەشیو! جە پیکیای ناوك ئەندازان

جە جای تۆنە من دەرونم ئازان (حاشیەی لاپەڕە ٢٩ ئا)

لە دیوانی دەستنووسی بیسارانیدا پرسیار و وەڵآمەکە، هەردوکیان لەژیر ژمارەی ٢١٠ دا تۆمار کراون. بە حیسابی ئەو وتوویژە شیعرییەی پەشیو لەگەڵَ مەحزوونی (بیسارانی) کردوویەتی، دەبی پەشیویش لە سەدەی حەڤدەهەم یا هەژدەهەمدا ژیابیت.

### ٧. شیخ جەمالەددینی یەکەمی مەردۆخی

شیخ جەمالەددین باوکی شیخ عەبدولموئمین- کۆکەرەوەی کەشکۆڵَەکەیە. آیت الله مەردۆخ (میژوو، ٢، ٢٠) و مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەرریس

(بنەماڵەی زانیاران، ١٢٤) لەسەر ئەو خاڵە، هاودەنگن کە ئیمامی جومعە بووە و لە زانستی زەمانی خۆیدا شوێنیکی بەرزی بووە. "مدرس" بە ئیمام جومعەی شاری حەسەن ئاوای دەزانی و بابا مەردۆخی ڕۆحانی (تاریخ مشاهیر، ١، ٢٣٦) بە ئیمامی جومعەی شاری سنە. ئیمە دەزانین کە شاری سنە لە ساڵی ١٠٤٦ = ١٦٣٦/٧ز دا ئاوەدان کراوەتەوە و کراوە بە شار (تحفە ناصری، ٤٢٣). قەلاّی حەسەن ئاوا دوو ساڵ دواتر، ویران کراوە (تحفە ناصری، ٤٤٤). بەم پێیە، دوور نییە شیخ جەمالەددین لە هەردوو شارەکەدا، ئیمامەتیی جومعەی کردبیت. گەرچی شیخ محەمەدی مەردۆخ لە میژوەکەی خۆیدا، باسی هیچکام لەو خالآنەی نەکردووە (ب ١، ل٢٠)، بەلآم دەنووسی ساڵی ١١٠٨ لەدایك بووە و لە ١١٦٩دا مردووە (٦/ ١٧٥٥- ١٦٩٦/٧ز) کە ئەگەر ساڵەکان بە ڕاست وەربگرین ئەو حیساباتە هەندێک تێکدەچن.

یەك پارچە شیعری ئەم زاتە، لە کەشکۆڵی شێخ عەبدولموئمیندا هاتووە و تێیدا شاعیر بە شیوەی خوارەوە ناسێنراوە:

"جناب جلالت مآب خطابت آداب ابویم دام ظله:"

طاف دیو زەنا

بولعەجەب طافین طاف دیو زەنا، لاپەڕە ٣٤ ب

ئەم شیعرە، لە دیوانی دەستنووسی بیسارانیدا (ژمارە ١٨٩) بە ناوی بیسارانییەوە تۆمار کراوە. لیرەشدا، بە بڕوای من، نوسخەهەڵگری دیوانی بیسارانی هەڵەیان کردووە. بۆچی؟

لە هەمان لاپەڕەی کەشکۆڵەکەدا، پارچە شیعریکی مەحزوونی (بیسارانی) هەیە، کە بەم شیوەیە دەست پی دەکات:

ولە، حرف الطاء:

طاف دیوانە!

طاف شەیدای عەشق، ویڵ دیوانە، لاپەڕە ٣٤ ب

ئەو غەزەڵە، لە دەستنووسی دیوانی بیسارانی (ژمارە ١٨٨)شدا دەبینریت. بە شوین غەزەڵەکەدا، سی پارچە شیعری مولانا فەڕڕوخ پڵنگانی و مەحزوونی

(قیل ملا حافظ فەرهاد) و شیخ جەمالەددین مەردۆخی هاتوون کە بە هەمان شیوە، باسی "طافی دیوانە "یان کردووە:

١ -مەولانا فەرِروخ پلنگانی در ردیف:

مەولام! بێ قەرار

سپی طافێ دیم، بێحەد بێقەرار

٢ -محزونی و قیل الملا حافظ فرهاد:

مەولام! دەردشەن

طاف دیو زەنا عەجەب دەردشەن.

٣ -ئەو شیعرەی شیخ جەمالەددین کە لەسەرەوە باسمان لیوە کرد.

ئاشکرایە، ئەو شاعیرانە، واتە فرخ پلنگانی، حافظ فەرهاد و شیخ جەمالەددین، شیعری خۆیان لەژێر تەئسیر، یا وەلآمی مەحزوونی (بیسارانی)دا هۆندووەتەوە و ئەوەی کە شیعرەکان هەرچواریان بە ناوی بیسارانی و لە دیوانی ئەودا هاتبیتن، هەڵە نەبیت هیچی تر نییە (دەستنووسی دیوانی بیسارانی، بە تەرتیب، ژمارە ١٨٨ (مەحزوونی)، ٢١٢ (فرخ پلنگانی)، ٢١٣ (محزونی قیل ملا حافظ فەرهاد) و ١٨٩ (شیخ جەمالەددین).

دیوانی بیسارانی، پیویستی بە چاولیکردنیکی جیددی هەیە. ئەوەی ئیستا بە ناوی دیوانی بیسارانییەوە دەناسری، لە ڕاستیدا کەشکۆڵە شیعری کەسانیکی زۆرە و دەبی لیك هەلآویردرین!

لەمەڕ "طاف"یش ڕوونکردنەوەیەکم هەیە: بە بڕوای من، هەموو ئەو چەند شاعیرە، خەڵکی یەك ناوچەبوون. ئاوهەڵدیری دیوزەناو (بەگویرەی قسەی کاك ئەسعەدی سراج الدینی)، کەوتۆتە شوینیك کە تەنیا یەکدوو سەعاتەڕێ لە بیسارانەوە دوورە. کەوابوو بیسارانی و ئەوانی دیکەش، لە مەسەلەی باسی "طاف"کردندا، نیازیان "طافی دیوزەناو" بووە.

مامۆستا محەمەد عەلی قەرەداغی لە وتارەکەی گۆڤاری گزینگدا دەنووسیت: "دەربارەی شیخ جەمالەدین لە دەستخەتی ژمارە ١٢٤٦٧ی دارصدام للمخطوطاتدا پارچەیەك شیعرم دۆزیوەتەوە کە لەسەری نووسراوە "محەمەد جەمالەددین

فرمايد". پارچە شيعرەكە شيوەنە بۆ زەلاميك، بەڵام نازانرى شيوەن بۆكراوەكە كێيە. پارچە شيعرەكە ١١ بەيتە و ئەمە سەرەتاى شيعرەكانە:

"مەر خەبەر جە مەرگ ميرزام نەداشتى؟

ئيمساڵ چون ساڵآن وەرين پنداشتى

پەردەى شەرم جە ڕووى گاڵآن هۆر داشتى"

**٨. مەلا حافظ فەرهاد**

مینۆرسکی و مەکەنزی ناوبردەیان کردووە و سەجادی و بۆرەکەیی نازناوی "هەشەمێزی "یان بەشوین ناوەکەیدا هیناوە.

شەش پارچە هەڵبەستی ئەم زاتە لە کەشکۆڵی شێخدا تۆمار کراوە:

- مەولام دەردشەن

طاف دیوزەنا عەجەب دەردشەن ، لاپەڕە ٣٤ ب

کە لەسەری نووسراوە: (محزوونی و قیل الملا حافظ فرهاد) (ئەوەش هەندی گومان دروست دەکات ئایا هی مەحزوونییە یا هی حافظ فەرهاد)؛

- شەماڵ! جەوجێوە

شەماڵ! هەواڵی جەوماواو جێوە ، لاپەڕە ٣٩ ب

- یاشا! سپەردم

ئەمن ئیمانم بە تۆ سپەردم، لاپەڕە ٤٥ ئا

- دڵە! شۆ، نەدەور دونیا کەر گوزەر

بوینە یاران جەمەرگ بێ خەبەر، لاپەڕە ٤٨ ب

- گوڵێ جەگوڵآن

ئارِو گولێ دیم خاستەرجە گوڵآن . لاپەڕە ٤٩ ئا

- دونیا ڕِوباتەن

دونیا بە وینەی کۆنە ڕِوباتەن، لاپەڕە ٥١ ئا

لەوانە، پارچە شیعری دووهەمیان لە دوو شوینی (کەشکۆڵی کەلەپووری ئەدەبی کوردی)ی مامۆستا محەمەد عەلی قەرەداغیدا، هاتووە: لە بەرگی ٢، ل ١٠١ دا، بە ناوی "شیخ حەسەن "ەوە و لە بەرگی ٣، ل ٢٥٠ ئا دا، بە ناوی "مەلا ابوبکر مصنف "ەوە. بەداخەوە مامۆستا قەرەداغی لەو ناتەباییە ورد نەبووەتەوە.

پارچە شیعری چوارەم، لەگەڵ شیعریکی صۆفی عەلی کیۆنانیدا:

ڕِەهنمای ڕِەهبەر !

یا شیخ کبار، ڕەهنمای ڕەهبەر ، لاپەڕە ٤٩ ئا

بۆ ڕیزگرتن لە "شیخ مستەفای تەختی " هۆنراوەتەوە:

"مولانا حافظ فرهاد، درفوت و مدح معظم الیه"

لەمەڕ عبارەتی "وقیل الملا حافظ فرهاد" کە لەسەر پارچە شیعری "مەولام! دەردشەن " نووسراوە و لەسەرەوە ئاماژەم پی کرد، دەبی بلێم شیعرەکانی مەحزوونی بە گوێرەی پیتی ئەلف و بی نووسراونەتەوە و ئەو شوینە، واتە لاپەڕە ٣٤ی چەپ، جیگەی پیتی /گ/یە. لەکاتیکدا، ئەم شیعرە لە پیتی /م/ دەست پی دەکات و بەم پییە، نابی هی مەحزوونی (بیسارانی) بیت- ئەوەش سەرەڕای ئەو ڕاستیەیە کە شیعرەکە، لە دیوانی دەستنووسی بیسارانیدا (ژمارە ٢١٣) دەبینریت!

لە مەڕ ژیانی مەلا حافظ فەرهاد هیچ زانیارییەکم دەست نەکەوت. بەلآم سەرە هەودایەك بە یارمەتیی کەشکۆلەکە دەدۆزریتەوە: پارچە شیعری چوارەم بۆ مردنی شیخ مستەفای تەختەیی گوتراوە. شیخ مستەفاش لە ساڵی ١٠٤٧ك = ١٦٣٧/٨ز، دا کۆچی دواییی کردووە. بەم پییە، مەلا حافظ فەرهاد، دەبی ساڵی ١٦٣٧/٨ لە ژیاندا بووبیت.

## ٩. شیخ حەسەنی دەرەهەردی

مینۆرسکی: "دەڕڕەهەردی" ؛ تحفه ناصری: "هروی " [ئاوایی] و سەجادی و بۆرەکەیی به "دەرەهەردی "یان نووسیوه.

یەك پارچه شیعری ٧ فەردی شێخ حەسەن له کەشکۆڵەکەدایه:

مەر، جان فدات بۆ

مەر جان شیرین، مەر، جان فدات بۆ، لاپەڕه ٤٥ ب

شیعرەکه، گەلیك ڕازاوه و جوانه و دارماڵی "سەنعەتی ویژەیی وەك جیناس و مراعات النظیره.

لەمەڕ ژیان و بەسەرهاتی شێخ حەسەن، بەداخەوه زانیارییەکم دەست نەکەوت.

**١٠. خانای قوبادی**

بەختەوەرانە، لەمەڕ ژیانی خانا- بە نیسبەت شاعیرانی دیکەی ناو کەشکۆڵی شیخ "عەبدولموئمین "ەوە، زانیارییەکی زیاترمان هەیە. لەگەڵ ئەوەشدا، گەلێك لایەنی ژیانی ئەو شاعیرە مەزنە، لە بوومەلێڵی گوماندا ماوەتەوە و ناتوانین بە ڕاشکاوی لەسەر زۆر خاڵی وەك ساڵی ژیان، ساڵی هۆندنەوەی شیعرەکان و... بڕیاریکی تەواو بدەین. تەنانەت ئەو بی بڕیارییە، داوینی شاکارە مەزنەکەی واتە "خوسرەو و شیرین "یش دەگریتەوە، کە دەگوتری بەشیکی شیعری ئەو نییە و هی شاعیریکی دیکەی گۆرانییە.

مامۆستا سەید تاهیر هاشمی دەنووسی: "ناوی خانایە و "خانەبەگ "یشی پی دەڵین. لە تۆرەمەی قوباد بەگی حاکمی 'دەرنی' و 'دەرەتەنگ' و لە بنەماڵەی پاشایانی باجەلآن بووە." (مامۆستا سەید طاهیر، بڕوانە محەممەد عەلی سلطانی، سەرەتای کتێبی ٣ هفت بند).

کاك محەممەد عەلی سوڵتانی، خانا بە "کرماشانی " ناو دەبات، کە جیاوازییەکی ئەوتۆی لەگەڵ بۆچوونی "هاشمی "دا نییە، چون ئەو ناوچەیەی باسی لیوە دەکات، سەر بە شاری کرماشانە (حدیقە سوڵتانی، ١، ٢١٧).

لەلایەکی ترەوە، هاشمی لە دریژەی هەر ئەو وتارەدا، خانا بە دانیشتووی شاری سنە دەزانی، ئەویش بە هۆی دۆزرانەوەی ژمارەیەك دەستنووسی شیعرەکانیەوە لە سنە. بۆچوونیکی ئەوتۆ، لاوازە و ئاشکرایە سنەی ئەردەلآن و دیوەخانی ئەردەلآنەکان مەکۆی شاعیرانیکی زۆر بووە و دۆزرانەوەی دەستنووس، نابیتە هۆی نیشتەجیبوونی شاعیریش لە شارەکەدا، خۆ ئەگەر واش بیت، دوور نییە خانا بۆ ماوەیەك لەوی ژیابیت.

خوالیخۆشبوو بابا مەردۆخ ڕۆحانی (١، ٢٤١) بە "خانا پاشای قوبادی " ناو دەبات و دەڵی لە هۆزی کوردی گۆرانە.

کاك صدیق بۆرەکەیی بە پشت بەستن بە "بەیازیکی کۆن، وا کەوتووەتە دەستمان" و "بەپیی ئەو بەڵگانەی کە لە لامانە"، دەڵی: "لە بنەماڵەیەکی خوینەوار و مەلای هۆزی قوبادی بووە و... لای مەلاکانی هەورامان خویندوویەتی پاشان سەریکی داوە لە سنە". (میژووی ویژەی کوردی، ١، ٤٣٤).

لەمەڕ ساڵآنی ژیانی خانا، کاك صدیق ڕیکەوتی ١٠٨٣- ١١٦٨ی هیناوەتەوە (=١٦٦٩/٧٠- ١٧٥٤/٥ز). ئەو تاریخانە لە لای هەندی نووسەری دیکەی کورد، بەم شیوەیە ڕاگەیێنراون:

١٧٥٩ -١٧٠٠ ،علاالدين سجادى، میژووی ئەدەب، باخچەی شاعیران، ل٥٣٦.

١٧٧٨ -١٧٠٤/٥ (١١٩٢ -١١١٦)، محەمەد على سلطانى (حديقە، ١، ٢١٧)

١٧٥٩ -١٧٠٠ داناى هەورامى (پير شاليارى زەردەشتى).

لەمەڕ دياريكردنى سالَى ژيان و دانانى "خوسرەو و شيرين "ى خانا، پيويستە ئاماژە بە دوو شيعر يا "مادە تەئريخ " بكريت:

تاريخ هجرت ختم المرسلين

موطيع ديوان شەرح شەرع دين

ڕۆى دوو شەممە بى، ذيحەججە الحرام

هەزار و پەنجا، يەك سەد سێ تەمام

كە دەكاتە سالَى ١١٥٣ و ئەم تاريخە، لە سەرەتاى (خوسرەو شيرين)كەشيدا هاتووە (ئەوڕەنگ، ٢١). لە لايەكى ديكەوە، شيعرى

غەين و قاف و نون، جەم كەر وەحيساب

ليت مەبۆ مەعلووم چون قورص ئافتاب

كە بە حيسابى ئەبجەد دەكاتە ١١٥٠. هەمان ئەو سالَە بۆ سالَى نووسرانى "خوسرەو و شيرين "ى مەلا وەلَەدخانى گۆران گيراوەتە پيش چاو (تاريخ مشاهير، ١، ٢٢٩). نزيكايەتيى ئەو دوو تەئريخە، گەراى ئەو گومانە لە ميشكدا دەگوروێنێ كە تيكەلاَوييەك لەمەڕ ژيانى خانا و مەلا وەلَەخان پيك هاتبيت.

محەمەد عەلى سلطانى دەلَى: خانا جگە لە خوسرەو و شيرين و ديوانى غەزەليات، چيرۆكى يۆسف و زولَيخا و ئەسكەندەر نامەشى هۆندووەتەوە (مناجاتهاى جاويدان، ٧٨) و ئەسلَى هەرسى چيرۆكەكە، فارسى و هى نيزامى گەنجەيين. هەروەها سولَتانى دەلَى: "ئەگەر شيعريكى خانا بكەويتە ناو سەد فەرد شيعرى شاعيرانى ديكەوە، لە بەر ڕيكوپيكى و قورس و قايمى، لەوان دەناسريتەوە". (حديقە، ١، ١٩).

خانا، هەروەها بە هۆى موناجاتەكانييەوە دەناسرى. ناسراوترين موناجاتەكەى، ئەو "حەوتبەند"ەيە وا بەم فەردە دەست پى دەكات:

قەدیم موتلَەق !

یا قایم بە زات، قەدیم موتلَەق!

" حەوتبەند "ی خانا، لاسایی کردنەوە یا تەرجەمەی "هفت بند "ی عبدالرحمان جامی، شاعیری سەدەی نۆهەمی ئیرانە (٨٩٨- ٨١٧ك = ١٤٩٢/٣- ٤/ ١٤١٣ز) و دوای خانا، شاعیرانی دیکەی کورد، حەوتبەندیان بە چاولیکەریی ئەو نووسیوە: سید وجیه الدین هاشمی، سید طاهیر هاشمی (سلطانی، مناجتهای جاویدان).

لەو پەیوەندییەدا، پیویستە بگوتری بابا مەردۆخ ڕۆحانی دووبەند لە حەوتبەندەکەی بە ناوی "میرزا شەفعی پاوەیی "یەوە هیناوە و ئاشکرایە دەبی هەڵەیەك لەکاردا بیت (تاریخ مشاهیر، ١، ٣٤٢).

کەشکۆڵی شیخ عەبدولموئمین، سەرجەمی حەوتبەندەکەی تۆمار کردووە کە هەندی جیاوازیی لەگەڵ دەقی چاپکراوی حدیقە سولَتانی و "مناجاتهای جاویدان"دا هەیەو پیویستە بە وردی بەراورد بکری. من ئەو جیاوازییانەم دەست نیشان کردووە و هیوادارم لە مەجالیکدا بلاّوی بکەمەوە. دەقی کەشکۆڵ، سەرجەم ٩٧ فەردە ، لل ٥٣ ئا-٥٤ب ، لە کاتیکدا چاپەکانی حەدیقە و مناجاتهای جاویدان، ١٠٢ فەردن. مینۆرسکی دەقی ئەم "صلوات نامە "یەی وەک نموونەیەکی شیعری "ئۆرتۆدۆکسیی شیعە " ناو بردووە (بڕوانە پاشکۆی دووهەمی ئەم کتیبە).

کەشکۆڵی شیخ عەبدولموئمین، جگە لە "حەوتبەند "، ئەم شیعرانەی خاناشی تۆمار کردووە:

- سید سالار

یا ڕسول الله، سید سالار، لاپەڕە ٥١ ب

- دڵ بیەن سەرشار

دڵ بیەن جەجام مەعصیەت سەرشار ، لاپەڕە ٥٢ب

-عزیز الغفار! !

یا عظیم العفو، عزیز الغفار!، لاپەڕە ٥٢ ب

لەو سی پارچە شیعرە، یەکەم و دووهەمیان لە 'کەشکۆڵی کەلەپووری ئەدەبی کوردی'ی مامۆستا محەمەد علی قەرەداغی (ج٢) دا، هاتوون. قەرەداغی لە گۆڤاری "بەیان " (ژمارە ٢٨ و ١٠٩) و هاوکاریی (٤١٢، ٤٥٢ و ١٠٧٧)دا چەند وتاری لەسەر خانا نووسیوە.

یەکەم چاپی شیعرەکانی خانا (فەرهاد و شیرین) لە لایەن مامۆستا حوزنی موکریانییەوە لە ساڵی ١٩٤٥ هاتۆتە ئەنجام. ناوبراو، سەرەتا لە گۆڤاری "دەنگی گیتی تازە " و ئینجا بە شیوەیەکی سەربەخۆ دەقی چیرۆکەکەی بڵاو کردووەتەوە. ئینجا مورادی ئەورەنگ (١٩٦٩) و کاکەحەمەی مەلای کەریم (١٩٧٥) و صدیق بۆرەکەیی صەفی زادە (١٩٩٠) سەرجەمی 'خوسرەو و شیرین'یان چاپ کردووە، بەڵام من چاوم بەوی دواییان نەکەوتووە.

کاك محەمەد علی سلطانی لە نامەیەکدا، نووسیویە و دەڵی خانا چەند مناجاتی دیکەی هەیە :

- توئتی من تشاء

با مالك الملك توئتی من تشاء

- گونەهکارە، وێم

گرانتەر جەسەنگ، گونەهکارە، وێم

- دلَ جە غەم خەستەم

یا رسول الله! دلَ جەغەم خەستەم

د. کەمالَ فوئاد، لە لیستەی دەستنووسە کوردییەکانی بەرلیندا، ژمارە ٦، هەوالَی دەستنووسیکی حەوتبەندی خانامان دەداتی. هەروەها مامۆستا محەمەد عەلی قەرەداغی لە (کەشکۆڵی کەلەپووری ئەدەبی کوردی) (بەرگی پینجەم، لل ١٠٥ تا ١٠٩) دەقی میعراجنامەی خانای هیناوە.

## ١١. لالۆ خوسرەو

سەجادی: خەسرەو

بەداخەوە، نەمتوانی شوینی ژیانی ئەو شاعیرە بە باشی هەڵبگرم ئەوەندە نەبێ لە "تاریخ مشاهیر کرد "ی بابا مەردۆخ ڕۆحانی دا چاوم بە ناوی "خوسرەو سنندجی " کەوت: "خوسرەو بەگی مونشی باشی، کوڕی سمایل بەگ و لە

تۆرەمەی خواجە شاوەیسە. لە شیعردا نازناوی "خوسرەو "ی بووە و یەکێك لە نزیکانی والیانی ئەردەڵآن و "سەرکاتیب "ی خوسرەوخانی گەورە بووە." [خوسرەوخان لەنێوان ساڵآنی ١١٦٨ و١٢٠٤دا حاکمی ئەردەڵآن بووە] - ئەو ساڵآنە، لەڕاستیدا ساڵی نووسرانی کەشکۆڵەکەشن.

ڕۆحانی لە درێژەی باسەکەدا، دەڵی "خوسرەو بەگ "ئەدیبیکی زانا و هۆنەرێکی خۆش مرخ و نوکتەزان و خاوەنی گەلێك سیفەتی باش و ئەخلاقی ڕێکوپێك بووە. بۆ ماوەیەك کوردستانی سنەی بەجێ هێشتووە و چووەتە خاکی عوسمانی، بەڵآم لە ئاخیری کاردا گەڕاوەتەوە سنە. خوسرەو بەگ، باوکی عەبدوڵلاَ بەگی ڕاجی- نووسەر و شاعیر بووە و بە قسەی مەستوورە (مێژووی ئەردەڵآن)، لە ساڵی ١١٤٢=١٧٢٩/٣٠ لە شەڕێکدا کوژراوە." (بابا مەردۆخ ڕۆحانی، ١، ٢٢٥).

ئەم خوسرەو بەگە، لە "خوسرەو بەگی مصنف جەوهەری " جیاوازە و من بە دووری نازانم هەمان لالۆ خوسرەوی کەشکۆڵەکە بێت. پارچە شیعرێکی ١٩ فەردی لالۆ خوسرەو لە کەشکۆڵەکەدا تۆمار کراوە، کە وەڵآمی پارچە شیعری پێش خۆیەتی. شیعرەکەش هی "شیخ ئەحمەدی مومی"یە و مەکەنزی بە شیخ ئەحمەدی تەختی ساغ کردووەتەوە منیش لەگەڵ ئەودام.

شیخ ئەحمەد ڕووی شیعرەکەی دەکاتە لالۆ خوسرەو و دەڵی:

خوسرەو! نەزانام

یەك مەحبووبێ دیم وەصفش نەزانام ، لاپەڕە ٥٠ ئا

و لە درێژەدا، بە "دانای نوکتەدان " و "ڕەنگ شناسی نەقشی هەردەی هەردان" ناوی دەبات کە ئاشکرایە ڕێزگرتنیکی زۆرە بۆ لالۆ خوسرەو. بە گوێرەی شیعری شیخ ئەحمەد، دەبی لالۆ خوسرەو زانایەکی بلیمەتی سەردەمی خۆی بووبێت.

وەڵآمی لالۆ خوسرەو بۆ شیخ ئەحمەد، بەم فەردە دەست پی دەکات:

صراف دانا !

عالم علوم، صراف دانا، لاپەڕە ٥٠ ئا

شیعری یەکەم، لە ڕاستیدا مەتەڵۆکەیە و لە لالۆ خوسرەو داواکراوە وەڵامی بداتەوە. ئەویش هەر بە شیعر دەڵێ وەڵامی مەتەڵۆکەی تۆ، "خوداوەند"ە.

**١٢. دەردین**

مینۆرسکی ناوی دەردینی لە لیستەکەی خۆیدا نەهیناوە و بەو هۆیەوە سەجادی و پاشان بۆرەکەییش باسیان نەکردووە. مەکەنزی ناوی هیناوە و جگە لەو، لە سەرچاوەیەکی دیکەشدا بە هەواڵی دەزانین: دەستنووسی دیوانی بێسارانی (وەك لە بەشی "پەشیو "ی شاعیردا گوتم)، شیعریکی تۆمار کردووە کە، لەسەری

نووسراوه: "مولانا دەردین در سئوال"، واته دەبێ دەردین پرسیاریکی شیعریی له بیسارانی کردبیت و ئەویش به شیعر وەڵامی دابێتەوه. ئەوەش لەکاتیکدایه هەمان شیعری مەحزوونی (بێسارانی) له کەشکۆڵەکەدا، وەڵامیکه بۆ "پەشیو "ی شاعیر و له سەرەتاکەیدا به ڕاشکاوی دەڵی: "پەشیو! جه پیکیای.."، به کورتی، شیعرەکەی بیسارانی وەڵامی دەردین نییه و له جوابی پەشیودا گوتراوه.

تاقه شیعریکی دەردین له کەشکۆڵی شیخ عەبدولموئمیندا هاتووه و ئەویش ڕووی قسەی له "مەحزوونی" (بێسارانی)یه: "دەردین در سئوال":

ئەری مەحزوونی! !

هام ستارەی قەیس، وێڵ مەحزوونی!

پەی دەردەداران تۆ ڕانموونی

ماچان تۆ نۆشان جام مەجنوونی، لاپەڕه ۳۱ ب

پارچه شیعری دواتر، له هەمان لاپەڕەدا وەڵامی مەحزوونیه و بەم شیوەیه دەست پی دەکات: "محزونی در جواب"

دەردین! دڵ، بەکام

مەر ئەوسا وینی دڵەی ویت بەکام، لاپەڕه ۳۱ ب

ئەو شیعرەی دواتر، واته وەڵامی مەحزونی، له دیوانی دەستنووسی بیسارانیدا (ژماره ۱۱۵) دەبینریت. به حیسابی ئەم شیعره، دەبی دەردین هاوچەرخی بیسارانی بووبیت (سەدەی حەڤدە یا هەژدەهەم).

## ۱۳. ڕەزا بەگ

مینۆرسکی به ڕەزا بەگ و سەجادی و بۆرەکەیی به ڕەزا بەگی هەوارمی ناساندووەیانه.

پارچەیەك شیعری ڕەزا بەگ له کەشکۆڵی شیخ عەبدولموئمیندا هاتووه:

"شەماڵ عەرضەی دڵ سەد پارە پارەم

پەڕکەندەگی بەخت، شوومی ستارەم" ، لاپەڕە ٣٩ ب

کە شیعریکی غەرامییە و ناوەرۆکیکی نزیك بە چوار پارچە شیعری دیکەی "مەلا حافظ فەرهاد " و "مەحزوونی" و "دەردین " و "میرزا ئیبراهیم"ی هەیە کە هەموویان پیکەوە لە هەمان لاپەڕە ولاپەڕەی پیشتردا هاتوون.

بەداخەوە نەمتوانی زانیارییەك لەسەر ئەم زاتە وەدەست بینم.

**١٤. مەولانا زەینەلعابدین**

سجادی: زین العابدین پالنگانی ١٧٨٠-١٧٨٠

بۆرەکەیی: زین العابدین پالنگانی ١٢٠٠- ١١٠٠ (=١٧٨٦- ١٦٨٨)

ئەو دوو ڕێکەوتە، جیاوازیی زۆریان لەگەڵ یەکتر نییە (٨ ساڵ). موشکیلەی کاری هەندێك لە نووسەر و ئەدیبانی کورد ئەوەیە هەوڵی بەدەستەوەدانی سەرچاوە و ڕوونکردنەوەی مەسەلە بۆ خوێنەر نادەن. دەبێ چۆن بزانری ئەو تاریخەی سەجادی و بۆرەکەیی لەکویوە هاتووە؟

کەشکۆڵی شیخ عەبدولموئمین تەنیا یەك پارچە شیعری ئەم شاعیرەی تۆمار کردووە:

مەولام! سۆسەن گوڵ نەشکا وە یانەم

ساوای سپی ساق شۆربای شەونەم ، لاپەڕە ١٠ ب

ئەو شیعرە ڕازاوەیە، لە شیوەی چەند شیعری دیکەی ئوستاد میکائیل و مەحزوونی (بێسارانی)دا گوتراوە کە لە هەمان لاپەڕەدا نووسراونەتەوە.

مامۆستا محەمەد عەلی قەرەداغی لە وتارەکەی گۆڤاری "گزینگ" (ژمارە ٢٥)دا دەنووسیت: "ئەم مەولانا زەینولعابدینە دوور نییە ئەو زەینولعابدینە بێ کە پارچەیەك شیعری عەرەبیی (لامیە)ی هەیە و من ناوم نا "لامیة الکرد"و وینەیم لە سەرەتای بەرگی دووهەمی بووژاندنەوەی میژووی زانایانی کورددا بلاّو کردووەتەوە.

**١٥. شاکە**

مینۆرسکی: باسی نەکردووە.

سەجادی: شاکەی گەلاّلّی

بۆرەکەیی: شاکەی گەلاڵی ۱۲۵۸- ۱۱۹۹ (=۱۸٦۸/۹- ۵/ ۱۷۸٤)

مامۆستا سەید تاهیری هاشمی، لە پیشەکیی بەرگی یەکەمی حدیقه سلطانی دا دەنووسی: "ئەحمەدی ڕۆئین تەن، خەڵکی گوندی 'کانی باغ' ی ڕوانسەر،... هۆرەچڕیکی ناودار بوو و بەشیکی زۆر لە شیعری شاکە و مەنسووری لەبەر بوو، کە من ئیستا ئارەزوومە تەنیا ناویشیان بزانم..." (حدیقه سوڵتانی، ۱ سەرەتا).

جگە لە بۆچوونەکەی مامۆستا سەید تاهیر، من نیشانەیەکی ئەوتۆم لە ناو و ژیانی "شاکە " دەست نەکەوت، تا کاك محەمەد علی سلطانی لە نامەیەکدا (ساڵی ۱۹۹۳) باسی شاکەی کردبوو: "شاکەرەم- ناسراو بە شاکە، لە شاعیران ناودار و "بدیهه "ویژی ناوچەی کەلهوڕی لای ئیلام (مەڵبەندی "ئاسمان ئاباد") بووە و لەوی لەگەڵ "منصور خان " ناویك لە گەورەپیاوانی کەلهوڕ هەڵسوکەوت و دۆستیی هەبوە و وتوویژ و پرسیار و وەلآمیان بە شیعر کردووە. ئەو مەسەلەیە، بۆتە مەتەڵ و قسەی سەر زمانی خەڵك، بە شیوەیەك کە ئەگەر دوو کەس وتوویژیان دریژە بکیشی، پییان دەڵین بوون بە شاکە و مەسوور!"

کاك محەمەد عەلی نووسیویە: "هەندی لە شیعری شاکە و مەنسوورم کۆ کردووەتەوە. ئەوەش نموونەی شیعرەکانیانە:

مەسوور: شوکرانەم وە تۆ کەس سڕ نەزانا!

شاکە: سفید بەرگ نەرووی سەر زمین شانا!

مەسووور: شوکرانەم وە تۆ بینایی بان سەر!

شاکە: زەردە گولآلآن ئاو گردیە وەر

ئەوەش سەرەتای غەزەلَیکی مەنسوور خان:

شاکە! وەسەردا

بەشق شای شاهان ڕاس واچە سەردا

ئەمەش سەرەتای غەزەلَیکی شاکە:

خانە! مەرگەدا

کەم بوورەم وە خەوف سەودای مەرگەدا"

کەشکۆڵی شیخ عەبدولموئمین، پارچە شیعریکی ۳۳ فەردیی شاکەی تۆمار کردووە کە لە ستایشی بیغەمبەری ئیسلامدا گوتراوە و ڕادەی بەرزی زانستی شاعیرەکەی دەگەیێنێت:

قیبلەم، مایەی گشت!

قیبلەم، هەر تۆنی ئەسل مایەی گشت! لاپەڕە ٤٧ ب

"میر محەمەد صالح حسنی نعمت اللهی ماهیدەشتی "- پیرو مورشیدی تەریقەی نیعمەتوڵلآهی لە پارچە شیعریکی عیرفانیدا، ناوی "شاکە " لەگەڵ گەورەپیاوانی تەریقەت دینی:

هامسەران! داکەی

حەق قاپی ڕەحمەت لە ڕووتان داکەی

بشنۆ ژ "نەجەف"، "شاکە " و "ترکەمیر"

کەس چون "سەید یەعقوب " نەفس نەکرد ئەسیر...

کە وا هەیە نیاز لە نەجەف، نەجەفقولیخانی بایەندور بیت و سەید یەعقووبیش، سەید یاقۆی مایدەشتییە. (کنز العرفان، ل٨). مامۆستا محەمەد عەلی سولٌتانی دەڵی نیاز لە نەجەف، "مەلا نەجەف شاعیری ناوداری کەلهوڕە نەك نەجەفی بایەندور". هەر ئەو دەنووسیت ئەم فەردە هی نەجەفی کەلهوڕە:

"نەجەف نی ماوای زید چوارزەوەر

ناوش نە جەرگەی نازاران مەوەر"

(نامەی مامۆستا محەمەد عەلی سولٌتانی بۆ نووسەر).

کاك صدیق بۆرەکەیی (صەفی زادە) لە کتیبی (تەلآی دەستەوشار)دا، کاتی باسی مەتەڵ لە ئەدەبی کوردیدا دەکات، نموونەیەك لە شیعری "مەسوروی گەلَباخی" دێنێتەوە کە ڕووی قسەی لە "شاکەی گەلآلَی "یە:

شاکە! تەیرێ وەن، براکە! تەیرێ وەن

نه ئی دنیادا، عەجەب تەیرێ وەن

چوار باڵ دارۆ، هەرباڵ خەیرێ وەن

چوار سەر دارۆ هەر سەر سەیرێ وەن

هەر باڵێ سی پەڕ بەنەن وە باڵآش

هەر پەڕی سێ ڕەنگ مەنما نۆ کالآش (وەڵامی مەتەڵۆکە: چوار وەرزی ساڵ).

دوای نووسرانی ئەم یادداشتانە، چاوم بە وتاریکی کاك "فەرەیدوون قەنبەروەیسی " لە گۆڤاری "سروە "ی چاپی ورمیدا کەوت کە لەژێر سەردێڕی "دوو شاعیری کورد- شاکە و خان مەنسوور "دا نووسراوە. گەرچی کاك فەرەیدوون پشتی بە قسە و مەتەڵۆکی خەڵك بەستووە و کەمتر لە دیاردەکانی کۆڵیوەتەوە، بەڵآم گەلێك زانیاریی لەسەر ئەو دوو شاعیرە بە تایبەت "خان مەنسوور" خستووەتە ڕوو.

کاك فەرەیدوون دەنووسی: "... زۆرتر لە دوو سەدە لەمەوبەر (١١٧٠-١١٠٥) =٧/ ١٧٥٦- ١٦٩٣/٤ز ، دوو ئەستێرەی گەشی ئاسمانی ئەدەبی کوردستان... بە ناوی "شاکە و خان مەنسوور" لە مەڵبەندی کەلهوڕ دەژیان... شاکە لە گوندی 'بەولێ' سەر بە ناوچەی 'چەوار' لە پارێزگای ئیلام لەدایك بووە و بە هۆی ئەوەوە کە کاروانچی بووە، بە زۆر ناوچەی کوردستانی ئێران و بەشێك لە کوردستانی عێراقدا گەڕاوە و لە خوو و ڕەوشتی خەڵکی شارەزا بووە... خان مەنسوور، پیاوێکی ژیر و دەوڵەمەن و خاوەن بیر بووە... هەر چەن خانی کەلهوڕ بووە، بەڵآم زوڵم و زۆری بەسەر خەڵکا، نەکردووە..."

کاك فەرەیدوون هەندی شیعری ئەو دوو شاعیرەشی لە وتارەکەیدا هێناوە:

مەنسوور: باڵآ بە وێنەی نەمامی عەرعەر

پیا بەربۆتەوە، سێوی سنەوبەر

شاکە: باڵآ چون مەلەك حەوتەمینی هەس

لیقای گشت ئۆمەت سەر زمینی هەس

مەنسوور: جووتێ گوارەی دوڕ لە گۆشی هەس

هەزاری وەك من نمەك پۆشی هەس

شاکە: جووتێ گوو ارەی نوقڵ و تەلآی هەس

هەزار نۆکەری وەڵاّو بیلالای هەس

مەنسوور: لووت بە خەزێمی خۆش تەماشای هەس

لێو پەڕەی کاغەز دەستی پاشای هەس

شاکە: لیو پەڕەی کاغەز، دەم حەوزی کەوسەر

پڕە لە بەفراو، خەیلە لە گەوهەر

(گۆڤاری "سروه "، ژمارە ١١٢- ١١١، ڕەزبەر- خەزەڵوەری ١٣٧٤ =١٩٩٥ )

ئەوەی لە پەیوەندیی ئەم شیعرانەدا شایانی باس بێت ئەوەیە هەردوو شاعیر- بە گویرەی ڕاگەیاندنی کاك فەرەیدوون و هەروەها کاك محەمەد علی سوڵتانی خەڵکی ئیلام و کرماشان بوون، لەکاتیکدا شیعرەکان مۆرکی ناوچەکانی باکوورتریان پیوە دیارە و کەمتر لە زاراوەی خەڵکی ئەوشوینە تایبەتە دەچن کە واهەیە نیشانەی دەست تێوەردانی نوسخەنووسان بێت.

بۆ بڕوای ئاییینی- فەلسەفی شاکە، بڕوانە پەراویزی شیعری ژمارە ٣٦٣ . لاپەڕە ٩٧ ب

مامۆستا محەمەد عەلی قەرەداغی لە وتارەکەی گۆڤاری "گزینگ "دا ئاماژە بە هەندی سەرچاوە دەکات کە بابەتیان لەسەر شاکە و خان مەنسوور تێدا بلاّو بووەتەوە:

کەشکۆڵی کەلەپووری ئەدەبی کوردی (ب٢، ل١٠٦)؛ گۆڤاری بەیان (ژ ١١، ١٩٧٣)؛ پاشکۆی عیراق (ژ ٤٩، ١٩٨٣)؛ عیراقی کوردی (ژ ٧، ٢٣ ئاب ١٩٨٣)؛ کاروان (ژ١٦، ١٩٨٤)؛ هاوکاریی (ژ ٧٤٢،١٩٨٤).

## ١٦. شیخ شەمسەددین دەرەهەردی

لە بنەماڵەی مەردۆخیانە. بە گویرەی نووسینی شیخ محەمەد مەردۆخ (تاریخ، ب٢، ل ١٧ تا ٢٥) و مەلا عەبدولکەریمی مودەرریس (بنەماڵەی زانیاران، ل ١٢٢ تا ١٢٤)، دوو کەس بە ناوی شمس الدینەوە لەو بنەماڵەیەدا هەبوون:

١ - شيخ شەمسەددینی یەکەم (وەلی) کوڕی شیخ عبدالغفاری یەکەم و باوکی شیخ مصطفی تەختەیی، لە ٩١٢ی کۆچی ١٥٠٦/٧ز هاتۆتە دنیا و لە ٩٨٥ ١٥٧٧/٨ز لە گوندی 'دەرەهەرد'ی ناوچەی 'کەلآ تەرزان'ی سنە کۆچی دوایی کردووە.

٢ - شیخ شەمسەددینی دووهەمی مەردۆخی کوڕی شیخ عەبدولغەفاری دووهەم و باوکی شیخ عەبدولموئمینی یەکەمە. مەردۆخ و مودەرریس، دوو ڕێکەوتی جیاوازیان بۆ سالآنی لەدایکبوون و مردنی ئەم زاتە نووسیوە: مەردۆخ سالآنی ١١١٤- ١٠٢٣ك = ١٧٠٢- ١٦١٤ز و مودەرریس سالآنی ١١٢٨- ١٠٦٨ك = ١٧١٥/٦- ٧/ ١٦٥٦ز . بابا مەردۆخ ڕۆحانی بۆچوونی شیخ محەمەد مەردۆخی سەلماندووە.

کەشکۆلەکە، یەك پارچە شیعری شەمسەددینی تۆمار کردووە، بەلآم ڕوونی نەکردۆتەوە کام یەك لەو دوو کەسەیە و سەرچاوەکانی دیکەش یارمەتیی ئەو خالَە تایبەتەمان نادەن. بەلآم شیعرەکە خۆی دەتوانی دەراویك ڕوون بکاتەوە:

شیعری شیخ شەمسەددین لەڕاستیدا، وەلآمی پرسیارە شیعریکی "مەولانا یۆسف ڕۆیسە "یە. ناوبراو لە شیعرەکەیدا ڕوو دەکاتە شیخ شەمسەددین و دەلَی:

شەمسەددین! گریا

دلَ ئەمشۆ چون شەم تا بە صوب گریا

" شەمسی "! ئەر مەدیت ئیمشۆ ماجەڕام

پەروانەی دلَت مەسوفت بە چرام ، لاپەڕە ٥٠ ب

لە وەڵامی شیعرەکەدا، شێخ شەمسەددین شیعرێکی گوتووە کە لە هەمان لاپەڕەی کەشکۆڵەکەدا دەبینرێت:

یۆسف! سەنگینەن

دلَ چون نەسووچۆ، بیللا سەنگینەن، لاپەڕە ٥٠ ب

بە شێوەیەك کە لە باسی ژیانی "مەولانا یۆسف ڕۆیسە "دا دەبینریت (ژمارە ٣٨)، من لام وایە یۆسفێك کە ڕووی شیعری شیخ شەمسەددینی لییە، هەمان "یۆسف صدیقی شاهۆیی گۆرانی " لە هۆزی "ڕۆیسی"یە. ناوبراو، بەگویرەی نووسینی بابا مەردۆخ ڕۆحانی (تاریخ مشاهیر، ١، ١٥٩)، لە سالَی ١٠٠٠ی

کۆچی دا مردووه (=٢/ ١٥٩١). نزیکترین تەئریخ لەنیوان ئەو ساڵە و ساڵی مردنی شیخ شەمسەددینی یەکەم و دووهەمدا، ساڵی ٩١٢ واته ساڵی مردنی شیخ شەمسەددینی یەکەمە.

لەگەڵ هەموو ئەو ڕوونکردنەوانەشدا، هیشتا گەلیك پرسیاری بی وەلآم لە پەیوەندیی مەسەلەی شیخ شەمسەددیندا دەمێنیتەوە.

-تۆ بلَیی "شیخ شەمسەددین "ی کەشکۆڵەکە، کەسیکی جیاواز لەو دوو زاتە، نەبیت؟

-بلَیی بۆچوونی من لە مەڕ مەولانا یۆسف ڕۆیسە ڕاست بیت؟

- و...

داهاتوو دەبی وەلآمی پرسیارەکان بداتەوە.

## ١٧. مەلا طاهیر ئەورامی (ئەورامانی)

دوو پارچە شیعری ئەو شاعیرە لە کەشکۆلَی شیخدا هاتوون:

تەلێو جە ڕەیحان پەرێشان شێوە

لاف مەدا بە بۆ و زولَف کەسیوە "ئەورامی" ، لاپەڕە ٣٢ ب

جەو مەکانەوە

ئاما هەواڵێ جەو مەکانەوە "ئەورامانی"، لاپەڕە ٣٨ ب

پارچە شیعری یەکەم ١٤ فەردە و میجەر سۆن وەری گێراوەتە سەر ئینگلیزی و چاپی کردووە (بڕوانە پاشکۆی یەکەم). مەکەنزیش هەموو غەزەلەکەی تەرجەمە کردووە و لە وتارەکەی خۆیدا هیناویە (پاشکۆی سیهەم).

شیعرەکە، لە "ڕەدیف"ی شیعریکی مەحزوونی (بێسارانی)دا نووسراوە، کە هەمان ناوەرۆکی هەیە:

رەیحان بی گەرد!

ڕەیحان پەل دێز، قەتران بیگەرد! (هەمان لاپەڕە ٣٢ ب)

وا هەیە، بە حیسابی ئەو مەسەلەیە، مەلا طاهیر و بێسارانی بە هاوچەرخ بزانین. سەجادی و بۆرەکەیی تەنیا ناوی مەلا تاهیریان هیناوە و هیچیان لەسەر نەنووسیوە.

**١٨. عەبدی**

پرۆفیسۆر مینۆرسکی بە "عەبد" و مامۆستا یان سەجادی و بۆرەکەیی بە "عەبدی کەلاَ تەرزانی "یان نووسیوە، بەلاّم هیچ زانیارییەکیان لەسەر نەداوە بەدەستەوە.

تاقه یەك پارچە شیعری ١٣ فەردی عەبدی، لە کەشکۆڵەکەدا هاتووە کە لە ستایشی خودا دایە و بە هۆی عەیب هینانی لاپەڕەکەوە، بەشیك لە فەردەکانی ساغ ناکرینەوە:

خوداوەند تۆنی

... ... ... ... ...نازدار تۆنی، لاپەڕە ٤٦ ئا

شیعرەکە لەگەڵ شیعری مەولانا فەڕڕوخ پلنگانی، واتە:

پەردەی ئیلاهی! ئەری سیرڕ ... ... پەردەی ئیلاهی!

و عومەر نەججاڕی:

هەی نوور ئەزەل

نوور ڕەببانی تەجەللای ئەزەل

پیکەوە لە لاپەڕەیەکدا هاتوون و هاوناوەرۆکن. وا هەیە شاعیرەکان هەرسیکیان هاوچەرخیش بووبیتن.

## ١٩. عومەر نەججاڕی

عومەر نەززاری (مینۆرسکی)،

عومەر نزارەیی (سەجادی و بۆرەکەیی)،

عومەر نەججاڕی "بوخاری" (مەکەنزی)،

به هۆی شێوەنووسینی فارسیی کۆنی "شیخ عەبدولموئمین"ەوە، بەشی دووهەمی ناوەکەی بە لیبڕاوییەوە دیاری ناکریت. من خۆم زیاتر بە نەججارِی دەزانم و نەززاری و نزارەیی بە تەواوەتی دوور لە واقیعی نووسینەکەی شیخ دەبینم، گەرچی مەکەنزی گوتەنی، وا هەیە بە "بخاری "ش بخوینرێتەوە (بڕوانە پاشکۆی سێهەمی ئەم کتیبە). بەڵگەی هەرە قایم، بۆ بەڕاست زانینی شیوەی "نەججارِی" ئەوەیە کە شاعیر لە کۆتایی شیعرەکەی خۆیدا (لاپەڕە ٤٠ ئا)، "نەججارِی" کردۆتە قافیە و ئەوەش هیچ گومانیکمان بۆ ناهیلَیتەوە. یەک پارچە شیعری ئەو شاعیرە لە کەشکۆلَی شیخدا تۆمار کراوە:

هەی نوور ئەزە!

نوور ڕەببانی، تەجەللای ئەزەل! لاپەڕە ٤٦ ئا

شیعرەکە، لەگەلَ دوو پارچە شیعری دیکەی "عەبدی" و "مەولانا فرخ پلنگانی" دا پیکەوە هاتوون، ناوەرۆکیکی هاوچەشنیان هەیە و لە ستایشی خودادان.

خوداوەند تۆنی (عەبدی)،

پەردەی ئیلاهی (فرخ پلنگانی)،

بەو حیسابە، وا هەیە هەر سی کەس هاوچەرخ بووبیتن.

مامۆستا محەمەد عەلی سولَتانی دەنووسیت: ئیحتیمالَی نزیك بە یەقین هەیە کە نەججارِی خەلَکی گوندی نەججارِی دەوروبەری پاوە بووبیت کە حەمزەی نەججارِ لە "سەحابە"ی پیغەمبەری لی نیژراوە (نامە بۆ نووسەر). ئەو هەواڵە مەسەلەی نەججاری و نەزارەییش تا ڕادەیەکی زۆر یەکلایی دەکاتەوە.

### ۲۰. صۆفی عەلی کێونانی

مینۆرسکی: کەوانی (؟).

سەجادی و بۆرەکەییش هەمان شیوەیان دووپات کردووەتەوە، بەلآم بی نیشانەی پرسیار.

یەك پارچە شیعری صۆفی عەلی لە کەشکۆڵەکەدا هاتووە:

ڕەهنومای ڕەهبەر!           !

یا شیخ کبار، ڕەهنومای ڕەهبەر!، لاپەڕە ٤٩ ئا

لە سەرتای شیعرەکەدا نووسراوە: "در مدح شیخ مصطفی تختی". بەو حیسابە، شاعیر دەبی هاوچەرخی شیخ مصطفی تەختی بووبیت. مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەرریس دەنووسی: "شیخ مصطفی، کوڕی شیخ شمس الدینی یەکەمە" (بنەماڵەی زانیاران، ١٢٢)، لە مێژووی شیخ محەمەدی مەردۆخدا دەخوینینەوە: "شیخ مصطفی لە ساڵی ٩٥١ هاتۆتە دنیا و لە ١٠٤٧ کۆچی دوایی کردووە" [١٦٣٧/٨ – ١٥٤٤/٥ ز]. بۆ شێخ مصطفی، بڕوانە: وتاری ژمارە ٣٢.

بەم پییە، صۆفی عەلی کێونانی دەبی لە دەوروبەری ساڵی ٥/ ١٥٤٤دا ژیابیت.

مامۆستا محەمەد عەلی سوڵتانی دەنووسیت: گوتراوە کە یەك لە کوڕانی شیخ مستەفای تەختی کۆچی کردووە بۆ کەندۆڵەی کرماشان (دینەوەر) و لەوی نیشتەجی بووە. ناوبراو هەروەها دەنووسیت 'کێونان' بۆی هەیە لە دەوروبەری کرماشان بیت. وا هەیە لە ناوچەی سنەش کێونانیکی دیکە بووبیت (محەمەد عەلی سوڵتانی، ایلات و طوایف کرمانشاهان، چ ٢، ٢، لاپەڕە ٦٤٣).

### ٢١. شیخ عەبدولموئمینی دووەمی مەردۆخی

هەمان خاوەنی کەشکۆڵەکەیە و باسی ژیانی لە بەشی سەرەتای ئەم کتیبەدا هاتووە.

شیخ دوو پارچە شیعری خۆی لە کەشکۆڵەکەدا هیناوە، کە لەلایەکەوە توانای بەرزی شاعیریی ئەو پیشان دەدەن و لەلایەکی دیکەوە وەك بەڵگەیەکی میژوویی بۆ ساغکردنەوەی هەندی لایەنی تاریکی ژیانی خۆی و ئەو سەردەمەی تییدا ژیاوە، کەڵکیان لی وەرگیریت.

پارچە شیعری یەکەم، دوای ئەم ڕستانە دەست پی دەکات: "لراقمه، در عزل عاليجاه معلی جـ [ايگاه] معدلت د [ستگاه[ خسرو [خان] ابن [احمدخان] واقع [شد]. "

(رستەکەی سەرەوە، لە لایەن منەوە ساغ کراوەتەوە):

میرزام! نەمەندەن

سەیران چارباغ، چاخش نەمەندەن

پەی چی؟ پەی نەدین خان خوسرەو خو

کەیانی تەبع و کەیخوسرەو شکو

بی ناز و نیاز، نە موڵك عەجەم

جەم غولامش شێویان وەهەم، لاپەڕە ٤٢ ب

کە ئیشارەیەکە بە میژووی ژیانی خوسرەو خانی گەورەی ئەردەڵان و ساڵی ١١٧٦ (=١٧٦٢ز) کە دوای ئەوەی خوسرەو خان لە شەڕی مەریواندا سولەیمان پاشای بابان دەشکینی، میری بابان دەچی بۆ شیراز و دیاری و پیشکەشی زۆر دەدا بە کەریم خانی زەند بۆ ئەوەی بکری بە حاکمی ئەردەڵان. کەریم خان حوکمی ئەمارەتی ئەردەڵانی بۆ دەردەکات و لە خوسرەو خان دەخوازی بچیتە شیراز. خوسرەو خان ماوەیەك بە دەست بە سەری لە شیراز دەمینیتەوە و ئینجا سەرلەنوی دەنیردریتەوە خاکی ئەردەڵان و حکوومەتی پی دەدریتەوە.

بەم پییە، شیعرەکەی شیخ عەبدولموئمین کە باسی ئەم ڕووداوانە دەکات، دەبی لە ساڵی ١١٧٦دا گوترابیت، واتە بیست ساڵ پیش ئەوەی شیخ دەست بکا بە کۆکردنەوە و نووسینی کەشکۆڵەکەی. سەبارەت بەو ساڵانە و ئاژاوە و پاشاگەردانی لە ناوچەکەدا، بڕوانە سەرەتای ئەم کتیبە- بەشی (چارەنووسی میژوویی).

له پارچه شیعری دووهه‌مدا، شاعیر باسی ژیانی تاڵی خۆی له "مه‌سکه‌نی عه‌ره‌بان" و ئه‌فعی و عه‌قره‌ب و "ئاوی تاڵ" و مارو موور ده‌کات که زۆر وێ ده‌چێ ئه‌ویشی هه‌ر له سه‌فه‌ری گه‌رمیاندا گوتبیت (بڕوانه به‌شی سه‌ره‌تا).

میرزام! وه‌گه‌ردان

بدیه وه‌گه‌ردش گه‌ردوون گه‌ردان

ئه‌ی زه‌ده‌ی مه‌ینه‌ت، ئاواره‌ی هه‌ردان

بی تۆ چۆنش که‌رد ویڵ سه‌رگه‌ردان .F ٤٢b

پارچه شیعری یه‌که‌م ٢٠ فه‌رد و دووهه‌میان ١٤ فه‌رده.

مامۆستا محه‌مه‌د عه‌لی سوڵتانی له وتاره‌که‌ی گۆڤاری "ئاوینه "دا ده‌نوسیت: "سارایی " نازناوی شیعریی شیخ عه‌بدولموئمین بووه. که وه‌ك ده‌بینریت له کۆتاییی دوو پارچه شیعری ئه‌م کتیبه‌شدا هاتوون (لل٣٣٤ و ٣٣٩).

هه‌ر ئه‌م نازناوه، چاره‌نووسی شیعری "چه‌میده‌ی چه‌فته‌ن... " (لاپه‌ڕه ٣٢٧)یش دیاری ده‌کات و ده‌یکاته ماڵی شیخ عه‌بدولموئمین، به هه‌مان شیوه، شیعری " در بیان عدالت... " واته: "میرزام نه‌مه‌نده‌ن "ی لاپه‌ڕه ٣٣٨.

## ٢٢. حاجی عەلی محەمەد بەگی تیلەکۆ

مینۆرسکی، سەجادی و بۆرەکەیی: تیلەکۆ

مەکەنزی: تیلکۆ یا تیکلۆ؟

لەمەڕ ژیان و بەسەرهاتی ئەم زاتە، زانیارییەکی ئەوتۆم نەتوانی کۆ بکەمەوە. دوو پارچە شیعری لە کەشکۆڵەکەدا هاتوون:

موتریب! نەوای چەنگ

سەخت بێنەوانان پەڕێو نەوای چەنگ F. a٣٤

چراخم! ئەر بەی

ئەر بەی بوینی ئەی ڕوخسار بەی F. b٤٥

لەسەر شیعری یەکەمیان نووسراوە: "حاجی علی محەمەد بەگی تیلەکۆ در ردیف " ئەویش بە هۆی ئەو ڕاستییەوە کە لە لاپەڕەی پیشوودا، سی پارچە شیعری "مەحزوونی" وئەلیاس بەگ و مەلا فەزلولڵآ تۆمار کراوە کە هەرسیکیان ناوەرۆکیکی هاوچەشنیان هەیە:

" ساقی! مەی داریم " (مەحزوونی)، ساقی! سا کەی؟ کەی؟ (ئەلیاس بەگ) و ساقی! ناڵەی نەی (مەلا فضل الله). شیعریکی دیکەی مەحزوونیش لە هەمان لاپەڕەدا دەبینریت: شەراب گوڵڕەنگ

شەرابێم دەرخوان، یاقووتی و گوڵڕەنگ F. b٣٣

کە لە باری ناوەرۆکەوە، لە شیعری حاجی علی محەمەد نزیکە و دەبی حاجی، لە هۆندنەوەی شیعرەکەدا، چاوی لەو هەڵبەستەی مەحزوونی بووبیت. بەم پییە، دوور نییە هاوچەرخیش بووبیتن.

## ٢٣. مەولانا فەرِوخ پاڵنگانی

مینۆرسکی: پەڵەنگانی

سەجادی و بۆرەکەیی: پاڵنگانی

گوندی پاڵنگان لە ناوچەی ژاوەرۆی سنەیە.

دوو پارچە شیعری لە کەشکۆڵی شیخدا تۆمار کراون:

مەولام! بێقەرار

سپی طافێ دیم، بێحەد بێقەرار .F ٣٤b

پەردەی ئیلاهی

ئەرێ سیرِ بورج [؟] پەردەی ئیلاهی .F ٤٦a

" مێجەر سۆن " سی فەرد لە پارچە شیعری یەکەمی وەرگێڕاوەتە سەر ئینگلیزی (پاشکۆی یەکەم، ژمارە ٧)، هەمان پارچە شیعر، لە دیوانی دەستنوسی بێسارانیدا (ژمارە ٢١٢) بە ناوی بێسارانییەوە، بەرچاو دەکەوی.

لەمەڕ ئەوەی کی ڕاستە و کی هەڵەی کردووە، من بۆچوونیکم هەیە: شیعرەکە، لە دریژەی شیعرەکانی مەحزوونی (بێسارانی)دا، لە شوینیك نووسراوە، کە گەیشتووەتە پیتی /گ/ واتە ئەو شیعرانەی بە /گ/ دەست پی دەکەن، لەپیش ئەو شیعرەی فەرِڕوخ پاڵنگانیشدا شیعری "طایف دیوانە طاف شەیدای عەشق، ویڵ دیوانە "ی مەحزوونی دەبینریت، لەکاتیکدا ئەم شیعرەی فەرِڕوخ بە پیتی /م/ دەست پی دەکات.

هۆی ئەوەی شیعرەکە لەو لاپەڕەیەدا هاتووە، چەشنە دابەشکردنیکی بابەتیانەی شیعرەکانە لەلایەن شیخ "عەبدولموئمین "ەوە. شیعرەکەی مەحزوونی کە شیعری "فەرِڕوخ "ی بە شویندا هاتووە و دوو پارچەی دواتر کە هی مەلا حافظ فەرهاد و شیخ جەمالەددین باوکی عەبدولموئمینە، هەموویان باسی "طاف" و "طاف دیوەزناو" و "طاف دێوانە " دەکەن. بەم پییە، من بە دڵنیاییەکی زۆرەوە لام وایە ئەم پارچە شیعرە هی مەولانا فەرِڕوخ پاڵنگانییە و نوسخە هەڵگرانی شیعری بیسارانی لە ماوەی دووروو دیژی ساڵانی دوای ئەودا، بە بی وردبوونەوە و هەڵسەنگاندنی پێویست، هەموو ئەو شیعرانەی وا لەگەڵ شیعری بێسارانی لە شوینیکدا نووسرابن، بە هی ئەویان ناساندوون.

پارچە شیعری دووهەمیش کە لە وەسفی پێغەمبەری ئیسلامدا گوتراوە، ٩ فەرد شیعرە.

**٢٤. مەلا فەزلوڵڵآ**

مینۆرسکی: مەلا فەضلولَلاّ

سەجادی و بۆرەکەیی: مەلای هەورامی

تەنیا، یەك پارچە شیعر لە کەشکۆلَەکەدا بە ناوی ئەو زاتەوە هاتووە:

ساقی! نالَەی نەی

نالَەم زگارەن وینەی نالَەی نەی .F b٣٣

شیعرەکە، لە دیوانی دەستنووسی بێسارانیدا (ژمارە ١٦١) دەبینریت، بەلاّم بە بڕوای من، لە ڕاستی دوور دەبێ ئەگەر بە هی بێسارانی دابنرێت.

لە لاپەڕە b٣٣a, ٣٤ی کەشکۆلَەکەدا، شیعری مەحزوونی (بێسارانی) و ئەلیاس بەگ و مەلا فەزلولَلاّ پێکەوە تۆمار کراون. هۆی ئەو پێکەوە بوونەشیان، نزیکیەتیی بابەتیانەی شیعرەکانە، واتە هەموویان بە وشەی "ساقی" دەست پی دەکەن و یەك ناوەرۆکیان هەیە. لەسەر شیعری ئەلیاس بەگ و مەلا فزلولّلاّش نووسراوە "در ردیف" واتە لە هەمان بابەتدا گوتراوە: ساقی! مەی داریم (یەکەم)، ساقی! سا، کەی؟ کەی؟ (دووهەم)، ساقی! نالَەی نەی (سیهەم).

بەم پییە، من لام وایە مەلا فەزلولَلاّ و ئەلیاس بەگ، شیعرەکانی خۆیان بە چاولێکەری مەحزوونی (بێسارانی) و لەسەر هەمان شیوە هۆندۆتەوە و هاتنیان لە دیوانی بیسارانی دا هەلَەیە. بە گشتی، لەسەرانسەری کەشکۆلَەکەدا، شیخ عەبدولموئمین هەولَی داوە شیعری مەحزونی (بێسارانی) بنووسیتەوە، جا ئەگەر تووشی شیعری کەسیکی دیکە هاتبیت کە لەسەر هەمان بابەت یا بە چاولیکەریی ئەو گوترابیت یا پرسیار و وەلاّمی لەگەلَ ئەو کردبیت، ڕاستەوخۆ لەگەلَ شیعری ئەوی هیناوە و بە عیبارەتی وەك "در ردیف" یا "در سئوال" یا "در جواب" ئاماژەی بەو جیاوازییە کردووە. پێویستە هەموو ئەو کەسانەی وا خەریکی ساغکردنەوەی دیوانی بیسارانین ناوەرۆکی ئەم کەشکۆلَە بە وردی هەلَسەنگینن.

## ٢٥. مەولانا قاسم

شیخ محەمەد مەردۆخ ناوی "حاج ملا قاسم پایگەلانی" لە لیستەی ناوی "علما و ادبا"ی شاری سنەدا هیناوە، بەلآم هیچی دیکەی لەسەر نەنووسیوە (تاریخ، ٢،٤٩). بابا مەردۆخ ڕۆحانی باسی "حاجی مەلا قاسم کوڕی عەبدولحەق کوڕی عەبدولڕەحیم" دەکات کە خەڵکی ئاوایی "پایگەلان" بووە (لە ناوچەی ژاوەرۆی سنە) و دەڵێ: "خەتی خۆش بووە و لە کۆتاییی هەندی کتیبدا کە بە دەستخەتی خۆی نووسیونیەوە، تاریخی سالآنی ١٢١٥ و ١٢٤٦ و ١٢٥٠ دەبینریت". (تاریخ مشاهیر، ١، ٣٢١)

مامۆستا بۆرەکەیی سالآنی نیوان ١١٩٧ و ١٢٥٩ بۆ ژیانی مەلا قاسم دیاری دەکات = ١٧٨٢/٣ و١٨٤٣ز ، بەلآم تەنیا دەڵێ لە بەیازیکی کۆنی کەڵك وەرگرتووە و بی ئەوەی سەرچاوەکە بە خوێنەر بناسینی، دوو فەرد لە شیعرەکانی دینیتەوە:

هەر من پێکیای پەیکان لەیل وام

جە بی مەیلی لەیل، وەتەن دوجەیل وام

چ باك بەدی بەدکارانمەن

چ پەروای تانەی ئەغیارانمەن؟ (میژووی ویژەی کوردی، ١، ٤٩٢)

لەکاتیکدا هەمان دوو فەرد، لە پەراویزی لاپەڕە ٤٢١ی دیوانی مەولەوی تاوەگویزیدا هاتووە و مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەرریس سەبارەت بە چوارینەیەکی مەولەویی مەعدوومی (من کە دڵ دایم نە واوەیلمەن...) نووسیویەتی: "مەولەوی بەم دوو شیعرە، بەربەرەکانیی دوو شیعری "مەلا قاسم" ناویکی کردووە". (دیوانی مەولەوی، کۆتاییی پیتی /م/، ل٤٢١).

ئەو "مەلا قاسم "ی مامۆستا مەلا عەبدولکەریم نەیناسیوە، بە گویرەی نووسینی کاك محەمەد عەلی سلطانی، هەمان "مەولانا قاسم"ی مامۆستا و خەزووری بێسارانی بووە، کە مەولەوی لای ئەو دەرسی خویندووە.

ئیستا ئەگەر لەلایەکەوە ساڵی لەدایکبوون و مردنی تاوەگویزی بە ١٢٢١ و ١٣٠٠ی کۆچی بزانین ١٨٠٦/٧ و ١٨٨٢/٣ی زایینی و لەلایەکی دیکەوە ڕێکەوتەکەی بۆرەکەیی بۆ مەلا قاسم بە ڕاست وەربگرین، دەتوانین بڵێین لە

ساڵی مردنی مەلا قاسمدا، مەولەوی ٣٨ ساڵان بووە و بەم پێیە، دەکری لە لای ئەو دەرسی خوێندبێت.

کەشکۆڵی شیخ عەبدولموئمین، دوو پارچە شیعری ئەم زاتەی تۆمار کردووە:

مەولام! جەسەحەر

با دنمناکێ مەیۆ جەسەحەر (مەولانا قاسم .F ٢٨b)

قیبلەم جەلاتەن

...بە کەلام ڕۆحم جەلاتەن (... قاسم .F ٤٠b)

پارچە شیعری یەکەم بە دوای شیعریکی مەحزوونی (بێسارانی)دا هاتووە و هەمان ناوەڕۆکی هەیە:

باد هەر جایی !

باد هیچ مەکان، هەزرەی هەر جایی! (هەمان لاپەڕە)

سەمەرە ئەوەیە، شیعرەکەی مەحزونی (بێسارانی) نە لە دیوانی چاپکراوی بیسارانی (نیکرەفتار) و نە لە دەستنووسی دیوانی بیسارانی (نوسخەی مەلا سەید تاهیر هاشمی)دا نەهاتووە، بەڵام شیعری مەولانا قاسم بە ناوی بێسارانییەوە لە دیوانی دەستنووس (ژمارە ٢٠٩)دا دەبینریت!

پارچە شیعری دووهەمیش بە هەمان شیوە، لە باری ناوەڕۆکەوە لەو شیعرانەی وا پیش و دوای ئەو، لە کەشکۆڵەکەدا هاتوون نزیکە، بەڵام دەبینین لە دیوانی دەستنووسی بێسارانیدا (ژمارە ١٩٨) بە ناوی بێسارانییەوە نووسراوە.

دوای نووسرانی ئەم بابەتە چاوم بە کتیبی 'دانشمندان کرد در خدمت علم و دین' نووسراوی مامۆستا عەبدولکەریمی مودەڕریس، تەرجومەی فارسیی خوالیخۆشبوو "ئەحمەدی حەواری نەسەب" کەوت. وەرگێڕ لە بەشی "تعلیقات مترجم" (لاپەڕە ٥٥٨) دا، باسی ژیانی "حاج مەلا قاسمی پایگەلان"ی کردووە و سی فەرد شیعری عەرەبی مەلا قاسمی هیناوەتەوە.

مامۆستا محەمەد عەلی قەرەداغی لە ڕۆژنامەی  "هاوکاری " دا وتاریکی بە ناونیشانی 'لەنیوان مەولەوی و مەلا قاسم دا' بلآو کردووەتەوە کە هەندی شیعری " مەلا قاسم"یش دەگریتە بەر (ژمارە ٣٤٦، ٢٥/٩/١٩٧٨).

٢٦ و ٢٧. **نەناسراو (لا اعلم)**

شیخ عەبدولموئمین دوو پارچە شیعری لە کەشکۆڵەکەدا هیناوە کە ناوی شاعیرەکەیانی نەزانیوە و بە ڕەسمی سەردەم، بە "لا اعلم"ی ناوبردوون. شیعرەکان تام و بەرامەی جیاوازیان هەیە و بە بۆچوونی من هی دوو شاعیری جیاوازن. هەر بەو بۆنەیەشەوە لیرەدا بە دوو ژمارەی جیاواز دیاریم کردون.

پارچەی یەکەم پینج فەردە شیعرە و بەم مەتلەعە دەست پی دەکات:

بەرِەنگمەوەن

نەقش مەینەتان بەرِەنگمەوەن F. a٤٣

کە ناوەرۆکی شیعرەکە، وەك بیروبۆچوونی کەسیکی "جەبری" و "قەدەری" دەچێت.

شیعرەی دووهەم:

چراخم! ئیحرِام

بەستم پەی کەعبەی جەمینت ئیحرِام F. a٤٨

شیعری سۆفییەکی 'وحدت وجوودی'یە و من دوای مەلا پەریشانی دینەوەری، لە ئەدەبی کوردیدا نموونەیم نەدیوە. شیعرەکە دارماڵی بیر سۆفیایەتیی سەدەکانی ناوەڕاستە و بە پیوانەی ئایینیە وشکەکان، بۆنی کوفری لێ دێت. کارتێکەریی گەورە پیاوانی وەك "حەلاج" و "شیبلی" و "ئوەیس" بە شیعرەکەوە دیارە.

حجر الاسود، سوجدەگای ئۆممەت

بەندەن وە جەمین صاحیب خاڵ و خەت

هەر کەسی جۆیای دین دلَبەرەن

بێ پەروای تەواف حەج ئەکبەرەن

بە داخەوە، دیوانی مەلا پەریشانم لە بەر دەستدا نییە، دەنا دەبوایە بەراوردیکی شیعرەکە لەگەڵ "پەریشان نامە" بکەم. دوور نییە شیعری ئەو یاخود، هی شاعیریکی هاوچەرخی شیخ عەبدولموئمین بیت، کە بە گویرەی ناوەرۆکەکەی و لە ترسی ویشکە مەلای سەردەم، یا شاعیرەکە نەیویراوە ناوی خۆی ببات، یا شیخ نەیویستووە ئاشکرای بکات.

٢٨. شيخ لوتفولَلاّ

تاقه شیعریکی ئەو شاعیرە لە کەشکۆڵی شیخ عەبدولموئمیندا هاتووە و هەمان پارچە شیعر، لە دیوانی بێسارانی (دەستنووس، ژمارە ١٤١)دا بە ناوی بیسارانییەوە تۆمار کراوە:

ئارۆ کفریٚ دیم ڕووی ئیمان مەگرت

دل جە دین بەرشی، دین تەرسا گرت F. ٣٢a

من لەسەر ئەو باوەڕەم کە شیعرەکە، هی بێسارانی نییە، بەڵآم بە ناوی ئەوەوە لە دیوانەکەیدا نووسراوەتەوە. بەڵگەم بۆ ئەو بۆچوونەش ئەوەیە: لە هەمان لاپەڕەدا کە ئەو شیعرەی شیخ لطف الله هاتووە، سەرەتا، شیعریکی یۆسف یاسکە و ئینجا شیعریکی مەحزوونی (بێسارانی) و دواتر، ئەم شیعرەی شیخ لوتفوڵڵآ نووسراوەتەوە،هەرسی ئەو شیعرانەش شیواز و ناوەرۆکیکی هاوچەشنیان هەیە:

ئارۆکفریٚ دیم ئیمان مەپۆشا  (یۆسف یاسکە)،

ڕویٚ سپای کفر دیم نە دەور دین (مەحزوونی (بێسارانی))،

ئارۆ کفریٚ دیم ڕووی ئیمان مەگرت (شیخ لوتفوڵلا).

شیخ عەبدولموئمین لە نووسینەوەی شیعرەکاندا، سەرەتا شیعری یۆسف یاسکە و ئینجا شیعرەکەی مەحزونی و پاشان شیخ لوتفوڵڵای نووسیوە و گوتوویەتی: "در ڕدیف" واتە لە شیوەی ئەوی دیکەدا هۆنراوەنەتەوە واتە ڕوونی کردووەتەوە کە ئەو دوو کەسەی دوایی، لەسەر شیوازی شاعیری یەکەم، شیعری خۆیان هۆندۆتەوە. بەم پییە، پیویست ناکات هەر سی شیعرەکان هی یەك تاقە کەس بن، لەکاتیکدا دەبینین شیعرەکان لە دیوانی دەستنووسی بێسارانیدا بە ناوی ئەوەوە تۆمار کراون (ژمارە ١٣٩، ١٤٠، ١٤١) تەنانەت ئەو سیٚ ژمارە نزیك بەیەکەش لەو پەیوەندییەدا، جیگەی وردبوونەوەن.

لەمەڕ ژیانی شیخ لوتفوڵڵآ هیچ زانیارییەکم بۆ کۆ نەکرایەوە. مینۆرسکی و سەجادی و مەکەنزی و بۆرەکەیی تەنیا ناویان هیناوە و هیچی تر، بەڵآم کاك ئەسعەدی سراج الدینی پیی گوتم  ئەو زاتە، لە بنەماڵەی شێخولئیسلامی سنەیە، کە ئیستاش هەر بەو ناوەوە  دەناسرین.

**٢٩. مەحزوونی (= بێسارانی)**

مەحزوونی کییە؟ ئەوە پرسیاری سەرەکی لە مەسەلەی ساغکردنەوەی ئەم کەشکۆڵەدایە. مینۆرسکی دەڵێ: "نووسەری دیوەخانی والی ئەردەڵان- خوسرەو خانی یەکەم بووە، کە لەنیوان ساڵانی ١١٦٨ و ١٢٠٤/ ١٧٥٤ و ١٧٨٩ی زاینیدا حکوومەتی کردووە."[٨٦]

عەلائەددینی سەجادی لە میژووی ئەدەبی کوردیدا (باخچەی شاعیران)، هەمان ژیننامەی بۆ مەحزوونی هیناوەتەوە و دیارە سەرچاوەی زانیاریەکەی، هەر مینۆرسکی بووە، بەلآم بۆ میژووی خوسرەو خانی ئەردەلآن، تاریخیکی جیاوازی داناوە: "ئەڵین نووسەر بووە لە دیوەخانی خوسرەو خانی یەکەم- والیی ئەردەلآن، کە لە ساڵانی ١٧٥٤- ١٧١٩ دا حوکمی کردووە".[٨٧]

مێجەر سۆن، دوو پارچە شیعری بە ناوی مەحزوونییەوە وەگێڕاوەتە سەر ئینگلیزی[٨٨] و لە ١٢ پارچە هەڵبەستی تەرجەمەکراوی مەکەنزی، یازدەیان بە ناوی مەحزوونین " یاخود بە هۆی عیبارەتی 'ولە' ی عەرەبییەوە دەگەڕیتەوە بۆ ئەو"[٨٩].

بە شێوەیەك کە لە سەرەتای ئە کتیبەدا باسی کراوە، من بە هۆی چەند نیشانە و بەڵگەوە لام وایە مەحزوونی کەسایەتییەکی سەربەخۆ نەبوە کە بتوانین باسی ژیان و بەرهەمەکانی جیاواز لە ژیان و بەرهەمی بێسارانی بکەین گەرچی مینۆرسکی ئەم کارەی کردووە و لە وتارەکەیدا (گۆران)، ژینامەی بۆ هەردوو ئەو کەسانە پیك هیناوە.

بە بڕوای من، مەحزوونی نازناوی شیعریی مەلا مستەفای بیساران بووە و جیا لەو کەسانەی کە لە قەولی مامۆستای کۆچکردوو سەید تاهیری هاشمییەوە دەگیڕنەوە، لای کەم یەك پارچە شیعری ناو دیوانی بیسارانی، نازناوی "مەحزوونی" بەروونی تێدا بەرچاو دەکەوێ:

" مەحزوونی" عاشق بێ یار نمەبۆ

---

[٨٦] بڕوانە پاشکۆی دووهەم
[٨٧] جیاوازیی لە نووسینی ڕێکەوتی ئەمارەتی خوسرەوخاندا لەو ڕاستییەوە سەری هەڵداوە کە ناوبراو دوو جاری حکوومەت کردووە و لە نێوان ساڵانی ١١٧٦ و ١١٧٩ دا لەسەر کار لابراوە و هەمیسان گەڕاوەتەوە سەر حوکم. ڕێکەوتی ئاماژەپێکراوی مینۆرسکی ڕاستترە.
[٨٨] بڕوانە پاشکۆی یەکەم
[٨٩] بڕوانە پاشکۆی سێهەم

عاشقان بی یار، مەدار نمەبۆ.

کەوابوو، بە بڕوای من، هەڵەیە وەك مینۆرسکی هەوڵی پیکهینانی ژیننامەی دەستکرد بۆ مەحزوونی بدەین، هەر ئەوەندە بەسە بگەینە ئەنجامی ڕاستییەك کە مەلا مستەفای بیساران لەسەردەمی ژیانی خۆی و ماوەیەکیش دوای ئەو- تا سەردەمی نووسرانەوەی کەشکۆڵەکە، بە مەحزوونی ناسراوە و درەنگتر- لە بەر هەر هۆیەك، تەنیا بە ناوی زێدەکەیەوە بە بێسارانی ناوی دەرکردووە.

لەمەڕ ژیننامەی بێسارانیش من هیچی تازەم نییە بیخەمە سەر ئەو زانیاریانەی وا لە دیوانی چاپکراوی بێسارانی (نیکرەفتار)، میژووی ئەدەبی کوردی (سەجادی)، تاریخ مشاهیر کرد (بابا مەردۆخ ڕۆحانی)، میژووی ویژەی کوردی (بۆرەکەیی) و... دا ڕەنگیان داوەتەوە. دەزانم ئەو زانیارییانە گەلیك ناتەواون و تەنانەت لەسەر دیاردەیەکی وەك ساڵی لە دایکبوون و مردنیدا یەك ناگرنەوە، بەلآم من توانای ئەوەم نییە لەو بارەیەوە هیچ بنووسم. هیوادارم بە زوویی چاومان بە دیتنی سەرجەمی دیوانی بیسارانی ڕوون بیتەوە و ماموستایانی وەك مەلا عەبدولکەریمی مودەرریس ئەو بۆشاییەی نیو کتیبخانەی کوردی بە شیوەیەکی ڕیك و پیکی ئەمڕۆیی پڕ بکەنەوە.

دڵنیام کەشکۆڵی شیخ عەبدولموئمینی مەردۆخی یارمەتییەکی زۆری ئەو کەسانە دەدات کە بیانەوێ دیوانی بێسارانی ساغ بکەنەوە و زیادییەکانی لێ هەڵپەرتێون. بەراوردی نوسخەی مەلا سەید تاهیر لەگەڵ کەشکۆڵی شیخدا، نیشان دەدات کە ژمارەیەك شیعری شاعیرانی تر لە دیوانەکەدا بە ناوی بێسارانییەوە هاتوون.

شایانی باسە لە شیعری ژمارە ٢١٨- لاپەڕە ٣١ی چەپی دەستنووسەکە)دا، دەردین ڕووەدەکاتە مەحزوونی و دەڵی: (ئوجاغ قەدیم مورشید زادەمی) ئەوەش پایە و پلەی زانستی باوکی بیسارانی (مەلا ئەحمەد بیت یا مەلا قطب الدین) لەنێو خەڵکدا ئاشکرا دەکات کە بۆ ئەو کەسانەی ژیننامەی بێسارانی دەنوسن، جێگەی سەرنجە.

## ٣٠. محەمەدئەمین بەگی ئەورامی

مەکەنزی ومینۆرسکی: "محەمەدئەمین بەگ ئەورامی"

سەجادی و بۆرەکەیی: "حەمەومین بەگی هەورامی"

دوو پارچە شیعری ئەو شاعیرە لە کەشکۆڵەکەدا دەبینرێن:

شەماڵ صوب خیز!

شەماڵ شەوگەڕ، شەیدایی صوب خیز! B٣٩ F.

چراخ! بێمانەند

بە تای بێ هەمتای بێ میسل و مانەند B٤٠ F.

پارچە شیعری یەکەم لەسەر شیوازی چەند شیعری دیکە گوتراوە کە لە هەمان لاپەڕەدا هاتوون:

بزانی هاڵم

شەماڵ بیمروەت! بزانی هاڵم (مەحزوونی؟)

شەماڵ! جەوجێوە

شەماڵ هەواڵێ جەو ماواو جێوە (مەلا حافظ فەرهاد)

شەماڵ! عەرضەی دڵ سەد پارە پارەم (ڕەزا بەگ)

پارچە شیعری دووهەم، لە ڕاستیدا "قەسەمنامە"یە و لەگەڵ چەند شیعرەی دیکە، لە هەمان لاپەڕەدا هاتووە کە ئەوانیش بە هەمان شێوە هۆنراونەتەوە:

قیبلەم، جەلاتەن!

قەسەم بە کەلام، ڕۆحم جەلاتەن ( مەولانا قاسم)

چراخم بە عەرش!

بەو کەلامانەی نازڵ بی جەعەرش! (ئوەیس بەگ)

زولَیخا، جامت

سەوگەند بە زولَفان جەمین جامت! (ئەلیاس بەگ)

من لەسەر ژیان و بەسەرهاتی ئەم شاعیرە، نەمتوانی زانیارییەك بە دەست بینم، بەلآم دووری نازانم لەگەلَ بێسارانی و مەولانا قاسم و ئەوانی دیکەدا هاوچەرخ بووبیت واتە لە دەورووبەری نێوەڕاستی سەدەی هەژدەهەمدا، ژیابیت.

## ٣١. محەمەد قوڵی سولەیمان

مینۆرسکی و مەکەنزی: هەمان ناو. سەجادی ناوی نەهیناوە و بۆرەکەییش کە سەرچاوەی زانیاریەکەی سەجادی بووە، لە باسی ئەم شاعیرەدا بێدەنگە.

کەشکۆڵەکە، سی پارچە شیعری ئەو شاعیرەی تۆمار کردووە:

ئارۆ، شیان دیم ڕەنگ خەزانان

هاڵیشان بیەن، ئیمە نەزانان F. ١٢b

دڵە، تۆ جەتەوق

مەترسە جایر، خەوف مەکەر جەتەوق F. ٢١b

دڵە، خەیاڵان

دەیسە، وەس کەرە هەبلە خەیاڵان! F. ٤٨b

پارچە شیعری یەکەم لە شیوەی هەندی شیعری "خەزانیات"ی مەحزوونی (بێسارانی)دا گوتراوە، کە لەو لاپەڕەیە و لاپەڕەکانی پێشتردا هاتوون:

ئارۆ خەزانی زەرد بامم وینا F. ١٢b

ئارۆ دیم خەزان دوور جەپای نەمام! F. ١٢b

گەرچی شیعرەکەی محەمەد قوڵی سولەیمان لە لاپەڕەکانی دیوانی چاپی (ل٦٤) و دەستنووس (ژمارەی ٤)ی بێسارانیدا بە ناوی بێسارانییەوە دەبینرێت. سەرەڕای ئەوە، لام وایە هی "محەمەد قولی سولەیمان " بیت. مێجەر سۆن ئەم پارچە شیعرەی بە هی ئەو شاعیرە ناسیوە، دوو پارچە شیعری دوای ئەویش کە نیشانەی "ولە"یان لەسەر دانراوە، هەر بە هی ئەوی زانیون و شەش فەرد لە شیعری دووهەمیانی وەرگیڕاوەتە سەر ئینگلیزی (بڕوانە: پاشکۆی ژمارە یەك، نموونەی سیهەم).

پارچە شیعری دووهەمیش لەگەڵ هەندی شیعری دیکەدا، پێکەوە هاتوون کە هەموویان بە "دڵە" دەست پێ دەکەن:

دڵە زاریش کەرد

دڵەی کەمتەر ویر!

دڵە، بی نازەن

دڵە بەشق حەق مەبە سەر گەردان!

و هەموویان هی مەحزونی (بێسارانی)ن. بەڵام چۆن ئەوان لە دیوانی بێسارانی (چاپی و دەستنووس)دا تۆمار کراون، ئەم پارچە شیعرەی محەمەد قوڵی سولەیمانیش بە ناوی بێسارانییەوە لە دیوانی چاپی (ل١٦٢) و نوسخەی دەستنووس (ژمارە ١٢٣)دا هاتووە. بە بڕوای من، شیخ عەبدولموئمین ئەم کارەی بیهوودە نەکردووە- واتە دەکرا وەك چۆن بۆ پارچە شیعرەکانی دیکە عیبارەتی "ولە"ی داناوە،بۆ ئەویشی دانێ و بیگەڕێنیتەوە بۆ مەحزونی (بێسارانی)، بەڵام چون ئەو کارەی نەکردووە، دەتوانین شیعرەکە بە هی محەمەد قوڵی سولەیمان بزانین.

پارچەی سیهەمیش بە هەمان شیوە، لەو شیعرانەیە کە بە "دڵە" دەست پی دەکات ولەگەڵ دوو پارچە شیعری دیکەدا، پێکەوە هاتوون:

دڵە! شۆ نەدەور دنیا کەرگوزەر (مەولانا حافظ فەرهاد()

دڵە! هاك ویەرد (شیخ مستەفای تەختی)

هیچکام لەو سێ شیعرانە، لە دیوانی بێسارنیدا (دەستنووس و چاپی) نەهاتوون.

## ٣٢. شیخ مستەفای تەختی

"حاجی شیخ مستەفای تەختە- کوڕی شیخ شەمسەددینی یەکەم و قوتابیی شیخ "ابن الحجر " بووە. لە سەنەی ٩٥١ ﻫ/ ١٥٤٤ز لەدایك بووە و لە ١٠٤٧ = ٨/ ١٦٣٧ز دا، لە ئاواییی تەختە- نزیك شاری حەسەن ئاوا، کۆچی دوایی کردووە. لە زانست و کەماڵدا بی وینە و لە تەریقەت و ئیرشاددا، تاقانەی سەردەمی خۆی بووە". (مەردۆخ. تاریخ مەردۆخ، ٢، ٢٣). "دیوانی شیعری بەرزی سۆفیانە و غەرامی مەعنەوی هەیە و زۆربەی ئەو دیوانە، لای ئیمە ماوە و لە بەر کەشکۆڵی خوالیخۆشبوو مەحموود پاشای جافەوە، ڕوونووسمان کردووە". (مدرس، بنەماڵەی زانیاران، ١٢٩). "لە زێدی خۆی دەرسی خویندووە و پاشان چووەتە عیراق و شام و حیجاز. لە مەککە ئیجازەی وەرگرتووە و پاش چەندەها ساڵ دەرس گوتنەوە، مردووە و لە ئاواییی تەختەی دەوروبەری سنە نێژراوە". (بابا مەردۆخ ڕۆحانی، تاریخ مشاهیر کرد، ١، ١٧٩).

شیخ مستەفا، باوکی "شیخ ئەحمەدی تەختی"یە کە پیشتر لەم یادداشتانەدا باسمان لیوە کرد. تاقە یەك پارچە شیعریشی لە کەشکۆڵەکەدا تۆمار کراوە کە ٦ فەرد زیاتر نییە:

دڵە! هاك وبەرد

فام ئەوە کەرە دنیا هاك ویەرد .F ٤٨b

شیعرەکە، بە شوین پارچەیەك هەڵبەستی "مەولانا حافظ فەرهاد"دا هاتووە کە ئەویش بە "دڵە" دەست پی دەکات: "دڵە! شۆ نە دەور دنیا کەر گوزەر.... "، پارچە هەڵبەستیکی "محەمەد قولی سولەیمان "یش بە شوێنیدا هاتووە کە ئەویش بە هەمان شێوە دەست پی دەکات: "دڵە! خەیاڵآن" ...

لە دوو لاپەڕە دواتردا، دوو پارچە شیعری شاعیرانی دیکە تۆمار کراون کە بە شیخ مستەفاوە پێوەندیی پەیدا دەکەن:

ئـ) شیعری صۆفی عەلی کیۆنانی "در مدح شیخ مصطفی تەختی .F ٤٩a

ب) شیعری مەولانا حافظ فەرهاد، لەو شیعرانەدا، شیخ مصطفی بە "ڕِەهنومای ڕِەهبەر " و "شیخی کوببار " و خولاسەی بێخەوشی باوکی (واتە شیخ

شەمسەددینی یەکەم) و  "صاحب فەراسات" و  "خاوەن کەشف و کەرامات" ناودەبەن ودەڵین: "جە عیلم تەحقیق تەمام دانایی" (حافظ فەرهاد).

مینۆرسکی و مەکەنزی بە  "تەختی " و سەجادی بە بۆرەکەیی بە  "تەختەیی" ناوبردەیان کردووە، کە جیازازییەکی ئەوتۆیان نییە .

**٣٣.  ئوستاد میکائیل**

یەکەم شاعیرە کە دوای مەحزوونی ناوی لە کەشکۆڵەکەدا هاتبیت. مامۆستا سەجادی، بە "وەستا مکایلی زەنانی "ی نووسیوە. دوو پارچە شیعری لە کەشکۆڵەکەدا هاتووە:

مەولام! گول غونچەی ساوای نەشکۆفتە

سەودای چەند بلبل تیدا نەهوفتە .b١٠F

میرزام! سەرزەمین

بی تۆ نەمەندەن فەرڕِ سەرزەمین .a٥١ F

پارچە شیعری یەکەم لە کەشکۆڵی کەلەپووری کوردیدا (ب ٢، ٢٢٧) بە ناوی "مەلا مکایل"ـەوە چاپ کراوە، بەڵام زانیارییەك لەسەر ژیانی نەدراوە بە دەستەوە.

کاك محەمەد عەلی سلطانی دەڵێ: "استاد میکائیل یا مەلا میکائیل خەڵکی ناوچەی بیلەوارە و شیعرەکانی زۆر لە شیعری "میرزا شەفیعی مامیزەکی" دەچن. هاوچەرخی ئەویش بووە و لە زۆر بەیازی ناوچەی بیلەواردا، لەگەڵ شیعری میرزا شەفیع، غەزەلی ئەویش دەبینرین". سوڵتانی هەروەها دەنووسی: "لە ناو یادداشتەکانمدا، ئەم شیعرانەی میرزا شەفیع بەرچاو دەکەون:

- مەولام! گول غونچەی ساوای نەشکوفتە (کە بریتی بیت هەر لەم شیعرەی ئوستاد میکائیل)

-قیبلەم! جەی دونیا

-قیبلەم! نمانا

-قیبلەم! هامەردم

-قیبلەم! وەفام بۆ

"شوینیکی زۆری شیوەی ساکاری "بێسارانی" لەسەر شیعرەکانی دیارە." (محەمەد علی سوڵتانی، نامەیەك بۆ نووسەر، ١٩٩٢).

هەروەها "سوڵتانی" لە کتێبی 'مناجاتهای جاویدان ادب کردی' دا، کاتی دەچێتە سەر باسی "میرزا شەفیعی کولیایی"، دەنووسێ: "هاوچەرخی خوسرەوخانی

یەکەم بووە و لە سالآنی دەوروبەری ١٢١٠ی کۆچی ١٧٩٥/٦ز شیعری بە خوسرەوخاندا هەڵگوتووە". (مناجاتهای....،٩٢)

مامۆستای نەمر سەید تاهیری هاشمی دەیسەلمێنێ کە میرزا شەفیع "مستەوفی" دیوانی خوسرەو خانی یەکەم بووە (حدیقه سلطانی، ١، ٣٤٨) و کاك سەدیقی بۆرەکەییش، سالآنی ژیانی میرزا شەفیعی بە ١٢٣٨-١١٦٩ زانیوە د= ٣/ ١٨٢٢- ٦/ ١٧٥٥ز . هەموو ئەو تەئریخانە دەتوانن ڕوانگەیەکی گشتیمان لە مەڕ ژیانی ئوستاد میکائیل بدەن بە دەستەوە: شاعیر دەبێ، لە دەوروبەری کۆتاییی سەدەی دوازدە و سەرەتاکانی سەدەی سیزدەهەمی کۆچی بەرانبەری نیوەی دووهەمی سەدەی هەژدە و سەرەتای سەدەی نۆزدەهەمی زاینیدا، ژیابێت.

مامۆستا محەمەد عەلی قەرەداغی لە کتێبی 'کەشکۆڵی کەلەپووری کوردی'دا، جگە لەو شیعرە، پێنج پارچە شیعری دیکەی ئەو زاتەی چاپ کردووە:

-قیبلەم! بۆ ئامای

-جەی دونیا

-هامەردم

-نەکیشۆ،

-واتا بۆ (ب٢، ل٢٣٠ بەدواوە) کە، وی دەچی زۆربەیان، هەر ئەو شیعرانە بن وا کاك محەمەدعلی سلطانی بە هی میرزا شەفیعی مامیزەکی داناون.

لەمەڕ پارچە شیعری دووهەمی کەشکۆڵەکە (میرزام! سەرزەمین)، دەبێ بڵێم شیعرەکە بۆ شیخ شمس الدینی دکانشیری (؟) گوتراوە، کە نەمتوانی بزانم کێیە:

"استاد میکائیل، بە شیخ شمس الدین دکانشیری (؟)"

لە شیعرەکەدا، باسی "مەحموود جان" ێک دەکریت. بە بڕوای من، دەبێ ئەو "مەحموود"ە کوڕی شیخ شەمسەددین بووبیت و ئوستاد میکائیل، دوای مردنی "مەحموود جان " ئەو شیعرەی بۆ دڵدانەوەی باوکی گوتبێت.

پێویستە بگوترێ هەندێ لەو شیعرانەی وا لە کتێبەکەی مامۆستا "محەمەد عەلی قەرەداغی" (کەشکۆڵی...) بە ناوی مەلا مکایلەوە تۆمار کراون (ل٢٢٩ تا ٢٣١)، لە دیوانی بێسارانیدا بە شیعری بێسارانی زانراون:

قیبلەم دیم نەدیم:

هەمان لاپەڕەی کەشکۆڵی کەلەپوور و ژمارە ١٩٩ی دەستنووسی دیوانی بێسارانی.

قیبلەم جەفای تۆ: هەمان لاپەڕەی کەشکۆڵی کەلەپوور و ژمارە ٢١٠ی دەستنووسی دیوانی بێسارانی.

ئەم پارچە شیعرەی دووهەم لە کەشکۆڵی شیخیشدا دەبینرێ و نیشانەی 'ولە'ی بەسەرەوەیە F. ٣٥ aکە وا هەیە بگەڕێتەوە بۆ مەحزوونی (بێسارانی). هەمان شت لە مەڕ شیعری "قیبلەم نمانا..." ڕاستە، وا کەشکۆڵی شیخ F. ٣٥ bبە هی مەحزوونی (بێسارانی) و کەشکۆڵی کەلەپوور (هەمان لاپەڕە)، بە هیی بیسارانییان داناوە.

**٣٤. ناظر بستی**

ناوی  "ناظر"ی شاعیرم یەکەم جار لە 'حدیقه امان اللهی'ی میرزا عبدالله منشی باشی (رونق)دا بینیوە. ڕەونەق، وەك شاعیریكی فارسی ویژی دەناسێنێ و ناوێك لە شیعرە كوردییەكانی نابات: "ناظر خەڵكی ئاوایی بست لەنزیكی سنەیە" (حەدیقەی ئەمانوڵڵاهی، نوسخەی دەستنووسی كتێبخانەی بریتانیا MS.or. ٢٩٤٣).

ئینجا شوێنی  "ناظر "م لە  "تاریخ مشاهیر كرد "ی بابا مەردۆخ ڕۆحانی دا، هەڵگرت: "شیخ زین العابدین، نازناوی شاعیریی  "ناظر"، خەڵكی ئاوایی بست لە مەحالی خوڕخوڕەی دیواندەر و مرۆڤێكی زانا و عارف و بەپاریز بووە. هاوچەرخی ئەمانوڵڵاخانی گەورەی ئەردەڵان و شاعیریكی باش بووە كە شیعری زۆر گوتوون، بەڵام ژمارەیەكی كەمیان ماون." (١، ٣١٩)

بەم پێیە، ناظر بستی، هەمان شیخ زەینەلعابدینی بستییە و ئەگەر بزانین ئەمانوڵڵاخانی ئەردەڵان لەنیوان ساڵانی ١٢١٤ و ١٢٤٠ی كۆچی  =٩/ ١٨٢٨- ١٧٩٩/١٨٠٠ز دا ئەمارەتی كردووە، دەبی شیخ زەینەلعابدینیش لە هەمان ساڵان، واتە ئاخر و ئۆخری سەدەی هەژدە و نیوەی یەكەمی سەدەی نۆزدەهەمدا، ژیابێت.

كەشكۆڵی شیخ عەبدولموئمین یەك پارچە شیعری  "ناظری بستی" تۆمار كردووە:

ڕۆی كەلبەلا مەن

یاران ڕەستاخیز ڕۆی كەلبەلامەن .F ٣٤a

كە شیعرێكی ٨ فەردیی ڕازاوە و جوانە. بە شوین شیعرەكەدا، دوو پارچە شیعری دیكە هاتوون كە عیبارەتی 'ولە'یان لە سەر نووسراوە، ئینجا شیعریكی دیكە هاتووە كە، لەسەری نووسراوە: "ولە دربیان عدالت معدلت دەستگاە عالیجاە معلی جایگاە خسروخان واقع شدە". شیعرەكان بریتین لە:

پەیك دوور مەنزڵ                 !

نەسیم صوب خێز، باد دوور مەنزڵ .F ٤٣a

ڕەوان بی ڕاهێ

قیبلەم! جەڕای زید، ڕەوان بی ڕاهێ .F ٤٣a

میرزام! نەمەندەن

ڕوکن زلالەت پایش نەمەندەن .F ٤٣b

پارچە شیعری سێهەم سەبارەت بە خوسرەوخانی ناکام، کوڕی ئەمانوڵڵاخانە و ئەگەر بە هۆنراوەی ناظر بزانرێت، دەبێ شاعیر تا سەردەمی ئەمارەتی خوسرەو خانیش ژیابیت (١٢٥٠-١٢٤٠ی کۆچی، ١٨٣٤/٥-١٨٢٤/٥ز).

لە مەڕ ناوی گوندی بست لە پەراویزی 'تحفەی ناصری'دا، هاتووە: "بست بە فتح بای موحد و سکون سین مهمل" (ذیل صفحە ٦٠)، بەڵام 'حدیقە...' لە شیوەی "بست "دا تۆماری کردووە (هەمان) ئەوانەش لەکاتیکدان، کە خەڵکی گوند و ناوچەکە، وەک "بست "ی حونجە دەکەن: بست و کانیعمەت دوو گوندی خوڕخوڕە و تیلەکۆ- سەر بە شاری دیواندەرەن.

لیستەی مینۆرسکی ناوی ناظری بستی تیدا نییە و لە ئاکامدا، سەجادی و بۆرەکەییش ناویان نەهیناوە.

**٣٥ و ٣٦. یاسکە و یۆسف یاسکە**

"یۆسف یاسکە، پیاو و شاعیری خان ئەحمەد خانی ئەردەلآن بووە. ئەم والییە لە ١٥٩٢ هاتووەتە دنیا و لە ١٩٣٦دا لە مووسڵ مردووە" (سەجادی، میژوو، ٥٣٦) "... خان، شکی تی کردووە کە گوایە لەگەڵ ژنەکەیا (کلآوزەڕە خانم کچی شا عەبباس)، کەین و بەینی هەیە و خەریکی ڕابواردنە، هەر بۆیەش زیندانی کردووە." (مینۆرسکی، وتاری 'گۆران'- لە زمان "دوکتۆر سەعید خانی کوردستانی "یەوە.) "باسی خەیانەتی کلآوزەڕ خانم (زرین کلاه) بە خان ئەحمەد خان و چۆنیتیی ئیعدامکردنی "یوسو یاسکا "- وەرگێڕی تایبەکاری خانی ئەردەلآن، هیشتا هەر بە سەرزاری خەڵکی کوردستانەوە دەگەڕێ و پیر و ڕدێن سپیانیش ئەو شیعرانەیان لەبیر ماوە کە لەم بارەوە گوتراون." (پەراویزی میژووی مەستوورە، ل٢٤١ی دەقی کوردی).

"سەیدە بەگم ناسراو بە زێڕ کلآو ... لەگەڵ هەرزەکارێکی یۆسف ناو، کە بە دەنگخۆشی و جوانیی سیما ناوی دەرکردبوو، نیوانی ساز کرد و ئەگەر دەرەتانی دەست کەوتایە، قسەیەکی لەگەڵ دەکرد. ئەم کوڕەلاوە، یەك لە موتریب و گۆرانیبیژەکانی مەجلیسی خان بوو و جارجارە دەچوە حەرەمسەرا. کەم کەم داستانی ئەوینی سەیدە بەگم بە گوێی ژن و پیاو گەیشت و بوو بە بەیت و باوی کووچە و کۆلآنان. لە ئەنجاما گەیشتە گویی خان، یۆسف کە چەند شیعرێکی بە کلآوزیڕدا هەڵگوتبوو، لە بەر بێعەقڵی و زاڵبوونی ئەوین، جارجارە بۆ دۆست و برادەری خۆی دەگوتەوە. شەوێکیان لە حاڵی سەرخۆشیدا، لە بەردەمی خان ئەحمەد خان، بە دەنگیك کە عەقڵ بۆی حەیران دەبوو، شیعرەکەی بە گۆرانی گوت. لیرەدا، گومانی خان ئەحمەد خان بە یەقین گەڕاو گەرچی هەڵوەدای جوانیی سیما و هەڵسوکەوتی ڕیکوپێکی یۆسف بوو، بەلآم مەزنایەتیی ئەمیریی، چاوی خۆشەویستیی لی بەست، نیوەشەو بانگی کرد و هەر ئەوکاتە، فەرمانی دا لە قەلآوە هەڵیان واسی و لەشیان خستە ناو چینی دیوارەوە." (سیر الاکراد، ٤٥ دەقی فارسی. ئەم کتیبە لەلایەن مامۆستا کەریمی حیسامییەوە وەرگەڕاوەتە سەر کوردی، بەلآم من چاوم پیی نەکەوتووە).

بۆرەکەیی لە (میژووی ویژەی کوردی) (ل٥٥٩)دا ناوی "یۆسف یاسکە " دینی و تەئریخی ٩٩٥-١٠٤٢ی بۆ دیاری دەکات. سەرچاوەی وەك تاریخ مشاهیر و تحفه ناصری و حدیقه ناصری و تاریخ مەردۆخ لە باسی ڕووداوەکانی سەردەمی خان ئەحمەد خاندا، کلآو زیرخانم بە خوشکی شا عەبباس دەدەنە قەڵەم، بەلآم باسیك لە یۆسۆ یاسکە ناهیننە گۆڕی.

کاك محەمەد عەلی سوڵتانی لە وەلآمی پرسیاری مندا، بە نامە بۆی نووسیم:
"یۆسف یاسەکە، لە شاعیرانی ناوچەی جافی جوانڕۆیە. یاسەکە ناوی دایکیەتی

که له ئەسڵدا یاسەمە بووە و /ك/ی تەحبیب و /ە/ی تەخفیفی پی دراوە و بە دابی ناوچەکە، چون لە منداڵییەوە، باوکی لەدەست دابوو، بە ناوی دایکیەوە بانگ دەکرا. دەڵێن لەگەڵ دایکی لەنیو هۆزە کوردەکان و دیوەخانی گەورە و مەزناندا هاتوچۆی هەبوە. دایك و کوڕ هەردوو، مرخی شیعریان بووە و ئاغا یۆسف لە هۆنەرانی گەورە و ناودارانی "گۆران"ی بیژە. لەبەر ئەوەی لە منداڵییەوە خووی بە گەڕان گرتبوو، شیعرەکانی لیرەولەوی لە ناو کورددا بلاّو بوونەتەوە. لە سەردەمی قاجار و دەورەی ناسرەددینشادا ژیاوە و لەناو یادداشتەکانی مندا، موناجاتیکی بەم مەطـلەعە دەبینری: (ڕەسووڵی ڕەهبەر، یا رسول الله، ڕەسووڵ ڕەهبەر)." (نامەیەك بۆ نووسەر، ١٩٩٣).

نامەکەی کاك محەمەد عەلی، چەند خاڵی گرنگی تیدایە: ١) ناوی، یاسەکەیە نە یاسکە ٢) خۆی و دایکی هەردوکیان شاعیر بوون ٣) لە سەردەمی ناصرەددینشاهی قاجاردا ژیاوە. لەمەڕ یاسکە و یاسەکەن من دڵنیا نیم و ناتوانم بڕیاری تەواو بدەم بەلاّم ئەوەندەی لە خەڵکی ناوچەی هەورامانم بیستبی، ئەو ناوە لە ناوچەکەدا وەك یاسکە و یاسکا حونجە دەکریت. سەردەمی ناسرەددینشاهی قاجاریش گەلیك جیاوازە لە سەردەمی نووسرانی کەشکۆڵەکە. ناسرەددینشا، لە ساڵی ١٣١٣ی کۆچی ٦/ ١٨٩٥ز دا کوژراوە، کە ئەو ساڵە گەلێک دواتر لە سەردەمی خان ئەحمەدخانی ئەردەڵانە و هیچ پەیوەندییەکی بە مەسەلەی خان ئەحمەد خان و کلاّوزیڕ خانمی خوشك (یا کچ) ی شاە عەبباسی سەفەوییەوە نییە.

لیرەدا پیویستە ئاماژە بە چەند فاکتی میژوویی بکرێت:

بە ناوی خان ئەحمەد خانەوە، دوو کەس لە میژوووی ئەردەلآندا ناسراون: کوڕی هەڵۆ خان (١٠٤٨- ١٠٢٦ك) و کوڕی "کەلبعەلی خان " (١٠٨٢- ١٠٦٧ك). زاوای شاە عەبباسی سەفەوی ئەوی یەکەمیانە و ساڵآنی ئەمارەتی بەرانبەرە لەگەڵ ساڵآنی ١٦٣٨/٩- ٧/ ١٦١٦ زاییێنی.

یۆسف یاسکەیەك، کە لەو سەردەمدا ژیابیت، دەبی بە تەواوەتی لە یاسەکەی سەردەمی ناسرەددینشاە جیاوازبیت. بەم پییە، یا دەبی دوو یاسکە لە دوو سەردەمی جیاوازدا هەبووبن- کە من هیچ نیشانەیەکم بۆ سەلماندنی ئەو ئەگەرە بەدەستەوە نییە، یا کاك محەمەد عەلی سلطانی سەرچاوەکانی بەردەستی تووشی هەڵە هاتبیتن. هەڵەی واش لەسەر کەسایەتیی میژوویی، لە کوردستاندا شتیکی نائاسایی نییە.

ئەم شیعرانەی لە کەشکۆڵەکەدا بە ناوی یاسکە (یاسەکە)وە تۆمار کراون، ٦ پارچە شیعرن. لە پەیوەندیی ئەو باسەدا دەبی بگوترێ کە چەند شیعری دیکەش بە نیشانەی 'ولە' دیاری کراون و بە شوین ئەو شیعرانەدا هاتوون کە دوور نییە هیی "مەحزوونی" (بێسارانی) یا یاسکە بن. شیوەی بەیانی شیعرەکان لە هیی بیسارانی ناچن، بەلآم لەگەڵ ئەوەشدا بۆچوونەکە جیی دڵنیایی نییە. شەش پارچە شیعرەکە، بریتین لەوانەی خوارەوە کە هەندیکیان بە ناوی یاسکە و هەندیکی دیکەیان بە ناوی یۆسف یاسکەوە دیاری کراون، هەر لە بەر ئەوە هۆیە و مەسەلەی شاعیر بوونی دایکی یۆسفیش، کە ڕێزدار محەممەدعەلی سوڵتانی لە سەرەوەتر دەست نیشانی کردبوو، من یاسکە و یۆسف یاسکەم بە دوو کەس داناوە:

١ -یۆسف یاسکە :

ئارۆو کفرێ دیم ئیمان مەپۆشا

دلَ، ئیمان بە بت کوففار فرۆشا .F ٣٢a

٢ -یۆسف یاسکە در جواب :

مەولام پڕِ جەدەرد

نەوازش مەیۆ، پڕِ جەداخ دەرد .F ٣٧b

٣ -یاسکە در سئوال یاسکە پسر یوسف :

یا شا! ڕِەهابۆ

میرزام جەی بەندە بە زۆر ڕِەهابۆ .F ٤١a

٤ -یۆسف یاسکە در جواب :

یاسکە یاوا

بای شەمال نامەت یاونا و یاوا .F ٤١a

٥ -یۆسف یاسکە :

چراخم قایل

به جەورو جەفات ئەوڕۆ بیم قایل .a٤٥ F

٦ -یۆسف یاسکە :

ڕەسوول ڕەهبەر

یا ڕەسوول الله، ڕەهنومای ڕەهبەر .b٤٦ F

لەم شەش پارچەیە، پینجیان بە ناوی یۆسف یاسەکەوەیە و یەکیان (ژمارە ٣) بە شێوەیەك ناسینراوە کە تەواو ساغ ناکریتەوە. ڕستەی فارسیی سەر شیعرەکە، دەتوانرێ بە دوو شیوە بخوێنریتەوە:

ئـ) "یاسەکە در سئوال، یاسکە پسر یوسف "، کە بەشی یەکەم ڕاگەیاندنی ناوی شاعیرە و بەشی دووهەم ڕوونکردنەوەی چۆنیەتی و چییەتیی ناوی یاسکەیە، واتە: یاسکە پرسیاری کردووە- هەر ئەو یاسکەیەی وا کوڕی یۆسفە.

ب) "یاسکە در سئوال یاسکە پسر یوسف "، واتە یاسکە لە یاسکەی کوڕی یۆسف دەپرسی.

هەردوو ئەم شیوە خویندنەوانە، تەنگوچەڵەمەمان بۆ پیك دینن: لە شیوەی دووهەمدا یاسکە چۆن لە یاسکەی پرسیار کردووە؟ لە شیوەی یەکەمیشدا کە بە بڕوای من زۆر وێچووترە، یاسکە دەبێ بە کوڕ و دەشبێ بە کوڕی یۆسف! بەم پییە، یاسکە دەبێ دوو کەس بن. بەڵام چۆن؟

ناوەرۆکی شیعری "یاشا! ڕەهابۆ... " دوعا و پاڕانەوەی کەسیکە بۆ ڕەهایی و ئازادیی گەورە و عەزیزیکی خۆی لە زیندانی خان ئەحمەدخان. شاعیر، کابرای زیندانی بە "میرزام " بانگ دەکات و ئاواتی ئەوە دەخوازی 'بەزۆر' ئازاد بکرێ و ببێتەوە "هامرازی شای سۆسەن خالآن". کەسیکی ئەوتۆ، دەتوانی کەسوکار، یا ژن یا دایك، یا مندالّی یۆسف بێت، بەڵام زیندانییەکە- بی هیچ گومانیك "یۆسف "ـە.

شیعری دوای ئەو، وەڵامی یۆسفە و پاکانەکردن بۆ خۆی:

ئەر خودا مازۆ، خان نامەر

چون یۆسف جە چا ماوەرۆم وەبەر [دەر؟]

ئەوسە، بە کۆری ڕەقیبان ڕەد،

من ئەو یۆسفم، خان ئەو خان ئەحمەد .F ٤١ b

لێرەدا شاعیر وەڵامی شاعیری شیعری پێشوو دەداتەوە و بە 'نووری دیدە' و 'مایەی زیندەگی' و 'بەر گوزیدە'ی خۆی ناوی لێدەبات.

سەرەڕای گێژوگومییەکی زۆر لەسەر ناو، ژیان و شیعری یۆسف یاسکە و ئەو موشکیلەیەی بە هۆی عیبارەتی یاسکە و یۆسف یاسکە و یاسکەی کوڕی یۆسفەوە لە کەشکۆڵەکەدا دروست بووە و ساغکردنەوەی مەسەلەکە، بەبێ سەرچاوەی بڕواپێکراو لە گونجان نابیت، من لەسەر ئەو باوەڕەم کە شیعری "یاشا ڕەهابۆ... " هی یاسکەی کوڕی یۆسف یاسکەیە، کە ئەویش هەر دەبێ شاعیر بووبێت، پێنج شیعرەکەی دیکەش هی یۆسف یاسکەن، واتە "یاسکە " دوو کەسن.

شایانی باسە، لەو ٦ پارچە شیعرە، یەکەمیان واتە (ئارۆ کفری دیم .F ٣٢ a لە دیوانی دەستنووسی بێسارانی (ژمارە ١٣٩)دا، بە ناوی بێسارانییەوە هاتووە. ناوەڕۆکی پارچە شیعری پێنجەم و بە تایبەت شەشەم، شاعیرەکەی بە مرۆڤێکی لەخواترس و ئاینی دەنوێنن کە گەلێك بەئیمان بووە و دوور نییە لە سەردەمی پیریدا ئەو شیعرانەی هۆندبێتەوە. ئەوەش لەگەڵ ڕوخسارێك کە لە یۆسف یاسکەی دیوەخانی خان ئەحمەد خانی دەیکێشنەوە، گەلێك جیاوازە.

بە بڕوای من ڕووداوی دیوەخانی خان ئەحمەد خان یا هەر لە بنەڕەتدا دروستکراوی خەیاڵی هونەرمەندێکە، یا خەڵك ئەو داستانەیان لەبەر هەر هۆیەک و یەک کلەوان، ناڕەزایی لە دام و دەزگای حکوومەتی، هەڵبەستووە، یا ئەگەریش بووبێت، شاخ و باڵی زۆری پێوە نراوە و بە کورتی، هەموو یان بەشێک لەو شیعرە هەجوانەی وا لە زمان یۆسف یاسکەوە دەگێڕرێنەوە، درەنگتر هەڵبەستراون.

کەشکۆڵی کەلەپووری ئەدەبی کوردی (ب ٢، ل٩-١٥٦) خاوەنی شیعری "جە بێساران ماڵ" .F ٣٧ b بە "یۆسف ناوێك" دەزانێ و شیعری دوای ئەو، واتە "یۆسف! کەم نییەن / باڵلە جە بارگەم هیممەت کەم نییەن" .F a٣٨، بە وەڵامی "بابا شێخی بێساران " بۆ ئەو یۆسفە دادەنێت. تۆ بڵێی ئەو یۆسفە، کێ بێت؟ یۆسفە یاسکە؟ نازانم.

مامۆستا محەمەد عەلی سوڵتانی لە وتارەکەی گۆڤاری "ئاوێنە"دا دەنووسێت: "ئەوەی لە سەردەمی ژیانی یۆسف یاسکە ئاشکرایە، ناوبراو لە سەردەمی

سەفەوییەکان- سەدەی شازدەهەمی زاینیدا ژیاوە". بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتر لەمەڕ شیعرەکە، بڕوانە پەراویزی پارچە شیعری ژمارە ٣٢٧ .F ٤١ a و پەراویزی شیعری ٣٦٢ .F ٤٧a

مامۆستا محەمەد عەلی قەرەداغی لە وتاری گۆڤاری "گزینگ"دا دەنووسێت: "جگە لەوەی لە کەشکۆڵی کەلەپووری ئەدەبی کوردیدا ناو و بەرهەمی یۆسف یاسکە هەیە، لە ژمارە ١٢٩٠ی "ژین "یشدا لەسەری نووسراوە.

**٣٧. مەلا یۆسف، برای مەلا حەبیبی گلان**

لاپەڕەی ٤١bی کەشکۆڵەکە، پارچە شیعرێکی تێدا تۆمار کراوە کە ئەم عیبارەتەی لەسەر نووسراوە: "ولە قیل ملا یوسف برادر ملا حبیب کلان". چۆنیەتیی نووسرانی عیبارەتەکە، هەندی پرسیار دێنێتە پێشێ:

١ ئایا ئەم پارچە هەڵبەستەش وەك زۆربەی ئەو شیعرانە نیشانەی 'ولە'یان لەسەر دانراوە، هیی مەحزوونی (بێسارانی)یە؟

٢ ئایا دەتوانین بە شیعری یۆسف یاسکەی بزانین؟ (ئەو شیعرە و پینج پارچە هەڵبەستی پێش ئەو، نیشانەی 'ولە'یان لەسەرە و هەڵبەستی پیشتریان، بە ناوی "یۆسف یاسکەوە" هاتووە).

٣ ئەگەر وا نییە، دەبی هی مەلا یۆسف بیت. پیشتریش لە هەندی شویندا دیومانە ئەگەر شێخ عەبدولموئمین شیعرێکی بە ناوی مەحزوونییەوە هێنابێت، عیبارەتی "ولە محزونی" لەسەر نووسیوە.

من زیاتر، لەگەڵ بۆچوونی سیهەمدام، واتە لام وایە شیعرەکە، هی مەلا یۆسف بێت. بە بڕوای من، شیخ عەبدولموئمین بۆ ئەوەی سەر لە خوێنەر نەشێوێنێت و ئەو مەلا یۆسفەی لەگەڵ شاعیری پیشتر- واتە یۆسف یاسەکە- بە جیاواز دانابیت، بە شوین نووسینی ناوەکەیدا زیاتری ناساندووە و گوتوویەتی 'برای مەلا جەبیبی گلانە'. لەمەڕ ئەو مەلا حەبیبەش، هیچ نازانین تەنانەت بە دڵنیاییەوە ناتوانین وشەی "گلان" لە بیچمی کلان، کەلان، کولان، کوولان، کۆلآن، گەلان یا گولآندا ساغ بکەینەوە.

مینۆرسکی، سەجادی، مەکەنزی و بۆرەکەیی لە شیوەی 'کەلان'یاندا هیناوە. بەلآم سەجادی بە "مەولانا "ی ناو دەبات و بۆرەکەییش هەمان شتی دووپات کردۆتەوە. بەداخەوە نەمتوانی شوێنی بە سەرهاتی ئەم زاتە هەڵبگرم و زانیارییەك لەسەر ژیانی وەدەست بێنم.

تەنیا یەك پارچە شیعری کەشکۆڵەکە، بە ناوی مەلا یۆسفەوە تۆمار کراوە:

نەو پایز ویەرد

فەسلَ ڕەنگا ڕەنگ نەو پایز ویەرد .b٤١ F

شیعرەکە ١٩ فەردە و باسی سەرەتای سەرما و سۆڵ و کۆکرانەوەی سیماڵ و گەڕانەوەیان بۆ 'زەهاو' دەکات. بۆ بڵیی مەلا یۆسف خۆی، لە جافەکان نەبووبیت؟ لام وایە وردبوونەوە لە شێوە زمانی شیعرەکە و شیوەی بەیانی شاعیر دەتوانێ لەم باریەوە یارمەتیدەرمان بێت، بەلآم ئەوە بۆ کەسێك دەبیت کە شارەزاییی تەواوی لە بن لەهجەکانی شێوەی گۆرانی هەبێت. بە داخەوە، من ئەو توانایەم نییە.

**٣٨. مەلا یۆسف ڕۆیسە/ دۆیسە**

یەك پارچە شیعری ئەم شاعیرە لە کەشکۆڵی شێخدا تۆمار کراوە:

شەمسەددین! گڕیا

دلَ، ئیمشەو چون شەم تا بە صوب گرِیا .b٥٠ F

لەمەرِ خویندنەوەی وشەی گرِیا، پیویستە دیاردە بە یەك خالَ بكەم: شیخ عەبدولموئمین بۆ جیاكردنەوەی پیتی /ر/ لە /رِ/، لە سەر هەموو /رِ/یەكی قەلَەو نیشانەی شەددی داناوە: گرّیا، خرّیا، برّیا و...

سەبارەت بە ناوی شاعیریش چەند خالَیك دەبی بگوتری:

-مەكەنزی بە "دەویسەی(Dawisai) " ی خوێندۆتەوە. بە حیسابی ئەوەی مینۆرسكی ناوی نەهێناوە، سەجادی و بۆرەكەییش باسیان نەكردووە.

-لە كەشكۆلَەكەدا، زیاتر وەك دویسە" دەچێت.

بەلاّم من بە هۆی سەرە هەودایەكەوە، لام وایە دەبی رِۆیسە بێت:

"یۆسف صدیقی شاهۆیی گۆرانی، خەلَكی هەورامان و كورِی قازی مەحموود كورِی كەمالَەددین نوورانی لە عەشیرەتی رِۆیسی بووە. لە زانست و ئەدەب و عیرفانا پایەیەكی بەرزی هەبوە و لە سالَ ١٠٠٠ی مانگی دا كۆچی دواییی كردووە." = ٢/ ١٥٩١ز . (تاریخ مشاهیر كرد، ١، ١٥٩).

من دووری نازانم شاعیری شیعرەكە، هەمان یۆسف صدیقی شاهۆیی بێت، بەو پێیەش ئاشكرایە دەبی ناوەكەی وەك رِۆیسی یا رِۆیسە بخوێنرێتەوە.

شاعیر، لەو شیعرە ٦ فەردییەدا كە فەردی یەكەم (مەطلەع)ی لەسەرەوەتر، هاتووە، رِووی پرسیار لە "شەمسەددین" ناویك، باسی دلَی خۆی بۆ كردووە كە شەوێكیان تا بەسەحەر ئاگری گرتووە و لە شوینیكدا، دەلَی:

شەمسی! ئەو مەدیت ئیمشەو ماجەرام پەروانەی دلَت مەسفت بە چرام

دوابەدوای ئەو، وەلاّمی "شیخ شەمسەددینی دەرەهەردی" هاتووە و ئەوەش وا دەگەیێنێت كە رِووی قسە و پرسیاری یۆسف لەو بووبیت. (باسی شیخ شەمسەددین لە بەشی تایبەت بە خۆیدا- وتاری ژمارە ١٦، هاتووە). وا هەیە یۆسف رِۆیسە و شیخ شەمسەددینی دەرهەردی، هاوچەرخ بووبیتن. دوای هەموو ئەوانەش پیویستە بلَیم گوندیك بە ناوی "دۆیسە" لە ناوچەی كەلاتەرزان (نیوان سنە ومەریوان) هەیە و هیچ دوور نییە شاعیر خەلَكی ئەو گوندە بووبیت و بەم پییە، دەكریت ناوی بە مەلا یۆسف دۆیسەیی بخوێنرێتەوە. هەر بۆیەش من

باسەکەم یەکلایی نەکردووە و بە هیوای زانیاریی زیاتری دواڕۆژ، باسەکەم ئاواڵە هێشتۆتەوە.

### ٣٩. شیخ یەعقووب جان

مینۆرسکی و مەکەنزی و مامۆستا سەجادی لە شێوەی "یەعقووب خان "دا نووسیویانە، بەڵام هیچ زانیارییەکیان لەسەر ژیان و شوینەواری نەداوە

بەدەستەوە. کاك محەمەد عەلی سولّتانی سەبارەت بەو زاتە، دەنووسێ: "شیخ یەعقووب جان، شیخ یەعقووب خان، مەلا یەعقووب خان، سەید یەعقووب، هەموویان هەمان سەید یەعقووبی ماهیدە شتین... کە بە پیچەوانەی ڕواڵەتی شیعرەکانی، کەسیکی لە خواترس و جیی بڕوای خەڵك بووە. لە زانستی عەرەبی و مۆسیقادا شارەزا بووە و ئەحمەد بەگی کۆماسی، فەردێك لە شیعرەکانی شیخ یەعقووبی لە تێهەڵکێشێکی شیعری خۆیدا هێناوەتەوە:

دەی ڕەحمەت وە قەبر گشت سینە سافان

مەخسووسەن یەعقووب، مەلاکەی جافان

چەرخ چەپ، چەنیم ڕاس بەستەن کەڵەك

مەر من سەنگم دان وەمینای فەلەك؟ (سلطانی، نامەیەك بۆ نووسەر، ١٩٩٣). بەیتی یەکەمی ئەو شیعرە لە دیوانی مەولەوی تاوەگوێزیشدا هاتووە.

هەروەها کاك محەمەد عەلی دەنووسێ: "من کۆمەڵێك لە شیعرەکانیم بە ژیننامە و باسیکی دووررودریژ لەمەڕ شوینەوارەکانیەوە چاپ کردووە و شێوە و کەلامی سەید یاقووب لەگەڵ شیوەی قسەی مەلا یاقووبی قاضی- باپیرە گەورەی مەوالیی کوردستان و هاوچەرخی خان ئەحمەد خانی ئەردەلآن، کە ڕووداوی شێت بوونی خان ئەحمەد خانی بە شیعری فارسی هۆندووەتەوە، تەواو جیاوازە". (سلطانی، هەمان).

ئەو مەلا یەعقووبی قازی یەی کاك محەمەد عەلی باسی لێوە دەکات، کوڕی مەلا عەبدول لەتیف و قازی حەسەن ئاوای سنە بووە کە بە گوێرەی تاریخ مەردۆخ لە سەدەی یازدەهەمی کۆچیدا، مردووە (ب٢، ل٢٦).

مەسەلەی یەعقووب جان بۆ کەسیك کە خۆی بە کەشکۆڵەکەوە خەریك کردبێت، هەمیشە جێی پرسیارە، بە تایبەت کە سەرچاوەیەکی بڕواپیکراو لەمەڕ کەسایەتیی شاعیر بەدەستەوە نییە و بۆ نموونە مامۆستا صدیق بۆرەکەیی لە لیستەی کۆتاییی بەرگی یەکەمی 'میژووی ویژەی کوردی'دا، ناوی "شیخ یەعقووب خان "ی لە لاپەڕە ٥٥٩دا هیناوە و لاپەڕەیەك دواتر، باسی میرزا یاقووی مایدەشتی کردووە، واتە ئەو دوو زاتەی لەیەك جیا کردوونەتەوە و منیش لەگەڵ بۆچوونەکەیدام.

تاقە شیعریکی ٤ فەردیی ئەو شاعیرە لە کەشکۆڵی شیخ عەبدولموئمیندا تۆمار کراوە:

چراخ! شکاوان

فدای دووریت بام، دەروون شکاوان .F ٤٠ a

بەڵام غەزەڵیکی ٨ فەردی دیکە بە شوین ئەو شیعرەدا هاتووە کە بە نیشانەی 'ولە' دیاری کراوە و هیچ ڕوون نییە ئایا هی ئەوە یا هی مەحزوونی (بێسارانی)؟

چراخ لوامەن

بە هیمەت یار عەزم لوامەن (هەمان لاپەڕە، بەشی حاشیە).

" سۆران سنەیی" لە باسی ڕشتەی بنەماڵەی مەولەوی ئاوەگوێزیدا دەنووسێ: "مەلا سەعیدی تاوەگوێزی (باوکی مەولەوی)، نەوەی یۆسف جان، کوڕی مەلا ئەبوبەکری مصنف چۆڕی، کوڕی سەیید هیدایەت، کوڕی مەلا یەعقووب جان، لە ڕشتەی سەیدەکانی پیرخدری لە نەتەوەی سەیید محەمەد زاهیدی مەشهور بە پیرخدری شاهۆ- سەرئاڵقەی سەیدەکانی چۆڕ لە ساداتی حوسەینی یە." (ڕیسالەی عیشق...، ل٢٤). ئایا ئەو یەعقووب جانەی کاك سۆران باسی دەکات، هەمان یەعقووب جانی کەشکۆڵەکەی عەبدولموئمینە؟ نازانم.

بەراوردی شعیرەکەیم لەگەڵ دیوانی سەید یاقۆی ماهیدەشتی کرد، بەڵام نەمدۆزییەوە.

مامۆستا محەمەد عەلی قەرەداغی لە وتاری "گزینگ "دا دەنووسیت: لەناو ئەو پەڕە پەڕە و پارچە پارچە شیعرانە دا کۆم کردوونەتەوە، پەڕەیەکی کۆنم دەست کەوتووە کە پارچە شیعری "میرزا یەعقووب جان "ی تیدایە...

"بە ئەمری خالیقی ئەکبەر میثقاڵکێش بان کۆهان یەکسەر... " قەرەداغی لە پەراویزی وتارەکەدا دەنووسیت: ناوەکە لە دەستخەتەکەدا زیاتر لە "یەعقووب جاف " دەچیت تا یەعقووب جان.

مامۆستا محەمەد عەلی سوڵتانی لە وتارەکەی گۆڤاری "ئاوینە "دا دەنووسیت:

"من لە نامەیەکدا جیاوازبوونی کەسایەتیی سەید یەعقووب مایدەشتی و مەلا یەعقووب جانم بە کاربەدەستان و هەروەها بە ساغکەرەوەی بەڕێزی کەشکۆڵەکە

ڕاگەیاند، بەڵام نازانم بۆچی سەرنجیان نەدایە. کاتی نووسرانی کەشکۆڵەکەش واتە ١١٩٦ و ١١٩٨ی مانگییە و بەم پێیە تیکەڵکرانی باسی سەید یەعقووب مایدەشتی کە واهەیە نزیکەی ٣٠ تا ٤٠ ساڵ دوای ئەو تاریخە هاتبێتە جیهان، مەسەلەیەکی زیادییە". بەکورتی: دوا بۆچوونی مامۆستا سوڵتانی ئەوەیە کە مەلا یەعقووب جان لە سەید یەعقووب مایدەشتی جیاوازە و منیش لەگەڵ ئەو بۆچوونەدام.

سەرچاوەی زیاتر لە مەڕ میرزا یەعقووب جان:

محەمەد عەلی قەرەداغی، وتاری "میرزا یەعقووب "، ژمارە ١٠٨٨ی ژین؛ شیعریکی میرزا یەعقووب، لاپەڕە ٢٧٨ی کەشکۆڵی کەلەپووری ئەدەبی کوردی.

بۆ باسی ژیان و هەندی جار بۆ ساغکردنەوەی شیعری ئەو شاعیرانە، کەڵك لە چەند سەرچاوەی سەرەکی وەرگیراوە:

١) Major E.B. Soane, “A Short Antholoy of Guran Portry, Journal of the Royal Asiatic Society, January ١٩٢١, pp ٥٧ -١.

بۆ تەرجەمەی کوردیی وتارەکە، بڕوانە پاشکۆی یەکەم.

٢) Minorsky, “The Guran”, B S.O. A.S., vol XI, V. ١٩٤٣ pp, ٨٧ -١٠٣

تەرجەمەی کوردیی بەشیك لەم وتارە، کە پەیوەندیی بە کەشکۆڵەکەوە هەیە کراوەتە پاشکۆی دووهەمی ئەم کتێبە.

٣) D.N. Mackenzie, “Some Gorani Lyric Versrs”, B S. O.A.S., Vol XXVIII, pts, ١-٢, ١٩٦٥, pp. ٢٥٣ -٢٨٣.

بۆ تەرجەمەی کوردیی وتارەکە، بڕوانە پاشکۆی سێهەمی ئەم کتێبە.

٤ )علاالدین سجادی، "مێژووی ئەدەبی کوردی "، بەغدا، چاپخانەی مەعاریف، ساڵی ١٩٥٣ (بەشی پاخچەی شاعیران.)

٥ )صدیق بۆرەکەیی (صفی زادە): "مێژووی وێژەی کوردی"، انتشارات ناجی، بانە، کردستان، بەرگی١ و ٢، ١٣٧٠ =١٩٩١.

- تەلآی دەستەوشار، یا مێژووی بوێژانی هەوشار، چاپخانەی حیدی، تهران، ١٣٦٩ =١٩٩٠.

٦) مەلا عەبدولکەریمی مدرس، "بنەماڵەی زانیاران "، چ١، بەغدا، ١٩٨٤.

---- دانشمندان کرد در خدمت علم و دین، ترجمە احمد حواری نسب، انتشارات اطلاعات، تهران،١٣٦٩ =١٩٩٠ ، (فارسی).

---- ، دیوانی مەولەوی، بەغدا، النجاح، ١٣٨٠ه-١٩٦١م.

٧) شیخ محەمەد مەردۆخ کوردستانی، "تاریخ کرد و کردستان " (وتوابع)، چاپ سوم (؟)، ج ١و٢، تهران (؟)، ١٣٥١ ١٩٧٢ (؟)

٨ (مەلا مستەفای بێسارانی، "دیوانی بێسارانی"، کۆکردنەوەی کیومرث نیك ڕفتار، ب١، ئەمینداریتی گشتی ڕۆشنبیری و لاوان، ١٩٨٢. من، لە نووسینەوەی شیعرەکاندا، ئەم نوسخەیەم "ن " ناساندووە.

٩) دیوانی بێسارانی، نوسخەی مامۆستای سەید طاهر هاشمی کرماشانی، کاك محەمەد علی سلطانی کرماشانی نوسخەی لە بەر هەڵگرتووە و هەر ئاماژەیەکی من بە نوسخەی دەستنووسی دیوانی بێسارانی یا نوسخەی "س"، ئەم دەستنووسە دەگرێتەوە.

١٠) بابا مەردۆخ ڕۆحانی، "تاریخ مشاهیر کرد "، ج١و ٢و ٣، انتشارات سروش، تهران (به کوشش ماجد ڕوحانی) ١٣٦٤، ١٣٦٦، ١٣٧١ = سالانی ١٩٨٥، ١٩٨٧و ١٩٩٢ز.

١١) Kamal Fuad, “Kurdische Handschriften”, Franz Steiner, Wirsbaden, ١٩٧٠.

١٢) محەمەد عەلی قەرەداغی: "کەشکۆڵی کەلەپووری ئەدەبی کوردی "، ب١، و٢ و٣، بەغدا،٦- ١٩٨٢.

١٣) محمد علی سلطانی کرماشانی، "حدیقه سلطانی "، ( بە سەرەتای سید محەمەد طاهر هاشمی یەوە)، ج ١و ٢، تهران (؟)، ١٣٦٤، ١٣٦٩ = ١٩٨٤.

---- "دیوان سید یەعقوب ماهیدەشتی "، به خط فریبا مقصودی، ناشر محەمەد علی سلطانی، تهران (؟)، ١٣٦٣ =١٩٨٤.

---- "مناجاتهای جاویدان ادب کردی "، چاپ زیبان تهران (؟)، ١٣٦٢ ١٩٨٣

---- "کنز العرفان "، (دیوان حضرت میرمحەمەد صالح الحسنی النعمة اللهی الماهیدشتی، جهان نما، تهران، ١٣٦٨ ١٩٨٩.

- نامە بۆ نووسەر (١٩٩٢ و ١٩٩٣)

١٤) میرزا الماس خان کەندولەای، "حکایت شیرین و فرهاد "، تصحیح امین گجری "شاهو"، انتشارات سینا، قم (ایران)، ١٣٧٣ = ١٩٩٤.

١٥) خانای قوبادی، "خوسرەو شیرین"، محەمەدی مەلا کەریم ئامادەی کردووە، کۆڕی زانیاری، ١٣٤٨ (؟) =١٩٩٦ ، (چاپی دووبارەی "انتشارات صلاح ایوبی "، ورمی).

١٧) گیوی موکریانی، "کەشکۆڵی گیو"، بەرگی یەکەم پیتی آ، پیداچوونەوە و ئامادە کردنی د. کوردستان گیو موکریانی

١٨) سۆران سنەیی، "رسالەی عشق لە مەولەوی ناسیدا"، انتشارات صلاح الدین ایوبی، ورمێ، ١٣٧٠ ١٩٩١.

١٩) سید محەمەد فاتح سید زادە هاشمی، "سەهفت بند "، امیر کبیر، تهران، ١٣٦٥ ١٩٨٦.

٢٠) عبدالقادر بن ڕستم بابائی، تاریخ و جغرافیای کردستان- موسوم بە سیر الاکراد، بە اهتمام محەمەد رئوف توکلی، تهران (؟)، ١٣٦٦ (١٩٨٧).

٢١) علی اکبر وقایع نگار کردستانی، حدیقە ناصریە در جغرافیا و تاریخ کردستان، بە تصحیح محەمەد ڕِئوف توکلی، تهران (؟)، ١٣٦٦ (١٩٨٧).

٢٢ (میرزا شکر الله سنندجی (فخر الکتاب)، تحفە ناصری در تاریخ و جغرافیای کردستان، مقابلە و تصحیح دکتر حشمت الله طبیبی، امیر کبیر، تهران، ١٣٦٤ (١٩٨٧).

٢٣) محەمەد بها الدین مەلا صاحب، دیوانی پیر شالیاری زەردەشتی، بەغدا، ١٩٦٨.

٢٤) عەبدولکەریم مدرس، "دانشمندان کرد در خدمت علم ودین " ترجمە احمد حواری نسب، انتشارات اطلاعات، تهران ١٣٦٩ ١٩٩٠.

**بەشەکانی دیکەی کتێبەکە دواتر ڕادەگەیەنرێن**